# پێشەنگ ژمارە: 14

بەهاری 1386ی هەتاوی

خاوەن ئیمتیاز: ئەحمەد ساڵحی

سەرنووسەر: سەعید ئەمانی

دەستەی بەرێوەبەر:

بێستون

ناسر حەقپەرەست

شورش محەمەدی

کەریم ئەمانی

رووبەرگ و مونتاژ: هیوا عەبدی

ئیمەیل: (peshang2@msn.com)

تەلەفون:

07701934573


07701567854

نرخ: 1500 دینار / 1000 تمەن

بۆ ئاگاداری خوێنەران:

- کەڵك وەرگرتن لە بابەتەکانی پێشەنگ بە ئامازە کردن بە سەرچاوە ئازادە.
- ناوەرۆکی بابەتەکان تەنها نوسەرەکانی لێی بەرپرسیارن.

| ناوی بابەت: | نووسەر یان وەرگێڕ: | لاپەڕە: |
|---|---|---|
| **وتار:** | | |
| نووسین و وەدەنگهاتن بە چ مەبەستێک؟ | ن: سەعید ئەمانی | 5 |
| هێرمینۆتیک وەک چەمکێکی کۆمۆنیکەیشن | ن: فەرزین | 8 |
| سیاسەتی کۆمەڵگا و سیاسەتی ئەدەبیات | ن: ک. زلینسکی و: کەریم ئەمانی | 14 |
| "بیرەوەریەکانی ماکسیم گورکی لە چخۆف" | و- ئا: پێشەنگ | 24 |
| ئەدەبیات و ئارمانگەرایی کۆمەڵایەتی | ن: ئازەر سوڵتانی و: مەجید مارابی | 28 |
| ڕەگەزی شێوەکاری لە شاری مۆسیقارە سپیەکان | ن: شاخەوان صدیق | 31 |
| بۆچی موسوڵمان نیم، بۆ ئاتەئیست و هۆمانیستم | ن: تەسلیمە نەسرین و: ویبلاگی: سوسیالیسم | 35 |
| ئەدەبیاتی تاراوگەی ڕۆژئاوا_خۆکوژیەکی ... | ن: سارا ئەرمەنی و: شەماڵ | 37 |
| کوشتنی نامووسی، مەبەستێک بۆ ... | ن: شەهین موحەمەدی و: پێشەنگ | 40 |
| ئۆلۆمپیۆ یا ژیانی ویکتۆر هۆگۆ | و: هێمن ئەمانی | 45 |
| **وتووێژ:** | | |
| وتووێژی گۆڤاری "تریبون زن" لە گەڵ لەیلا دانش | و: سمکۆ نووری | 46 |
| وتووێژ لەگەڵ هادی محەمەدی | ئا: شەماڵ | 54 |
| **چیرۆك:** | | |
| ناسە | ن: حسێن شێربەگی | 60 |
| بەردەوام دایک | ن: عەلی ئەشرەف دەروێشیان و: س. م | 61 |
| حەدیقە کرێکاری ڕستنی گۆنی | ن: پەروانە قاسمی و: محەمەد حەمامیان | 65 |
| **شێعر:** | | |
| بەرد....و....دوعا | ن: قوبادی جەلی زادە | 67 |
| 12ی بوومەلەرزە! | ن: شێرکۆ بێکەس | 68 |
| سەمفۆنیای سەما | ن: حسین شێربەگی | 72 |
| ژین | ن: نیشتمان ئەسەدی | 74 |
| کە خۆشەویستی فێری فرین دەبێت | ن: هەژیر نینا | 75 |
| وەرزی گەڕان | ن: ناسر حەقپەرەست | 76 |
| نامەی هاوڕێ | ن: مەحمود باوەڕێز | 80 |
| لە زمان وێنەکانەوە | | 80 |



**بابەت و بەرهەم، سەرنج و پێشنیارەکانی خۆتانمان بۆ بنێرن.**

**"پێشەنگ"**

سەروتار

# بەهاریە

بیستون

یەکەم رۆژەکانی خاکەلێوە، یەکەم رۆژەکانی ساڵی نوێ، یەکەم رۆژەکانی وەرزی بەهار، وەرزی سەر لە نوێ بووژانەوەی سروشت، وەرزی دەستپێکی چرۆو گوڵ و سەوزەلانیمان تێپەر کرد. وەرزی سەرەتایەکی دووبارە و هەولێکیتری ژیان.

سالانێکی دور و درێژ بە قەدرایی تەمەنی رژیمی ئیسلامی، هەموو سالێك لە شەوی نەورۆزدا ئاواتمان بوو کە ئەم بەهارە، بەهاری ئازادیمان بێ و بەهاری ئازادیمان ئاوێتەی بەهاری سروشت بووین، مەخابن ئازادی هەروا دیلی دەستی دوژمنە. ئەگەر ئەمسالیش نەمانتوانی جەژنی ئازادی خۆمان ئاوێتەی جەژنی سروشت بکەین، بەلام بەشداری چەژنی سروشت بکەین و لە بەهاری ئالاوواڵا، دەستپێکێکیتر و هەولێکی دووبارە بۆ پێکهینانی ژیانێکی نوێ ئیلهام وەردەگرین و بەرە و دروستکردنی بەهاری خۆمان، بەهاری ئازادی، رێگە دەبڕین.

حەزیا و خۆزیایەکی چرۆ کردوو، بەرەو پشکوتن دەروات وبۆنی عەتروعەبیرەکەی کەش و هەوای تەنگ وتاریکی هیوا کوژان و شادی نێژان و دوژمنانی خۆشبەختی خەلك دادەگرێ، ئەوان نامۆ بە جەژن و خۆشیمانن و دژی بەشداری کردن لە جەژنی سروشت دان بە مەبەستی دەربڕینی شادی و بەزم و رەزمی بەهاری و دەست پێکرانەوەی ژیانی سروشت کە نەکا سەرلە نوێ لە پەنا راماڵینی هەوری چڵکنی دیکتاتوری و خەفەقان و سەر لەنوێ لە کەنار توانەوەی بەفرو بەستەڵەکی ستەم و زەبروزەنگ فێری بونیاد نانەوەی بین و کەڵکی لێ وەر بگرین.

دەبینە هاورێی جەژنی سروشت هەتا چرۆکانی هیوا بە داهاتوو، ئومید بە ئاوەدا نکردنەوە، هیوا بە رزگاری و هەمیشە بەهاری ئازادی بە جەژن وشادمانی ئاوپرژێن بکەین بۆ ئەوەی هەوڵەکانمان بەرهەم بێت و بە ئاکام بگات.

هەرچەند بەشداریمان بە جەژنی سروشت و ئاوێتە کردنی شادی و پێکەنینمان لەگەڵ نەغمەی بولبول و قاقای کوێستانە پڕ لە نێرگز وگولالە سوورە وشەشپەڕ، بە مانەوەی کۆماری ئیسلامی گەلێك گیروگرفت و کەند وکۆسپ کە بەسەر ژیانی زۆربەی کۆمەڵگادا قورسایی دەکات، کە هیوایەك بۆ خوشی وشادی نەهێلێتەوە، بەلام دەکرێ سەرجەمی ئەوانە ئاراستتەی ئەم راستیە بکرێ کە دەسەلاتدارانی ئەمرۆی کۆمەڵگا، راست هەر بەم ئامانجە واتە سرینەوەی شادی و خۆشی لە ژیانی ئینسانەکان و کپ کردنی شوێنەواری بزەی سەرلێوی منالانمان ئامانجیانە بۆ ئەوەی بەهارمان وەرزی خەزان بێ.

پرسە وتارمایی دەکەنە میوانی مالەکان، هەتا ئەم ژیانە تەنگ و تاریکە بکەنە هەوینی مانەوەی دەسەلاتی خۆیان بۆ ئەوەی زۆربەی زۆری کۆمەڵگا هیوای بە دووبارە ژیانەوە نەبێ و هەولێش بۆ گۆرانکاری نەدات.

سەرباری هەموو قورساییەکانی ژیان و رەنج و مەینەتیەکان کە بەربینگیان پێمان گرتوە، دەبێ دەستەملانی بەهارین و هیوا بە نوێ بوونەوە و نوێ کردنەوە لە دلی خۆمان و خەلکان دا زیندوو بکەینەوە.

بە خۆشیەوە سالێك کە لەرێ دایە بە پالپشتی هەوڵەکانی سالانی رابردوو، عەزم و ورەی هیوا بەخشی بەسەر لە نوێ بونیاد نانەوە داوە. خەباتی جەماوەری و نارەزایەتیەکان پەرەی گرتوە و بێزاری وتووڕەیی گشتی بەرینتر بوتەوە. خەبات و نارەزایەتی کرێکاران وەك تەوەرەی سەرجەم خەباتە کۆمەلایەتیەکانی تر وێرای بەرینتر کردنەوەی خەبات و نارەزایەتیەکان، بە مەبەستی خۆرێك خستن و رێکخراو بوون هەنگاوی وزە بەخشی هەڵگرتوە.

کە لە پیناو کۆتایی هێنان بە پرژ و بلاوی خەباتگێرانە مزگێنی هیوابەخش دەدات.

بە ئاواتی سەرکەوتن. بە ئاواتی هەولی بێوچان بۆ سەرلە نوێ ژیان و نە ئاواتی وەدی هاتنی بەهاری ئازادی.

***

وتار

# نووسین و وەدەنگهاتن بە چ مەبەستێك؟

سەعید ئەمانی

ئەو توندوتیژیانەی لەسەردەمی ئێمەدا ڕوو ئەدەن وەك ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگر تەندراونەتە ڕایەڵ و پۆکانی ژیانی ڕۆژانەمان. ئەو توند و تیژیانەی کە خۆی لە هەیبەتی شەڕە نێو خۆیی، قەومی و تایفی، بنەماڵەیی و دەسەلاتی پیاو مەزنی‌دا دەردەخات. توندوتیژییەك کە( بەوتەی بورخێس) چەمکە شەڕافەتمەندانە و ئەخلاقیەکانی بەتەواوی لە خۆی تەکاندوە – توندوتیژیەکی سازمان دراو و مافیایی – توندوتیژی گەلێکی سیاسی کەبە شێوەی ئەشکەنجە و ئازاردانێکی جۆرا و جۆری نەیارانی دەسەلاتداران لە گشت گۆشە و قوژبنەکانی دنیادا بەو پەڕی خۆی گەیشتووە.

توندوتیژی، باوترین و ناپەسەند ترین پیناسەی مرۆڤە کە بە هیچ شێوەیەك لە شەئنی ئینساندا نیە. بەلام، بەداخەوە، لە هیچ دەورە و سەردەمێکدا نەیتوانیوە خۆی لەم ئاکارە بێ بەری بکات. پێشینەی مێژوویی ئەم دیاردەیە، زەرەیەکی لە ڕەنج و ئازارەکانی بەشەر کەم نەکردۆتەوە، ئەو ڕەنج و ئازارانەی بە درێژایی مێژووی کۆمەڵگابەشەریەکان پانتاییەکی بەرچاوی ژیانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی داگیر کردوە.

بە پێی ئەو توێژینەوانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا، سەبارەت بە لایەنە جۆراوجۆرەکان و شێوەکانی توندوتیژی کراون، ئەو بوارەی ڕەخساندووە تا کۆمەلگای بەشەری، تا ڕادەیەکی باش هۆکاری توندوتیژیەکان بناسن. جێی داخە کە لە نێو ئەم هۆکارانە دا، لە نێو ئەم قەست و ئەنگیزانەدا، هۆکار گەلێکی بەدەست هێنان و دەستەبەر کردن و تەنانەت جاری وایە جوانترین دیاردەگەلی بەشەری وەك هونەریش، لە نێوانیاندا خۆ دەنوێنێ.

لەمرۆدا گەیشتووینەتە ئاستێك کە بە شێوەی جۆراوجۆر موبەلغ و پەرەپێدەری توندوتیژیەکان لە کۆمەڵگادا ناوەندەگەورە و غولپەیکەرەکانی فیلم سازی و بەرهەمهێنەرە هونەریەکانن.

لە سەدەی بیست و بیست و یەکدا کە پەرەگرتنی توندوتیژی یەکێك لە سیفاتەکانیەتی، هونەر و یەکێك لەوانە سینەما، خۆیان دەبنە یەکێك لە ئامرازەکانی هاندەری توندوتیژی.

پەرەپێدانی توندوتیژی ڕوون و ئاشکرا دیارە لایەنی مەبەستداری بە خۆیەوە گرتووە و گشت بازارەکانی ولاتانی دنیای سێهەم پڕن لەو فیلمانەی پروپاگەندە بۆ سیلاحە جۆراوجۆرەکان دەکەن. لەو فیلمانەدا بە ترازاندنی دوگمەیەك شارێك وێران دەکرێ. پالەوانی فیلمەکە، کە زۆر جار دەبێ ئامریکایی بێ، بە پالپشتی ئەنواعی چەکی لەیزێری، دەبێتە هەمەفەن حەریف و هیچ هێزێك جلۆداری نیە. بە سل کردنەوە و بەو پەڕی لێهاتوویەوە تەواوی کۆسپەکانی سەر ڕێگای تەخت دەکا و گشت ئەو ئینسانانەی بە ڕووی دا دێنەوە قەتل و عام دەکات. بێ ئەوەی ئێمە بمانەوێ یان پێویست بێت لەسەری بڕۆین، ئەم جۆرە فیلمانە مەبەستی دژە مرۆڤانەی سیاسی‌یان لە پشتەوەیە و دەیانەوێ لە ڕێگای بلاو کردنەوەی ئەم فیلمانەوە هێزی خۆیان بنوێنن، بێ هێزی بەرانبەرەکانیان نیشان بدەن و سەرئەنجام بواری بەرپاکردنی ئەو شەڕانە خۆش بکەن کە لە نەخشەیاندا هەیە لە داهاتوودا، بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانیان، هەڵیان ئایسێنن.

دیاره نیزامی سەرمایەداری بەگشتی و ئیمپریالیزمی ئامریکا بەتایبەتی لەبەرهەم هێنانی ئەم جۆره فیلم و بەرهەمە سینماییانە دا پشکی شێریان بەردەکەوێ و تا دڵ بیەوێ لەم بارەیەوه نموونە زۆرن. باسی ئەو دیمەنانەش ناکەین کە ڕۆژانە لەمەڕ هەڵس و کەوتی هێزە ئامریکاییەکان لەگەڵ بەندکراوەکانی ئەبوغریب و خەڵکی وڵاتانی داگیرکراوی وەك عێراق و ئەفغانستان، کە نەك لە قاڵبی فیلمدا، بەڵکوو بە کردەوه بەڕێوه دەچن. گەلێك لە توێژەران بە کردەوه سەلماندویانە کە ئەم فیلمە پڕ لە توندوتیژیانە کاردانەوەی قوڵیان لەسەر بینەری کەم تەمەنی خۆیان بەجێ هێشتووه.



بن، شێوەکاری بەناو بانگ کەبە شێوەکاری ئەوین و دۆستی و ئاشتی ناسراوه، لە وتو وێژێکدا، چەند ساڵ لەمەوبەر ئاشکرای کرد کاتێ کاردانەوەی فیلمە سینەماییەکانی بەسەر نەوەکەیەوه، کە کوڕێکی 13 ساڵانە بوو، بینیوە بە توندی کەتۆتە مەترسیەوه. ئەو لەبەر ئەوەی کە خۆی شاهیدی گەلێك ئەشکەنجە و توندوتیژی هەمە جۆرەی سیاسی بوه، سەبارەت بە توندوتیژی بە شێوەیەك هەستیار بۆتەوه کە تەواوی ژیانی تەرخانی بەگژداچوونەوەی ئەم دیاردەیە و پڕوپاگەندە بۆ عیشق و دۆستی و ئاشتی کرد. ژیانی بن، شایەدی توندترین توندوتیژیە بە کۆمەڵەکان بوو.

چەند ساڵ لەوه پێش بڵاو بوونەوەی توێژینەوەیەك سەبارەت بە کاردانەوەی سینەما و تلویزیۆن لەمەڕ پەرەپێدانی توندوتیژی لە فەڕانسە، هەڵڵایەکی گەورەی نایەوه. لە پێشەکی ئەم توێژینەوەیەدا، بە دەیان نموونە و میسال هاتووه کە یەکێکیان بەم شێوەیە: نووسەر کە خۆی پێشتر وەزیری دادی فەڕانسە بووه و کارشناسی تاوان ناسیە دەڵێ لە ساڵی 1969 دا چەند فیلمێکی سینەمایی سەبارەت بە چالاکیە پڕ لە بێزاری و توندوتیژییەکانی لژیونی دەرەوەی فەڕەنسە لە ئەلجەزیرا دروست کران و بڵاو بوونەوه و یەکێك لەوانە فیلمێك بوو کە ئەلجەزایریەکان سەبارەت بە جەمیلە بۆ پاشا دروستیان کردبوو. لە بەرگێکی فیلمەکەدا لژیونرە مەستەکان نیشان ئەدات کەوا خەریکن بە بتری دەستدرێژی دەکەنە سەر کچانی تێکۆشەری ئەلجەزایری، و دواتر مارێك، لە بڕگەیەکی دڵ تەزێن دا، ئەرکی بتریەکە دەگرێتە ئەستۆ.

نووسەر لە درێژەی توێژینەوەکەی دا شوێن پێی 14 کەس لە خوازیارانی ئەو سەردەمی نێو ریزەکانی ئەرتەشی فەرانسەی لە زیندانەکانی ئەو وڵاتەدا دۆزیوەتەوه. لە بەشێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووه کە لە نێو ئەو خیلاف کارە لاوانەی کەوتونەتە زیندانەوه لە فەرانسە، 62 لە سەدیان بە تەواوی ئەو 5 فیلمە پڕلە توندوتیژیەیان دیبوو کە نووسەر کردبوونیە سەرچاوەی توێژینەوەکەی.

لە وڵاتانی دنیای سێهەمیش دا، هەر چەند بە هۆی فەقری مادی و هێزی سەرکووتگەری دەسەڵاتەکانەوه، توێژینەوەیەکی ورد و بنەڕەتی و دەقیق، سەبارەت بە توندوتیژی، ئەنجام نەدراوه، بەڵام هۆکارە سەرەکیەکانی پێکهێنەری توندوتیژکردنەوەی توندوتیژیەکان زۆریش ناشناختە نین، و بگرە ناسراویشن. لە نێو هۆکارەکاندا فەقر سەدر نشینە و بە دوای ئەویش دا ژینگەیەکی کە زیاتر لە نیو سەدەیە گۆڕەپانی خوێناوی ترین و وەحشیانەترین شەڕ و تێك هەڵچوونە نێو خۆیی و دەرەکیەکانی رووبەم بەشە لە دنیایە. خەباتی سیاسی و ئابووریەکان، هەوڵ بۆ پاراستنی کەرامەتی ئینسانی لە لایەن گەلانی بندەستەوه و خەباتی چین و توێژە چەوساوەکانی کۆمەڵگای دنیای سێهەم و سەرکوتی بێڕەحمانەی

وتار

دەسەڵات داران، بەردەوام ژینگەیەکی ئاوێتە بە توندوتیژیدۆستی خوڵقاندووە و توندووتیژی نواندنی، لە لایەن هەر کەسەوە بوو بێت، بە شتێکی ئاسایی خستۆتە بەر چاو. توندوتیژی نواندنی دەسەڵات رووبە دانیشتوانی وڵات، دەرەبەگ رووبە ڕەعیەت، سەرۆك خێڵ رووبە ئەندامانی خێڵ و عەشیرەت و سەرەنجام باوك رووبە بنەماڵە و لە پێش گشتیانەوە رووبە ژنانی نێو بنەماڵە و خێڵەکان. لێرەوە دەکرێ ئاورێك لە کوشتنی دوعا، کچە ئیزەدیەکەش بدەینەوە و لاشمان سەیر نەبێت کە کاتی بەرد و بلۆك باران کردنی، بە بەر چاوی ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی، بەرواڵەت، سەر بە بەرەی نوێ و لاوەوە، نابینین کەسێك داچڵەکێت و بیەوەێ بە شێوەیەك بەر بە کوشتنی بگرێ. و یان، بە ڕواڵەتیش بێت، داکۆکی لێبکات.

بەرەیەکی کە، لەم ژینگەیەی وا لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، پەروەردە بووە، ئەگەر نەچێتە پاڵ تاوانەکە، بە هاسانی ناتوانێ بە پێچەوانەی بجولێتەوە. چون پێچەوانەکردنەوەی هەڵوێستەکان کارێکی پڕ بە پڕ و هەمەلایەنەی دەوێ و بەسیج کردنی تەواوی ئیمکاناتی مەوجود لە کۆمەڵگا دا. واتە ئەبێ کەش و هەوایەکی تەواو بە پێچەوانەی کەش و هەوای ئەو ژینگەی لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا بخولقێ تا چاوەڕوانی کاردانەوەی پێچەوانەش بین.

زۆر کەس وا دەنوێنن کە کوشتنی دوعا ئازاری داون. دەستیان داوەتە قەڵەم و بە چەشنێك کەف و کوڵی پڕ لە ئیحساساتی خۆیان هەڵڕشتووە. بەشێکیان بە درووست هەڵوێستیان گرتووە و لەسەر ڕیشە و هۆکارەکانی ئەم شێوە توندوتیژییەی دژ بە ژنان بەرێوەدەچێت بابەتی جۆراو جۆریان نووسیوە. تاقمێکیش لەوانەی ناتوانن هەڵوێستێکی بە پێچەوانە کوشتنی دوعایەك بە مێشکیاندا ختور بدەن تەنیا شێوەی کوشتنەکەیان ئیدانە کرد. بەڵام ژمارەیەکی کەم لەو کەسانەی کە زۆر لە مێژە تەکلیفی خۆیان لەگەڵ ئەم وەحشیگەریە یەك لا کردۆتەوە، یان هیچیان نەوت، یان زۆر ئاسای هاتنە ئاخاوتن. ئەم بەشەی ئاخری دەزانن گشت ئەو 35* هەزار کچ و ژنانەی لە



ماوەی 15 ساڵی ڕابردوودا کوژراون، یان وادار بە خۆکوژی کراون، کێ دەزانێ کەمتر لە دوعا ئازار و ئەشکەنجە درابێتن. لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە و ئەویش ئەوەیە ئەو نووسەر و شاعیرانەی سەبارەت بە کوشتنی دوعا سایت و ڕۆژنامەکانیان پڕ کرد لە نووسین، لە کاتی کوژرانی ئەو ژنانەدا لە کوێ لە گوێی گا دا نووستبوون؟! دیارە هەڵوێستی یەك یەکی ئەو کەسانە جێی ستایشە. بەڵام، وەڵامی پرسیارەکە دەری دەخات هەموو ئەو کەسانە ناتوانن خەباتکارێکی ئاگاه و تاسەر داکۆکی کەری مافەکانی ئینسان بە گشتی و ژنان بەتایبەتی بن. قەبارەی ئەو ئیمزایانەی لە ژێر نووسراوەکانی ئیدانەکردنی کوشتنی دوعا دا خۆی دەرخست نیشانیدا کە کۆمەڵگای ئێمە ئەو زەرفیەت و پتانسیلەی هەیە بچێتە ئاستێکی تر لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیەوە ودەست بداتە ئاڵوگۆڕێك لەڕاستای کەمکردنەوەی ئێش و ئازارەکانی سەر ژنان. بەو هیوایەی، بە پێچەوانەی بۆچوونی من، گشت ئەو ئازیزانە سەربازێکی تاسەری ئەو خەباتە بن.

* ژێدەرەکان: چەند سەرچاوەیەکی ئینترنێتی

***

# هێرمینۆتیك وەك چەمكێكی كۆمۆنیكەیشن

نووسینی: فەرزین

نزیکی لە گەڵ کۆمۆنیکەیشندا هەیە و دەکرێ ئەم دوو چەمکە وەك بابەتێکی سەرەکی لە ماس کۆمۆنیکەیشن دا خوێندنەوەمان بۆی هەبێت.

لەم باسەدا زۆرتر کەڵك وەردەگرم لە بیروبۆچونەکانی "پۆل ریکۆر" کە فەیلەسووفێکی گەورەی بواری زانستی هێرمنیۆتیکە. هەوڵ دەدەم هەریەك لەم بابەتانە بە کورتی باسیان لێوە بکەم و پەیوەندی و لکانی هێرمنیۆتیك و کۆمۆنیکەیشن بە شێوەیەکی گونجاو لێك بدەمەوە. هیوادارم مامۆستایان و پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن هەوڵی زیاتر بدەن بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە. من تەنیا وەك دەستپێکێك و ستارتێ ئەم بابەتە دەخەمە بەر چاو.

## کۆمۆنیکەیشن

کۆمۆنیکەیشن مێژوویێکی هەرە کۆنی هەیە. دەگەرێتەوە بۆ مرۆڤە سەرەتاییەکان، ئەو مرۆڤانەی کە لە ئەشکەوتەکاندا دەژیان. هەر لەو کاتەوە کە مرۆڤ بیری لە "ئەوی دی" کردەوە و دەستی دایە ئامرازێك بۆ تێگەیشتن وەك، شکڵ، وێنە، خەت، نووسین، زمان.

تێگەیشتن لەوی دی پێویستی بە کۆمەڵێ کۆد و ڕەمز و داتا هەیە. هەر لە سەرەتاوە کەڵك وەرگرتن لەم کۆد و ڕەمزانە بوو بە کەشفی زمان. زمان گرنگترین کەرەسە بوو بۆ تێگەیشتن. پاش زمان بە شێوەی ئاخافتن، نووسین و دەق هاتە ئاراوە. نووسین و خوێندنەوە و ڕاڤەکردن(هێرمینۆتیك) پێویستی بە زانستی کۆمۆنیکەیشن هەیە.

ئەوەی ڕاستی بێت کۆمۆنیکەیشن 500 ساڵ پێش زایین هاتە نێو زانستەکانەوە. ریتۆریك( rhetoric ) وشەیەك بوو بۆ بەکاربردنی چەمکی کۆمۆنیکەیشن و بگرە هێرمنیۆتیك.

Rhetoric بە مانای وتاربێژیی هاتووە، کە بریتیە لە دەربرینی بیروڕای سادە بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەری و هەروەها توێژینەوە دەکات لە سەر بیروبۆچوونەکەکان، کە دەبێتە هۆی دروست بوونی هاوبەشی لە نێوان وتاربێژ و وەرگردا.

زمان وەك میدیایەك لە خزمەتی ریتۆریك دا بوو. ئەرەستوو 350 ساڵ پێش زایین باسی لە ریتۆریك کردووە و دەکرێ وەك مۆدێلێکی سادەی کۆمۆنیکەیشن کەڵکی لێوەربگرین.

کۆمۆنیکەیشن(communication )لە وشەی لاتینی(communis)وە هاتووە، بە مانای وتاربێژی. کۆمۆنیکەیشن بریتیە لە "کرداری پەیوەندی دروستکردن و کۆمەڵێك هاوتایی وەکو: گەیاندن، گواستنەوە، ئاگادارکردنەوە، لە رێگەی وشە و پەیام و تێکست و وێنە و...

هێنری لیند گێرن دەڵێ: کۆمۆنیکەیشن لە ڕوانگەی دەروونناسیەوە پێکهاتووە لە تەواوی ئەو باروودۆخانەی کە هەڵگری گەیاندنی مانا بن.

ئەنجومەنی نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوە لە سەر ماس کۆمۆنیکەیشن لە پێناسەی کۆمۆنیکەیشندا دەڵێ: مەبەست لە کۆمۆنیکەیشن، رۆژنامەکان، بڵاوکراوەکان، گۆڤارەکان، کتێبەکان، رادیۆ، تەلەفزیۆن، ڕیکلام، پەیوەندیە دەروونیەکان(تەلەفۆن، تەلەگراف و..)

کۆمۆنیکەیشن چۆنایەتی بەرهەمهێنانی بلاْوکردنەوەی کالاْکان و خۆمەتە جیاوازانەی کە ئامێرە ناوبراوەکانی سەرەوە لە سەر ئەستۆیانە و تۆیژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە ناوەرۆکی پەیام و دەرئەنجامی فیدباك(feedback) دەگرێتە خۆی.

ویلبێرشرام دەڵێ: کۆمۆنیکەیشن بە گشتی مەبەستمان دروستکردنی هاوسەنگی بیر(لێك تێگەیشن) لە گەڵ وەرگری پەیامە لە سەر بابەتێکی تایبەت.

## هێرمینۆتیك

هێرمینۆتیك وشەیەکی یۆنانییە(hermeneuin) بە مانای تەئویل کردن و، وەرگێران بە زبانی دایك،، روونکردنەوە تا ئاستی تێگەیشتن، ڕاڤەکردن و تەفسیر کردن دێت.

هێرمینوتیك دەگەرێتەوە بۆ کتێبی موقەدەس(ئینجیل) و شەرح و ڕاڤەکردنی لە لایەن کاتوولیکەکانەوە بۆ شەفافیەت و روونکردنەوەی ئینجیل بوو. ئەمە بنەمایەك بوو بۆ زانستی هێرمینۆتیك.


لە سەدەی نۆزدەهەمدا هێرمنیۆتیك بیچمێکی گشتی تری بە خۆوە گرت و زۆربەی فکر و هزر و چالاکیەکانی مرۆڤی بە خۆوە گرت. هێرمینۆتیك بە هۆی بەرهەمەکانی "هیدگەر"ەوە پانتاییەکی زۆری بە زانستی مرۆڤایەتی بەخشی. "فریدریش شلایرماخر" یەکەم لێکۆڵەر بوو کە لە بواری ئەم زانستەدا بە شێوەیەکی نەزەری و تیۆری کاری کرد. ماخر رای وایە: لە شتێکدا، بەش لە چوارچێوەی گشتدا مانا دەگرێ و گشتیش بە هۆی ریزکردنی ئەو بەش و وشانە کە دێرەکەی دروست کردوە مانا دەگرێت. ماخر تەرحێکی گشتی لە هێرمینۆتیك لە بواری رێزمان و ماناناسی خودی تێکست و جۆرێك لە هیرمنیۆتیك، بە ناوی هێرمینۆتیکی فەنی، کە لە چوارچێوەی زمان دەچێتە دەرێ بە تایبەتی زەینی نێرەر دەدات بە دەستەوە.

پاش شلایر ماخر، "ویلهلم فۆن هۆمبۆڵت"، وەك پێشەنگی هیرمنۆتیکی هاوچەرخ ناودەبرێت. هۆمبۆڵت دەڵێ: زبانی تاك، شێوە نیگای ئەوە بە جیهان.

"ویلهلم دیلتای" کەسێکی دیکە بوو کە زانستی مرۆڤایەتی خستە ناو هێرمنیوتیکی ڕاڤە کردنی قسەی مرۆڤایەتی. بەو واتایە کە: تێگەیشتنی مرۆڤەکان بە مانای تێگەیشتنی فەرهەنگی ئەوانە.

لە ئاخری سەدەی نۆزدەهەمدا لە ئاڵمان، هێرمینۆتیك وەك شێوازیکی فەلسەفی نە تەنیا بۆ ڕاڤە کردنی بەرهەمە کۆنەکان بەکار دەبرا، بەڵکو بۆ تەواوی زانستە مرۆڤایەتیەکان کەڵکی لێوەر گیرا.

"هانس گئورگ گادامێر" قوتابی هیدگەر، لە بەرجەستەترین نوێنەری هیرمنیۆتیکی فەلسەفیە. گادامێر لە سەر ئەو باوەرەی هیدگەر کە دەڵێ: دەقێك چۆن دەتوانێ سەرەڕای جیاوازی فەرهەنگ و مێژوو لە سەر خوێنەر و وەرگری ئەمرۆ کاریگەری دادەنێت، کۆکە.



لە جێگەیەکی تردا دەڵێ: ئێمە تەنیا بە هۆی پێش زەمینە و داوەری فەرهەنگی و مێژوویی خۆمانەوەیە کە دەتوانین لە شتێ تێبگەین نە ئەوەی کە ئەوانە لە سەر ئەستۆی خۆمان لا بەین و فرێیان دەین. هیچ بەرهەمێك مانایەکی نەهایی و موتڵەقی نیە.هەر کام بە دەیان جۆر ڕاڤە و تەئویل دەکرێن.

"پۆل ریکۆر" لە دوای هیدگەر گەورەترین کەسە کە لە زانستی هیرمینۆتیکدا کاری کردووە. لێرەدا بڕێ لە بیروبۆچوونەکانی ریکۆر دەخەمە بەر چاو:

## پۆل رێکۆر و هێرمینۆتیك

هێرمینۆتیك لەبنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییەو بەو تێگەیشتنە دەوترێ کە لەلای خوداوە هاتووە. تەئویل بەمانا دینیەکەی واتە تێگەیشتن لەو شتانەی خودا مەبەستیەتی. پسپۆڕانی دینی بۆ تێگەیشتن لەڕاستی روونی ماناکان جۆرە ڕەوتێکیان دروست کرد کەپێیان دەگوت "زانستی تەئویل" یان "زانستی ڕاڤەکردن". ئەم ڕەوتە پێوەرێك بوو بۆ دەرکی ماناو تێگەیشتن لەڕاستیو هەڵەی ماناکان.

لەسەدەکانی ئۆروپای مەسیحیدا، "تەئویلی فەرمی" لەلایەن کڵێسەی کاسۆلیکەکانەوە گوزرایەوە بۆ نێو دەقە دینیەکانی پرۆتستان. ئەم ئاڵوگۆڕکردنە هیچ زیانێکی بۆی نەبوو. بەڵکوو زۆریش پێشکەوت. پێشکەوتنی زانستی زمانەوانی لەسەدەکانی رێنیسانسدا بوو بەئەوەی کە زانستی (لغت) یان فیلولۆژی، زمانەوانانو وەرگێڕەکانی هاندا تا بتوانن دەقو رۆڵی زمان لەگواستنەوەی مانادا، وەك پێوەرێك بەکاربێنن.

بەهاتنی شلایرماخر، وتەبێژی پرۆتستانی لیبرالو وەرگێڕی بەرهەمەکانی ئەفلاتوون بەزمانی ئاڵمانی، مەسەلەی هێرمینۆتیك بنکەیەکی تازەی کردەوە. ئەمە دروشمێ بوو بۆ زانستی هێرمینۆتیك.

شلایرماخر دەڵێ"کێشەکە لەسەر دوورکەوتنەوە یان بەهەڵە حاڵی بوون لەمەسەلەی سەرەکی هێرمینۆتیکدایە". زمان لەپێگەی وتندا کەبێژەر بەوەرگری دەڵێ، دەبێ ببێ بەپێوەرێك بۆ تێگەیشتن لەوی دی. ماخر دەڵێ: "مانایەکی، دیاریکراو، هەیە کە بنێرێك ویستوویەتی لەڕێگەی زمانەوە شتێك بەوی دی ڕاگەیەنێ.

گەیشتن بەمەبەستی بێژەر یان نووسەر، پێوەرێکە بۆ مانای هێرمینۆتیك، ئەمەش جیاوازی ناخاتە بەینی دەقی دینیو دەقی دیکەدا، ئەوەی مەبەستی گریمانەی هێرمینۆتیکە، ئەوەیە کەچۆن تێبگەین لەمانا بەشێوەیەکی ئۆبژە.

دیلتای، هەڵەچنو کۆکەرەوەی نووسراوەکانی شلایرماخر، لەسەر هێرمینۆتیکو گریمانە تازەو کۆنەکان، نیشانی دا کەبۆ تێگەیشتن لەمانا، ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە کەئاکاری مرۆڤ بەشێوەیەکی دیکە ڕاڤە بکەینو ماناکانی لەناو خۆماندا، دەروونی بکەینەوە، کەواتە، مانا "مێژوو"یەکە کە لە ڕابردوودا مانای بووە، تەنیا ئەوکاتەش بۆ ئێمە مانا دەبەخشێ کەبتوانین جارێکتر لەگەڵیان بژین.

دیلتای گریمانەیەکی دیکەی دانا لەسەر ئەوەی کەئێمە چۆن دەتوانین، "مانا" و لەئاکامدا "تێگەیشتن"ی مانا بخەینە چوارچێوەی زانستە مرۆڤایەتیەکانو بیبێتە زانستێکی رۆحی و فەرهەنگی.

بەوتەی ریکۆر، "مانا" بابەتی سەرەکی هێرمینۆتیکە، بەڵام مانا بەردەوام ڕاستەوخۆ نیە، بەڵکو "ناڕاستەوخۆیە". لێرەدا روون دەبێتەوە کە مانای سەرەکی هێرمینۆتیك لای ئەو "هونەری کردنەوەی ئەو کۆدو ڕەمزانەیە کە بەهۆی مانای ناڕاستەوخۆ": دەردەکەوێت. زمان لەڕوانگەی ریکۆرەوە تەنیا کەرەسە نییە بۆ تەئویل کردن. ئێمە بەزمان لەمانای شتەکان ناگەین، دەبێ پێش لەهەموو شتی، خودی زبان مانا بکەینەوە.

ریکۆر خۆی دەڵێ: "تەئویل بەرلەوەی لەزمانەوە بێت، ڕاڤەکردنی خودی زمانە". تەئویل لەجێگەیەکدا روودەدات کەفرە مانایی بوونی هەبێ، واتە لەجێگەیەکدا کەزیاتر لەیەك مانا هەبێ، پێویستیمان بەتەئویل هەیە، ئەمەش زیاتر لە (هێما) کاندا بەرچاو دەکەوێت. هێماکان بەردەوام بەدوو مانا دێت، یەکەمیان لەدەرەوەی خۆیەتی، ئەوی کەشیان هەرگیز بەشێوەی ڕاستەوخۆ، خۆی نادات بەدەستەوە.

هێماکان لەواقیع دا مانا بونیاد نانێن بەڵکو مانا دەبەخشنو شتێك دەدەن بە ئەندێشە و تێفکرین. کەوابوو بۆ گەیشتن بەتەئویل رێگەیەکی پڕ پێچو خەممان لەبەرە، تایبەتمەندی هەر تەئویلێك، تێگەیشتن و دۆزینەوەی مانایە.

ئەو شتەی ریکۆر جیا دەکاتەوە، گریمانەی دژایەتی تەئویلەکانە، ریکۆر نێونجی دەکات لەبەینی ئەو گروپەی باوەڕیان بەمانای ئۆبژەتی (عینی) هەیەو ئەو گروپەی باوەڕیان بەخودی مانا هەیە. لایەنگرانی مانا

تەنیا لەمانایەکی دیاریکراوی دەق دەروون، لایەنگرانی خودی مانا، تێگەیشتنێکی زۆرە لەبنێر کەدەبێتە هۆی دروست بوونی مانا. بەڵام چۆن دەتوانین هەم مانای ئۆبژەکتیڤ مان هەبێ، هەم فرە مانایی؟.

ریکۆر رێگەی چارە لەوەدا دەبینێ کەبتوانین نیشانی دەین، "دەق" سەرەڕای ئەوە کە مانایەکی دیاریکراوی هەیە، لەخوێندنەوەی زۆری وەرگرەوە دەتوانێ مانای خۆی پەیدا بکات، ئێمە دەتوانین بۆ دەقێکی نووسراو چوارچێوەو دەستوور دابنێینو ماناکان هەندێ دیاری بکەین، بەڵام هەرگیز ناتوانین مانای دەقێك لەچوارچێوەدا بخوێنینەوەو بەرگری لەفرە مانایی بکەین.

ریکۆر لەگریمانەکانی خۆیدا بەئاشکرا بەرانبەر بەدیاردەناسی هەڵدەستێ، هۆسرل، دیتن لەوەدا دەبینێ کەبکەر لە "خودی شتەکان" هەیەتی، ریکۆر بەپەیڕەوکردنی دروشمێکی هێرمینۆتیکی، لەسەر ئەو باوەڕەیە کەدیتن بەستراوە بەتەئویلەوە، نە ئەوەی کە "مانا" کارێکی تەنیا ئۆبژەکتیڤە، لەڕوانگەی رێکۆرەوە "مانا" سەرەڕای ئەوە کە لەنێو بکەرەکاندا هەڵدەسووڕێ، بۆ خۆیشی پێگەیەکی سەربەخۆی هەیە، مانا لەواقیعدا لەگەڵ مێژوو زمان دا سەرو کاری هەیەو ئێمە بەهۆی بوونی ئەمانەوەیە کە لەمانا تێدەگەین.

ریکۆر لەباسەکەی خۆیدا، "دەق" بەربڵاوتر دەکاتەوە، ئێمە دەتواینن "دەق" بەئاخافتنێکی نووسراو دابنێین، یان لەپانتایی تەواوی دیاردەکان جێگەی بۆ بکەینەوە، ئەو دیاردانەی کەدەتوانن نیزامێکی دەقییان هەبێ، یان کاردانەوەی ماناداریان ببێ. ریکۆر، ئەو جیاوازیە کە دیلتای بۆ "تبیین" (erklaren) و "تێگەیشتن" دایدەنێ شیدەکاتەوە و لێی ڕادەهێنێ و لەسەری قسە دەکات و لەناو زانستە مرۆڤایەتیەکانو زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا بۆی دەگەڕێ. دەڵێ "تبیین" دەتوانێ تێگەیشتنی ئێمە زیاد بکات.

پشت بەستن بەم دوو مەسەلەیە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کەریکۆر پێی دەگوت" هیلالی هێرمینۆتیکی".. ریکۆر لەگەڵ هێدگەردا کۆکە لەسەر ئەوە کە "وجود"ی ئێمە لەبنەڕەتدا هێرمینۆتیکیەو لە

–جیهان– بوون ی ئێمە بەتەئویل کردنی ئێمە ڕاڤەناکرێ. بەڵام ئەو نایەوێ وەکو هێدگەر بچەسپێ بەبوون ناسیەوە و نیشانی دات کەئێمە چۆن لەهەڵەکانی "وجود"ی خۆمان تێدەگەین، بەڕای ریکۆر "وجود" (existence) شێوەیە کە لەتەئویل. تەئویلکردنی وجودی خۆمان سەختو دژوارەو لەڕێگەی چیرۆکو ئوستوورەو و دین و فەلسەفەو زانستەکانەوە دەدۆزرێتەوە.

لێرەدا لەگەڵ ئادامێردا یەك دەکەون، کەسوننەت بەشێکی هەرە گرنگی ژیانی ئێمەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا نییە کەدەڵێ: "سوننەت حاڵەتێکی پاکەو دەبێ ڕابەری بەسەر ئێمەدا بکات.




ریکۆر لەگەڵ هابرماس دا هاوبیرە لەسەر ئەم وتەیە، "سوننەت بیچمێکی ئایدیۆلۆژیا بەخۆوە دەگرێ و لەهەمان کاتیشدا وا دەزانێ کە"ڕەخنە"یش خودی سوننەتە". مارکس، نیچە، فرۆید، سێ بت شکێنی سەدەی نوێ. بەپێچەوانەی سوننەت دەڕۆن کەدەکرێ بە "هێرمینۆتیکی تێگەیتشنی هەڵە" ناوی لێبەرین.

ئەم سێ کەسە، لەتەئویل کردنی خۆیان لەسەر سوننەت، زۆرجار بەدرۆی دادەنێنو جەخت لەسەر ئەو ەدەکەن کەژێر بینای سوننەت لەواقیعدا وێران کەرە. ئەمان کەڵك وەردەگرن لەتەئویل بۆ لابرنی ئەو دەمامکە کەجگە لەدروشم شتێکی دیکە نییە، ریکۆر ڕای وایە کەئێمە چۆن پێویستمان بەوە هەیە کە لەمانا روونەکانەوە بچینە نێو مانا تاریکەکان، بەهەمان شێوەش پێویستیمان بەوە هەیە کە بە "بوون" بڵێین"

بەڵێ" کەواتە دۆزینەوەی مانا یەک جارو بۆ هەمیشە نییە، بارودۆخی بوون ناسی ئێمە بەردەوام لەحاڵەتی گۆڕاندایەو ئێمە مانای تازەتر پەیدا دەکەین. بەپێی ئەم بارودۆخە تەئویل کۆتایی بۆ نییە.

سەردەمانێ فردریکۆ فلینی دەیکوت، "ژیان خەونەکانی ئێمەیە، خەونەکانی ئێمەش ژیانی ئێمەیە". ریکۆریش لەسەر ئەو بنەمایە دەڵێ: "تەئویل ژیانی ئێمەیە، ژیانی ئێمەیش بریتیە لەتەئویلەکان" ریکۆر لەناو تەئویلدا دەژی و خۆی لەوی دی دا دەدۆزێتەوە، "دۆزینەوەی من لەتۆدا" کەدروشمی دیلتای بوو، جارێکی تر لەهێرمینۆتیکی ریکۆردا دەنگ دەداتەوە. بۆ گەیشتن بەخود دەبێ لە"ئەوی دی"یەوە ڕەت بیت.



## پەیوەندی نێوان کۆمۆنیکەیشن و هێرمینۆتیك

با لەم وتەی شرامەوە دەست پێبکەم کە دەڵێ: کۆمۆنیکەیشن بە گشتی مەبەستمان دروستکردنی هاوسەنگی بیری(لێك تێگەیشتن)لە گەڵ وەرگری پەیام لە سەر بابەتێکی دیاریکراو و تایبەت.

دوو وشەی " من" و "تۆ" نامۆ بوونێکی گەورە دروست دەکات. هەرگز شتێك وەکو "من " یان "تۆ" بوونی نیە. بیچمێکی زاتی و واقیعی نییە. من دەتوانم بڵێم "تۆ" دشتوانم بەرانبەر بە کەسێك وەکو "تۆ" ئاماژە بە بوونی خۆم بکەم(من). ئەمەش تێگەیشتنێکی هاوبەش پێك دێنێت لە نێوان "من "و "تۆ"دا.

هیرمینۆتیك شتێکی هەیە بۆ وتن، دەقێك نیە لە سەر بنەماگەلی لە پێش دیاری کراو، بەڵکو بە دووی ئەو وشانەدا دەگەرێ کە پەیامێك بە "ئەوی دی"دەگەیەنێت.

کە وابوو هێرمینۆتیك ناوەرۆکی گشتی کۆمۆنیکەیشن دێنێتە ئاراوە، واتە ڕاڤەیەکی گشتی و بەربلاو لە رووی کۆد و نیشانە و زبان و ...

نێرەر چۆن پەیامێك بۆ وەرگر دەنێرت بەو مەبەستەی کە دیاری کردووە؟ و چۆن وەرگر لەو مانایە تێبگات کە نێرەر مەبەستیەتی؟

دیارە نێرەر لە رووی کۆمەڵێ کۆد و نیشانە و وشە و وێنە مەبەستی خۆی دەگەیەنێت. وەرگریش بە ناسینەوەی ئەو کۆد و ڕەمزانە، بەو مەرجەی لە بارودۆخێکی هاوبەشدا ژیابێتن، تێدەگات. کردنەوە و ڕاڤە کردنی ئەم کۆد و ڕەمزانە کاری زانستی هێرمینۆتیکە. هێرمینۆتیکە کە دەتوانێ وەرگر ئامادە بکات بۆ تێگەیشتن و بە دوادا چوونی ئەو مانایانەی ونی کردووە.

پرۆسەی هێرمینۆتیك بەر لە پرۆسەی کۆمۆنیکەیشن روو دەدات. وەرگر بۆ وەی بتوانێ لە پرۆسەی کۆمۆنیکەیشندا بە باشی بەشدار بێت بە شێوەیەکی زانستی و هیرمینۆتیکی پەیامەکی شی دەکاتەوە و ڕا و بۆچوونی خۆی لە سەری دەردبڕێ. وەرگر کەرەسە نیە کە تەنیا تەسجیل بکات، بەڵکو مرۆڤە و مرۆڤیش بیردەکاتەوە و دەتوانێ بیر و بۆچوونی خۆی هەبێت. هێرمینۆتیك مرۆڤ یارمەتی دەدات بۆ دروست بیرکردنەوە و دەربڕینی ئازادانە و متمانە پێکراو لە بەرانبەر ئەو کێشە و رووداوانەی ڕۆژانە سەرقاڵی دەکات.

وەرگر بەرانبەر بەو پەیامانەی کە لە رێگەی ماس میدیاوە ڕۆژانە وەریدەگرێ هەلوێست دەگرێ و هەستێکی تایبەتی لا دروست دەبێت. وەرگر بێ ئەوەی هەست بکات بە شێوەیەکی "ناخودئاگا" لە هێرمینۆتیك کەڵکی وەرگرتووە بۆ تێگەیشتنی ئەو پەیامانەی وەری دەگرێت.

بە پێی مانایەکیتری کۆمۆنیکەیشن کە دەڵێ: زانستی کۆمۆنیکەیشن دەیەوێت گرنگترین بواری خوێندن توێژینەوەکانی دیاری بکات. ئەمەش بە بێ خوێندنەوەی زانستی هێرمینۆتیك ڕەنگە نەکرێت. دیاری کردنی ئەو بابەتانەی کە بە کۆمۆنیکەیشن ناو

وتار

دەبڕێت، لە ڕاستیدا هەمان بابەتی زانستی هێرمینۆتیکە.


لە لایەکیترەوە کۆمۆنیکەیشن وەك سۆسیال پسیکۆلۆژی جەخت لە سەر کاریگەری کۆمۆنیکەیشن و ماس میدیا لە سەر تاك و کۆمەڵ دەکاتەوە. وەك کاریگەری لە سەر رۆشەنفکری، زانین، بیرکردنەوە، بیروڕا، هەست کردن، مامەڵە و هەڵسوکەوت. واتە کاریگەری لە بیرکردنەوە، مامەڵەو رۆشەنفکری پەیوەستە بە زانینی هێرمینۆتیك. هێرمینۆتیك وەك بەشێك لە ماس کۆمۆنیکەیشن جەخت دەکات لە سەر شی کردنەوە و شەقافیەتی رۆشنبیری و تێرامان و تەنانەت هەڵسوکەوتی تاك بەرانبەر بە کۆمەڵگا و هەر وەها هەڵویست گرتن بەرانبەر بەو ڕووداوانەی لە هەر پارچەیەکی جیهان دا ڕوو دەدات.

هێرمینوتیك کاریگەری هەیە لە سەر پەروەردە و زبان و تەنانەت مەسەلەی ئابوریش. زمان چ رۆڵێك دەبینێ لە پرۆسەی کۆمۆنیکەیشندا و چ شێوە زمانێك پێویستە لە ماس میدیادا؟ یان چۆن دەتوانرێت دەست نیشانی لایەنە نیگەتڤەکانی ماس میدیا بکرێت؟

زمان و رۆڵی زمان پەیوەندیکی ڕاستەوخۆی هەیە لە گەڵ زانستی هێرمینۆتیك. بە گوێرەی هیدگەر، زمان ئەو حاڵەتە فەراهەم دەکات تا سەبارەت بە شتەکان لە جیهاندا پەیوەندی بگرین. واتە شتێك دەربارەی شتێك بڵێین.

هێرمینۆتیك لە سەر ئەو باوەڕەیە کە واقعیەت بە هۆی زمان و بارووبۆخی مێژوویی ئێمە واقعیەتێکی تەئویل کراوە. ئەوەی گرنگی دەدات بە مەسەلەی کۆمۆنیکەیشن و هێرمینۆتیك زمانە. زمان کەرەسەیەکە بۆ دەربڕینی ئەو شتانەی لە مێشکی ئێمەدا دەربارەی شتەکان هەیە. پێناسە کردن، مانا، تێگەیشتن، شوناس، ناردن و وەرگرتن، پەیوەندی تاکە کەس چ لە ئاستی خوددا و چ لە ئاستی کۆمەڵگادا. هەموو بە زمان مسۆگەر دەکرێت.

بە قەولی هیدگەر" هەموو شتێك لە ناو بازنەی زماندایە، زمان یانەی بوونە و لە دەرەوەی زمان هیچ شتێکی تر بوونی نییە."



یەکێکیتر لە پێناسەکانی کۆمۆنیکەیشن بریتیە لە، کۆمۆنیکەیشن پرۆسەیەکە بە لانی کەم دوو گیانلەبەر لە گەڵ یەك لە پەیوەندیدان. ئەمە سادەترین پێناسەی کۆمۆنیکەیشنە. پەیوەندی دوو گیانلەبەر لە گەڵ یەکتری خودی کۆمۆنیکەیشنە، بەڵام ناساندنی ئەو پەیوەندیە و مۆدێلەکانی و هەروەها کەڵك وەرگرتن لە ئامراز و کەرسەکانیەوە کاری زانستی هێرمینۆتیکە. هێرمینۆتیك یارمەتی ئەو دوو گیانلەبەرە دەدات چۆن و بە چ شێوازێك لە یەکتری تێبگەن و بیروڕاکانیان بگۆڕنەوە و چۆن دەتوانن لە ڕێگەی ناردنی پەیامێکەوە، رەمزێکەوە یان کۆدێکەوە کاریگەری لە سەر یەکتری دابنێن.

لە کۆتاییدا ئەوەندە دەڵێم زانستی هێرمینۆتیك وەك بوارێکی نوێی زانستی کۆمۆنیکەیشن لە زۆر لایەنەوە تێکەڵی یەکترن و شی کردنەوە و لێکۆڵینەوە لە سەر ئەم بابەتە کاتێکی درێژخایەنی دەوێت. بەو هیوایە هەولێك بێت بۆ ناساندنی ئەم چەمکە لە بواری ڕاگەیاندندا.

***

# سیاسەتی کۆمەڵگا و سیاسەتی ئەدەبیات

ن: ک. زلینسکی
k.zelinsky
و: لە فارسیەوە: کەریم ئەمانی

شۆڕشی سوسیالیستی ئۆکتۆبری 1917ی یەکیەتی شۆڕەوی کەلێنێکی سیاسی قووڵی لە نێوان نووسەرانی ئەو وڵاتە دا دروست کرد: لایەنگریی سیاسی لە شۆڕش و لە دژی شۆڕش، سەرەتای قووڵتر بوونەوەی کەلێنی ئیدئۆلۆژیکی بوو. پێشکەوتەکانی ئەدەبیاتی شۆڕەوی لە روانگەیەکی گشتییەوە تەنیا کاتێك شیاوی دەرك کردنە کە خەبات بۆ داهێنانی ئەدەبیات لە بەرچاو بگیرێت، واتە ئەو ئەدەبیاتەی کە لنین وەك" بەشێك لە یەکیەتی پرۆلتاریا" یادی لێ کردۆتەوە. لە دەیەکانی ئەم دواییانەدا مەسەلەی" تەقەرب" واتە نزیك بوونەوەی ئەدەبیات لە ژیان و یارمەتی دانی ئەو بۆ گێرانی رۆڵێکی چالاك لە بارهێنانی کۆمۆنیستیی خەڵك دا، هەمیشە لە ئارادا بووە، وە بۆ ئەم مەبەستەش بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ هەل و مەرجی مێژوویی، رێگا چارەی جۆراوجۆریش ئیرائە دراوە.

لە سەرجەم قۆناغەکانی گەشەی ئەدەبیات لە شۆڕەوی، حیزبی کۆمۆنیست وەك هۆکارێکی سەرەکی و کاریگەر لەسەر رەوتی ئەدەبیات عەمەلی کردووە. لەم زەمینەیە دا، ئەدەبیات وەها دیاردەیەکی نوێی بە وجود هێناوە کە لە مێژووی ئەدەبیاتی جیهان دا بێ وێنەیە. من لەم باسەم دا هەوڵ دەدەم بەر دەنگەکان لەگەڵ جیهەت گیرییەکانی کومیتەی ناوەندی حیزب و هەروەها رێنماییەکانی رێبەرانی ئەو ئاشنا بکەم و هاوکات بەڵگە گەلێك بخەمە روو کە لەسەر گەشەی ئیدئۆلۆژیکی نووسەرانی شۆڕەوی کاریگەری بەرچاویان هەبووە. بەر لە درێژەی باسەکە پێویستە سەرەتا ئوسوولی فەلسەفی و تئۆریکی حیزب، کە سیاسەتی ئەدەبیات لەسەر ئەساسی ئەو دیاری دەکرا، بناسرێت و لێك بدرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە تەوەری ئەسڵی، واتە تەوەری حیزبی بوون، کە بەردی بناغەی ئەو هونەرە نوێیەیە کە لە وڵاتی سوسیالیسم دا دەخوڵقا، لە بەر چاو بگرین. چەمکی حیزبی بوون لە هونەردا چییە؟ ئایا ئەم مەسەلەیە راستەوخۆ لە بەرانبەر بیرۆکەی ئازادی هونەردا قەرار ناگرێت؟ ئایا ئەم چەمکەی هونەر لەگەڵ ئەو رەوتە تەبلیغاتیە دەرگیر نابێت کە هونەری پشت ئەستوور بە ئیدئۆلۆژی بە خاڵی بەرانبەری راستییەکانی ژیان دەزانی؟ رێك هەر ئەو لێك دانەوەیەی کە بیرمەندانی بورژوایی، لە چوارچێوەی لایەنگرانی ئازادی تاك دا، لەسەر مەسەلەی حیزبی بوونی ئەدەبیات هەیانە و دەیدەنە بەر رەخنە و گاڵتە پێکردن؟

دەرکی دروستی ئەم مەسەلەیە رەمزی ناسین و ئەو هۆکارە تایبەتییەیە کە لە ژیانی ئەدەبی یەکیەتی شۆڕەوی دا بوونی هەیە. وە لەسەر ئەساسی ئەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بۆچی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست سەبارەت بە هەر چەشنە بە لاڕێدا چوون و دوور کەوتنەوەیەك لە ئوسوولی ئیدئۆلۆژیکی مارکسیسم–لنینیسم لە ئەدەبیات دا، ئاوا هەستیارە. لنین، سەبارەت بە دەرکی ئوسوولی حیزبی بوونی ئەدەبیات، لە زۆر یەك لە بەرهەمەکانی دا گەلێك باسی تێر و تەسەلی فەلسەفیی بە دەستەوە داوە. وەك ئەوەی کە لە بەرهەمی فەلسەفیی خۆی لە ژێر ناوی"ماتریالیسم و ئیمپریوکریتیسیسم"دا و هەروەها لە بابەتێك دا بە ناوی"دەربارەی لئوتولستوی" چەمکی راستەقینەی حیزبی بوونی ئەدەبیات بە روونی نیشان دەدات. لەم زەمینەیەدا من ناتوانم شتێکی باشتر لەوە

وتار



ئیرائە بدەم مەگەر ئەوەی کە ئەو وتەیەی لنین کە لە لایەن کلارازتکینەوە نە قڵ دەکرێ سەر لە نوێ دوو پات بکەمەوە.

"... مەسەلەی گرینگ ئەوە نیە کە روانگەی ئێمە سەبارەت بە هونەر چییە. تەنانەت ئەوەش کە هونەر بە چەند کەس و تەنانەت بە چەند هەزار کەس لە کۆمەڵانی ملیۆنی خەڵك چ شتێك دەدات، گرینگییەکی ئەوتۆی نیە. هونەر هۆگر و ئاوێتەی خەڵکە، هونەر دەبێ لە ناخی کۆمەڵانی بەرینی کرێکار و زەحمەتکێش دا ڕیشە دابکوتێت... هونەر دەبێ هەست و ئەندێشە و ئاواتەکانی ئەم جەماوەرە بەرینە بەیەکەوە گرێ بدات "(تەئکید لە نوسەرەوەیە.)

هەر لەم ڕووەوەیە کە لنین سەر لە نوێ تەئکید دەکات: "نابێت ئێمە بێدەنگ دابنیشین و ئیزن بدەین تا بێ بەند و باری لە هەر لایەکەوە گەشە بستێنێت. دەبێ ئێمە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك ئەم ڕەوتە ڕێبەری بکەین و ئاکامەکانی شکڵ پێ بدەین".

لەم ڕووەوە بۆ لنین، ئەرکی دەخاڵەت کردن لە ڕەوتی ئەدەبی دا، واتا یارمەتی دانی ئیدئۆلۆژیکی بە نووسەران، ڕاستەوخۆ لە دەرکی ئەو لە مەسەلەی حیزبی بوونی هونەرەوە سەر چاوە دەگرێ. بە پێچەوانەی فەلسەفە زانەکانی پێش ئەو کە لە سەر تەفسیر و واتای جیهانی داکۆکی یان دەکرد، بۆ لنین باوەڕی مارکس کە لە سەر گۆڕینی جیهان جەخت دەکات، بە تەواوی شیاوی پیادە کردن و بە کردەوە دەرهێنانە. لە ڕاستی دا لنین فیلسوفێکە کە جیهان دەگۆڕێ. بە بڕوای ئەو دیاردە تەواو نەزەریەکانی دەزگاکانی فەلسەفەیی لە گەڵ واقعییەت وباتر لە هەموو شتێك، لە گەڵ خەباتی کۆمەڵایەتی، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە. ئەم بۆچوونە لەو باسە جوانناسیەدا دێتە ئاراوە کە مەسەلەی حیزبی بوونی ئەدەبیات و هونەریش بەشێکن لەو.

بۆ لنین تەوەرەی حیزبی بوون خاوەنی چەمکێکی قووڵی فەلسەفییە. ئەو ئەم باوەڕە لە گەڵ سروشتی ئەندێشەی ئینسان و بار هێنانە ئوسوولییەکانی خۆی پێوەند دەداتەوە، ئەندێشەی ئێمە هەستەکانی ئێمە، کە ئەوەڵین نیشانەکانی دنیای دەرەوە بە ئێمە نیشان دەدەن،پەروەردە دەکات، بیر و باوەڕە هەڵێنجراوەکانی ئێمە سەبارەت بە دنیای دەرەوە شکڵ پێ دەدات و سەرەنجام زانستی علمی ئێمە بەیەکەوە گرێ دەدات.

لە سەرجەمی ئەو قۆناغەدا ڕۆڵی سەرەکی لە ئەستۆی لێك دانەوە و دەرکی ئیدئۆلۆژیکی تاکە، کە پێوەندی

دنیای دەرەوە لەگەڵ شوێنی ژیانی کۆمەڵگا رێک دەخات و ئوسوولی رێنمایی تاک، کە لە گەڵ پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئامانجەکانی بوونی ئەوان دا گرێ دراوە، شکڵ پێ دەدات.

هونەرمەند لە ژێر کاریگەریی بێ ئەوپەڕی دنیای دەوروو بەری خۆی، ئەو شتەی کە دیهەوێ وێنای بکات لە بازنەی فەلسەفی دا هەڵی دەبژێرێت، ئەم رەوتە دەکرێ بە عەمەلی هەڵبژاردن ناوزەد بکرێ. لەم رووەوە مەسەلەی حیزبی بوون نەک تەنیا هەر لە بازنەی کۆمەڵایەتی دا نامێنێتەوە( وەک خۆ تەرخان کردن بۆحیزبێک) بەڵکوو سنووری جوانناسیش دەبەزێنێت.

جوانی بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەستە بەو دیاردانەوە کە پێکی دێنن. تەوەرەی حیزبی بوون لە بازنەی رئالیسمی سوسیالیستی دا، لایەنە جوانناسانەکانی خۆی لە وجوودی جوانیی شێوازە کۆمەڵایەتییەکانی ژیان و هەروەها لە وجوودی رۆحی خەڵکێک دا کە بۆ کۆمۆنیسم خەبات دەکەن دەر دەخات. زۆریەک لە نووسەران( هەم لەم وڵاتە و هەم لە وڵاتاتەکانی تر) کاتێک سەبارەت بە مەسەلەی حیزبی بوون لە رئالیسمی سوسیالیستی دا بابەت دەنووسن، بە هەڵە ئەو لە گەڵ هەستیاریی هونەریی دا بە یەکێک دادەنێن. هەستیاریی هونەریی بریتییە لە پەروەردە کردنی پاڵەوان، لە ناو باشترینە دیاری کراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دا، هەر ئەو جۆرەی کە لە "ئەخلیس و ئاریستومان، دانتە و سەروانتس"دا بەر چاو دەکەوێ. شانۆ نامەی شیلێر لە ژێر ناوی "عیشق و پیلان" هاوڕێیە لە گەڵ بەلاڕێدا چوونی سیاسی. ئینگلس کە دەر بارەی هەستیاری هونەری پێشینیانیش بابەتی نووسیوە، لە پێکهاتەی گشتی و هێزی ئەو کەسایەتییانەی کە لە لایەن هونەرمەندانی سەردەمی رنسانس دا ئیرایە دراون، بەو ئاکامە دەگات کە ئەم هونەرمەندانە لە سەرجەمی عیشق و خۆشەویستییەکانی سەردەمی خۆیان دا شەریک و هاوبەش بوون و هەروەها لە خەباتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی سەردەمی خۆیان دا بەشدار بوون.

دەکرێ حیزبی بوونی ئەدەبیات لە ئاکامی گەشەسەندنی هەرچی زۆرتری هەستیاری هونەریی بزانین کە بریتییە لە دەرکی قووڵی هونەرمەند لە چەمکە فەلسەفی و ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی هونەرەکەی و بێجگە لەوەش نەخشی بەر چاوی خودی ئەو لە خەباتە کۆمەلایەتییەکانی سەردەمی خۆیدا. تئوری لنین سەبارەت بە حیزبی بوونی ئەدەبیات لە بیر و باوەڕی مارکس و ئینگلسەوە، بەڵام تا ڕادەیەک رۆشنتر و بەرچاوتر لەم زەمینەیە دا سەرچاوەی گرتووە.


نووسراوەیەکی ئەو کە لە ساڵی 1905 لە ژێر ناوی" تەشکیلاتی حیزب و ئەدەبیاتی حیزب" دا بڵاو کرایەوە، ئوسوولی ئەساسی ئەم تئورییە پاساو دەکات. ئەگەرچی ئەم بابەتە پتر لە شەست ساڵ لەمەو بەر نووسراوە، بەڵام ئەمڕۆکەش لە باسەکانی پێوەندی دار بە مەسەلەی ئەدەبیات و ئازادی هونەر و شتی لەم چەشنەدا پشتی پێ دەبسترێ و وەک بەڵگە ئاماژەی پێدەکرێ. لنین مەسەلەی ئەسڵی لەم نووسراوەیەدا ئەوەندە زیندوو باس دەکات کە هەر ئێستاش لە گەشە و هەڵدانی ئەدەبیاتی جیهان دا گرینگی خۆی لە دەست نەداوە. بە جۆرێک کە هیچ کتێبێکی سەبارەت بە ئەدەبیاتی شۆڕەوی بەدی ناکرێت کە ئاماژەی بەم نووسراوەیە نەکردبێت.

تاکوو ئێستا لە لایەن نووسەران و رەخنەگرانی روسی و غەیرە روسییەوە هەوڵی زۆر دراوە بۆ مانا کردنەوە و شیکردنەوەی دروستی نووسراوەی" تەشکیلاتی حیزب و ئەدەبیاتی حیزب". لەم نووسراوەیەدا بە ساکاری داکۆکی کراوەتە سەر ئەو ئامانجانەی کە لنین ئاماژەیان پێ دەکات بۆ ئەوەی کە نەزمێک بە بڵاو کراوە کانی حیزب ببەخشێت.

ئامانجەکانی لنین تەنیا بە مەبەستی گرد و کۆ کردنی دژایەتییەکان و جیاوازی بیر و باوەڕەکان لە نێوان کرێکارانی حیزب وە یان یارمەتی دانی ئەوان بۆ سازمان دان و رێکخستنی کاریگەری چالاکییەکانیان لە زەمینەی بەرژەوەندییەکانی حیزب دا، نییە. لنین لەم نووسراوەیەدا گەلێک مەسەلەی ئەساسی و گرینگ باس دەکات، لەوانە ئەوەی کە: ئایا هونەرمەند یان

نووسەرێك دەتوانێ لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دابڕا بێت و ئازاد بێت؟ ئەگەر ئاوا ئیمکانی بێت، لە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری دا دەبێ پێوەندی بە چ شتێکەوە هەبێت؟ وە سەرەنجام ئەوەی کە، دەبێ ئەدەبیات لە کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی دا چۆن چۆنی بێت؟ لنین بۆ خۆی باشترین وڵامەکان بەم پرسیارانە دەداتەوە:" تاکێك ناتوانێ لە کۆمەڵگا دا ژیان بکات بەڵام لە ئەرکەکانی خۆی سەبارەت بە کۆمەڵگا ئازاد بێت، ئازادی لە چەشنی بورژوایی بۆ نووسەر، هونەرمەند و ئەکتەر سەر پۆشێکی ریاکارانەیە کە دزی و گیرفان پڕ کردن، فەساد و فەحشا دادەپۆشێت".

وە ئێمە کۆمۆنیستەکان ئەم ریاکارییە لە قاو دەدەین و سەر پۆشی فریو کارانەی ئەو دەدڕێنین نەك لە مەڕ گەیشتن بە ئەدەبیات و هونەری بێ" چین"( کە تەنیا لە کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی دا ئیمکانی بێ"چین" هەیە) بەڵکوو لە مەڕ بەرەنگار بوونەوە و روون کردنەوەی دژایەتی ئەم ئەدەبیاتە ئازادە ریا کارانەیە، کە لە راستی دا سەر بە بورژواییە، لە گەڵ ئەدەبیاتێکی واقعەن ئازاد کە پێوەندی بە پرولتاریاوە هەیە.( تەئکید لە لنینەوەیە)" ئەم ئەدەبیاتە، ئەدەبیاتێکە ئازاد چوون ئیدئۆلۆژی سوسیالیسم و لایەنگری لە چینی کرێکار- نەك چاو چنۆکی و پەلە پرووزە- هێز و توانایەکی نوێی پێ زیاد دەکەن. ئەم ئەدەبیاتە، ئەدەبیاتێکە ئازاد، لە مەڕ ئەوەی نە لە خزمەت جۆرێك پاڵەوانیی بێ هۆ و نە لە خزمەت گرووپێکی" دەهەزار کەسی" بێزار لە ئازاری پەستی و دزێو بوون، بەڵکوو لە خزمەت ئەو ملیۆنها و بگرە دەیان ملیۆن کرێکار و زەحمەتکێشانە دایە کە رەمز و هێمای هێز و داهاتووی وڵاتن. ئەم ئەدەبیاتە ئەدەبیاتێکە ئازاد چوونکە لێوا و لێوە لە دوایین وشەی ئەندێشەی شۆڕشگێڕانەی ئینسانی و تێکەڵاوە لەگەڵ ئەزموون و کاری ژیان سازی پرولتاریای سوسیالیست! ئەم ئەدەبیاتە سەرچەمی پێوەندییە پایەدار و هەمیشەییەکانی ئەزموونی رابردووی، هەر لە سەرەتایی ترین شکڵییەوە هەتا بە شێنەیی گەشە سەندن و بوون بە سوسیالیسمی عیلمی



و هەروەها ئەزموونەکانی سەردەمی ئێستا( خەباتی ئەم سەردەمەی هاڕێیانی کرێکار)ی لە خۆ گرتووە."

ئەم وشەیە سەبارەت بە ئەدەبیاتی نوێی شۆڕەوی ئێستاکەش هەر شتێکی راست و حاشا هەڵنەگرە و بە جورئەتەوە دەتوانین بڵێین کە وجوودی بیر و باوەڕی لنین رێگای ئەدەبیاتی داهاتوو هەموار دەکات. ئەدەبیاتی شۆڕەوی رەنگ دانەوەی عیشق و خۆشەویستی ئەو بە ملیۆن و بگرە دەیان ملیۆن زەحمەتکێشانەیە کە هەڵبژاردەکانی راستەقینەی وڵاتن نەك رەنگ دانەوەی "دەهەزار خاوەن پلە و پایەی بەرز". ئەم ئەدەبیاتە جەوهەری راستەقینەی خۆی لە هەوڵ و تێکۆشانی جەماوەرێك وەردەگرێت کە کۆمۆنیسم دروست دەکات، هانیان دەدات بۆ کار و چالاکی زیاتر و هەروەها حەز و ئاواتە بەرزەکانی ئەو جەماوەرە پێشکەوتن خوازەی ناو کۆمەڵگا دەخاتە روو کە وڵات بەرەو کۆمۆنیسم رێنمایی دەکەن.

کاتێك کە بڕیارە کتێبێکی نوێ بنووسرێت، نووسەری شۆڕەوی، رێك هەر وەك باقی نووسەرانی دیکە، لە پێوەند لەگەڵ هەڵبژاردن و تێکەڵ کردنی ئامرازە جوان ناسانەکانی خۆی( نەخشە و پیلان، وێنە، سەبك و شتی تری لەو چەشنە) لەگەڵ کۆمەڵێك گیروگرفت و موشکل رووبەروو دەبێتەوە. نووسەری شۆڕەوی بۆ چارەسەر کردنی ئەو گرفتانە وا هەست

دەکات کە لە خەباتی خەڵك بۆ گەشەسەندنی کۆمۆنیسم دا هاوبەشە. ئەو بە باشی بۆی دەردەکەوێ کە گرفتەکانی جوانناسی لە حاڵەتی ئاڵوگۆڕ بە سەرداهاتنی خۆی دا لە گەڵ ئەندێشە و جیهانبینی یەکانی ئەودا یەك دەگرنەوە. هەروەك ئەوەی کە شۆلۆخۆف دەڵێ: نووسەرێکی شۆڕەوی بە فەرمانی دڵی خۆی و هەروەها بە فەرمانی هوشیاری خۆی دەنووسێت و دڵی ئەو هاوئاهەنگ لە گەڵ ئەو شتەی کە ئەو لە خزمەتی دایە، لە گەڵ ئەو شتەی کە حیزبی کۆمۆنیست لە گەلێدا لە حاڵی خەبات و بەربەرەکانێ دایە، لێدەدات.

رەوتی وێنەکان و نەخشە و پیلانەکانی ژیان کە لە نێو دڵی هونەرمەند دا شەپۆل دەدات هەمیشە لە چوارچێوەیەکی دیاری کراوی ئیدئۆلۆژیکی دا شکڵ دەگرێ. هەندێك لە نووسەران لە بەرهەمەکانی خۆیاندا بەهۆی پەیڕەوی کردن ولاسایی کردنەوە لە کۆمەڵێك ئەندێشە و بەرنامەی کاتی زێهنی و ناڕێك و پێکی نووسەرانێکی وەك( جمیز جویس و دوپاسو) ناتوانن چەمکی واقعی جوانناسی بخەنەڕوو. ئەم ڕێگایە بە سادەیی جۆرێك شوێن کەوتن و لاسایی کردنەوەی بێ هودەی بوونەوەرێکە کە لە هەوڵی گەیشتن بە بەرزترین پلەی هونەرمەندانە دایە کە ئەمەش بە واتای دوور کەوتنەوە لە ئینسانە. یان هونەرێکی بەری لە پلە و پایەی ئینسانی یە. ئەگەر چی رزگار بوون لە هەر چەشنە ئیدئۆلۆژییەك لە هونەر دا، خۆی جۆرێك هەڵوێست گرتنە– هەڵبەت هەڵوێست گرتنێکی مەنفی– ئیدئۆلۆژیکی و قەبووڵی هەرج و مەرج و گەشەکردنی ئەو بە نەزم، خۆی جۆرێك جیهانبینییە. بەڵام ئەم شێوە کارە تەنیا لە" کەو" دەوەشێتەوە کە لە جیاتی بوێرانە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ حەقیقەت سەری خۆی لە بەفر ڕۆ دەکات. حاشا کردن لە راستییەکان نە بەمانای ڕاکردن و دوور کەوتنەوە لە فەلسەفەیە و نە چاو پۆشی کردنە لێی، بەڵکوو خۆی فەلسەفەیەکی جیاوازە فەلسەفەی تاکی" شکست خواردووە".

ئەدەبیاتی نوێ، ئەدەبیاتی" بە بێ ئیدئۆلۆژی"، بە بێ نەخشە و بابەت و تەنانەت بە بێ هەست( وەك شێوە کارییە سەرەتاییەکان) رەنگە بۆ بەشێکی کەم لە بەردەنگە بورژواییەکان،" ئەو دەهەزار کەسەی سەرەوەی کۆمەڵگا"، کە لنین ئاماژەیان پێ دەکات، شتێکی سەرنج ڕاکێشی بێت. ئەم هونەرە سەرەڕای بێ ناوەرۆکی خۆی رەنگە ئەوان بلەرزێنێ و یان تەنانەت سەر قاڵیان بکات. بەڵام کۆمەڵانی بەرینی بەردەنگ، ئەو زۆرینەیەی کە لە کتێبەکاندا بە شوێن لەزەتی جوانی و ئاگاه گەرانەدا دەگەڕێن ناکەونە ژێر کاریگەری ئەو ئەدەبیاتەی کە لە کارخانەی ئەدەبیات سازییەوە بۆ ئەو" دەهەزار کەسەی سەرەوەی کۆمەڵگا" هاتووە. ئەم ئەدەبیاتە لە روانگەی کۆمەڵایەتییەوە لە گەڵ ئەوان دا بێگانەیە.

بە پێچەوانەی ئەو کتێبانەی کە لێوا و لێون لە نەخشە و بەرنامەی جوانناسانە و ئیدئال و هەروەها لە گەڵ عیشق و حەز و ئاواتەکانی کۆمەڵانی خەڵك دا ئاوێتەن و پێوەندی راستە و خۆیان هەیە، زۆر بە سانایی گشت گیر دەبن و لە لایەن زۆرینەی کۆمەڵگاوە قەبووڵ دەکرێن. ئەم کتێبانە" تەنیا بابەتگەلێك نین بۆ خوێندنەوە " بۆ بەسەر بردنی کات. بەڵکوو دەبنە بەشێك لە ژیانی رۆحیی و ڕەوانی خەڵك و مژدە بەخشی خەڵکن، ئارامش دەبەخشن، ئامۆژگاری دەکەن و لەزەت و خۆشی جوان ناسانە دەدەن بە خەڵك.

بە هۆی لایەنگری لە خەڵك، ئەدەبیاتی ئێمە ئەدەبیاتێکی خەڵکییە و بە خاتری خەڵك بە وجوود دێت. لایەنگری و ئاوێتە بوون لە گەڵ خەڵك لە لایەنە گرینگەکانی لێك هەڵپێکراوی ئەدەبیاتی نوێی ئازادە. ئەوەیە لێك دانەوەی لنین لە سەر ئەدەبیات و ئەدەبیاتی ئێمەش هەروایە.

جیاوازی وەسفی سەرجەم گەورە نووسەرانی ئێمە بەر لە شۆڕش ئەوە بوو کە روویان لە بەشێکی عەزیم لە بەردەنگەکان بوو وە حەز و ئاواتە زیندووەکانی خەڵکیان لە بەرهەمەکانی خۆیان دا دەخستە ڕوو. بەڵام پێوەندی و ئاوێتە بوون لە گەڵ خەڵك دا بۆ نووسەرانی نوێی شۆڕەوی چەمکێکی جیاواز لەو شتەی هەیە کە بۆ نووسەرانی کلاسیکی روسیە بووی. لەو نووسراوەیەدا کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، لنین سەبارەت بە

وتار

تولستوی دەنووسێ: شۆڕشێك پێویست بوو هەتا بەر هەمەکانی ئەو گشت گیر( عاممە پەسند) بینەوە. ئەم بۆ چوونە دەتوانێ لە بارەی" پوشکین، لرمانتف، تورگنیف، نکراسف، هرزن، داستایوفسکی، چخوف" و سەرجەم ئەم نووسەرانەی شۆڕەوی کە لە ساڵەکانی دوای شۆڕشی 1917 لە تەواوی وڵات دا دەناسرێن، راست بێت. هۆکاری سەرەکی ئەم مەسەلەیە لە لایەکەوە سەرچاوە گرتوو لەو واقعیەتەوەیە کە دوو لە سەر سێی دانیشتوانی وڵات نەخوێندەوار بوون و لە لایەکی دیکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەرهەمە کلاسیکەکان لە ئاستێکی بەر تەسك دا بڵاو دەبوونەوە.

چەمکی ئاوێتە بوون لەگەڵ خەڵك لە سەدەی نۆزدوهەم بە هۆی جیاوازی پێکهاتن لە ژیان دا بە تەواوی ئاڵوگۆڕی بە سەر دادێت. لنین بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی روسیە بە سەر سێ قۆناغ دا دابەش دەکات کە بە شێوەیەکی گونجاو لە گەڵ هەر قۆناغێك دا مەسەلەی ئاوێتە بوونی ئەدەبیات و جەماوەریش دەگۆردرێت. لە قۆناغی یەکەم دا پوشکین و لرمانتف ئاخێوەرانی راستەقینەی ئەم ئاوێتە بوونەن. لە قۆناغی دووهەم دا کە شۆڕشی دیموکراتێك دێتە ئاراوە بەر هەمەکانی نووسەران لە رۆح و رەوانی خەڵك نزیك دەبنەوە و دەبنە ئاوێنەی باڵا نوێنی ژیان.

سیفەتەکانی ئەم قۆناغە بە تایبەت لە بەر هەمەکانی" نکراسف، چرنیشفسکی، دبرولیبوف، سالتیکوف شچدرین" دا بە تەواوی رەنگ دەداتەوە. قۆناغی سێهەم و کۆتایی کە بە ئاخێزی مێژویی چینی کرێکار و هاو پەیمانە گوند نیشینەکانی ناسراوە سەرکەوتنی 1917ی لێدەکەوێتەوە. شۆڕشی پرولتری ئاڵوگۆڕی عەزیم لە ژیانی روسیەدا پێك دینێ. خەڵك بە پاڵپشتی هێز و پشتگیری شۆڕاکان دەگەنە ئاستێکی نوێ لە هوشیاری سیاسی و فەرهەنگی کە کاریگەرییەکەی لە تەواوی کسایەتی روسیەدا بە روونی بەر چاو دەکەوێ. لەم قۆناغەدا لە بەرهەمی نووسەرەکانی شۆڕەوی دا لە"گورکی و مایاکوفسکییەوە بگرە تا شۆلۆخۆف" ئاوێتە بوون لە گەڵ خەڵك دا بە ئاشکرا دەبیندرێ و لە پێوەند لە گەڵ رۆحی پرشنگ داری حیزب دا شکڵێکی نوێ بە خەبات بۆ کۆمۆنیسم دەبەخشێت.

لە ئەدەبیاتی شۆڕەوی دا حەقیقەتەکانی ژیان لە گەڵ حەز و ئاواتە پیرۆزە کۆمەڵایەتییەکانی نووسەر دا دەبنە یەك. لە کۆمەڵگای دێرین دا نووسەرێکی واقع گەرا کە دەی ویست بە حەقیقەتەکانی وەفادار بمێنێتەوە زۆربەی کاتەکان لە گەڵ مەیلە سیاسییەکانی خۆی دا دەکەوتە دژایەتی کردن." بالزاك و گوگول" هەر چەند کە سەڵتەنەت خواز بوون بەڵام لە بەرهەمەکانی خۆیان دا خزمەتیان بە شۆڕش دەکرد.



ئامانجی ئاوێتە بوون و نزیك بوونەوە لە گەڵ خەڵك کە لە لایەن نووسەرانی روسیەوە باس دەکرێ لە روانگەی مێژوییەوە مانا گەلێکی جۆراوجۆری تێپەڕ کردووە و سەرەنجام پاڵ دەدات بە سوننەتە دیموکراتیك و پێشکەوتووەکانی ئەدەبیاتی کلاسیکی روسیەوە. وە بەڵام سەبارەت بەم سوننەتانە، ئەدەبیاتی کلاسیکی روسیە سەبارەت بە کۆمەڵانی خەڵك هەست بە بەر پرسیاری کردنێکی وردبینانەی هەیە. سەرجەم گەورە نووسەرانی ئێمە" پوشکین، لرمانتف، بلینسکی، چرنیشفسکی، نکراسف، تورگنیف، هرزن، لئوتولستوی، داستایوفسکی، چخوف و گورکی" لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە بەرهەمەکانی ئەوان بریتی بووە لە رەنگ دانەوەی ئەو ئازار و تورەیی، خۆشی و

ئـاوات و هەســتە جوانــەی کــە لــە ژیــانی خــەڵك دەرکێشـراوە. بـۆ نموونـە دەکـرێ ئاماژە بـەو بەرهەمـە بەناوبانگـەی لئوتولستوی لـە ژێـر نـاوی" هونـەر چیـە"( 1898) بکەین. تەواوی ئەو دژایەتییە ئیدئۆلۆژیکییـەی کە لەم بەرهەمەدا هەیە، بەتایبەت لەو کاتەدا کە باس لە ئەسڵی ترین بابەت واتـە جێگـا و شوێنی کۆمەڵایـەتی خـودی نووسـەر و روانگـەی ئـەو لـە پێوەنـدی لـە گـەڵ هونەر و ژیان و رۆڵی تاك دەکات لە سەر ئەو مەسـەلەیە داکۆکی دەکـرێ کـە نووسـەر نابێـت بـەر پرسـیارییەتی خۆی لە ئاست خـەڵك دا لـە بیر بباتـەوە. تولستوی لـەم کتێبـەدا دەنوسـێ کـە هونـەری داهـاتوو بـە سـادەیی ناوەرۆکێکی جیا لـە هونـەری ئـەمڕۆی دەبێـت و لەسـەر ئەساسی ئوسوولێکی بە تـەواوەتی نوێ و جیـاواز لـەو ئوسوولەی کە لە هونەری چینی بان دەستی کۆمـەڵگای ئەمڕۆدا هەیە، جەخت دەکاتەوە. داوەری هونەرێکی لەو چەشـنە نەتـەنیا هـەر چینێکی دەوڵەمەنـد، بـەڵکوو لـە ئەسـتۆی تـەواوی جـەماوەر دەبێـت و ئەمڕۆکـە وایـە. چـوون بەرهـەمێکی هونـەری بـۆ ئـەوەی کـە بـاش دەرك بکرێ، قەبوولْ بکرێـت و بـە نـاو و ناوبـانگ بگـات دەبێ وەلامـی پێداویسـتییەکانی نـەك تـاقمێکی کـەم و بـە ژیـانێکی نائاسـاییەوە بـەڵکوو بـە پێداویسـتییەکانی کۆمـەڵانی بـەرینی خـەڵك واتـە ئەوانـەی کـە ژیـانێکی سروشتی و پڕ مەینـەتی یـان هەیـە، بداتـەوە. هـەروەها بەرهـەمی هوونـەریی نـاتوانێ تـەنیا حاسـڵی کـاری تاقمێکی کەم لە هەڵبژاردەکانی کەمینە بێت کە سەر بـە چینی خـاوەن سـەروەت و سـامانە یـان بـە جۆرێـك لـە جۆرەکان پێوەندی بە ئەوانـەوە هەیـە، بـەڵکوو حاسـڵی ئەو ئینسانە هەڵکەوتووانەیە کە لە ناخی جەماوەرەوە سـەر هەڵـدەدەن و توانـایی و لێهـاتوویی داهێنـانی هونەری لەخۆ نیشان دەدەن.

ئەو زەمانەی کە تولستوی ئاماژەی پـێ دەکات، ئـەم سـەردەمەی ئێستایە. هیچ کـەس ناتوانێ نکۆڵی لـەوە بکات کە سوننەتە کلاسیکییەکانی روسیە ئەمڕۆ چەندە لە ئێمە نزیکن وەك نمونە بێجگە لە تولستوی، دەتوانین بە سەدان نمونەی دیکە لە نووسەرانی روسیە و بەرهـەم گـەلێکی کـە بـە وەسـیلەی خـەڵك و بـۆ خـەڵك خوڵقـاون بخەینـە روو کـە" سـالتیکۆف شچـدرین" هونەرمەنـدی مـەزنی سـەدەی نۆزدەهـەم لـە روسـیە یەکێکـە لـەو نموونانـە ئـەو نـە تـەنیا هـەر بەیانگـەری ئوسـوولی ئەدەبیاتی کۆمەڵایەتییە، بەڵکوو رووناك کەرەوەی رۆڵـی ئەدەبیاتیشە. لەم زەمینەیەدا ئەو بێ باکانە لـە وشـەی" تەبلیغات" کەڵك وەردەگرێ و لـە بەرهەمـەکانی دا وشـە گـەلێکی وەك" ئـەدەبیات" و" خەللاقیـەت" بـە روونـی و پڕ بە مانای خۆی بەکار دێنێ.

سەدەیەك لەمەو بەر شچدرین، واتـە ئـەو نووسـەرەی کـە بـاوەڕی بـە شـۆڕشـی دیموکراتیـك بـوو دەڵـێ:" لـە راستی دا ئەدەبیات و تـەبلیغات چۆن یـەك و یەکسـانن. شـایەد ئەمـە حەقیقـەتێکی دێرینـە بـەڵام ئـەدەبیات ئێستاش نازانێ کە دەبێ بەرەو ئـەم راستیە بگەڕێتـەوە. هـەر ئەندێشـەیەکی پڕشـنگدار و مـەزنی کـە ئـەدەبیات باسی لێ دەکات، وە تەواوی ئەو حەقیقەتە نوێیانەی کـە بـە دەسـتیان دێنـێ بەیانگـەری ئـەو راسـتییەیە کـە لـە ئەدەبیات دا چۆنایەتییەکی بەرز شاراوەیە کە بەسـەر تاریکییەکان دا زاڵ دەبێـت و کەسـانی" موتەعەسـب" و کەللە وشك دێنێتە ژێر دەسەڵاتی خۆیـەوە. ئـەم حاڵەتـە تەقریبەن سەبارەت بە خەیاڵاتیش هەر وایە. پێشکەوتن ئینسانەکانی بە رادەیەکی بەرچاو وەدواخست و هەندێ جاریش گورزی دڵتەزێنی وەشاند. بەڵام بێ گومان ئـەم ئەدەبیاتـە مـەجالێکی بـۆ سـەپاندنی رەخنـەکردن و کاریگـەری هەمیشـەیی خـۆی بەسـەر جیهـان دا نابێـت، چوون ئینسان کە نوێنەری راستەقینەی پێشکەوتنە لـە بەرامبـەر ئـەو زەبرانـەی کـە لێـی دەکـەوێت بـێ دەنـگ نامێنێتەوە". هەر ئەم نووسەرە ساڵها بـەر لـە دەربڕینـی ئەو راو بۆچوونەی کە لـە سـەرەوە ئاماژەی پـێ کـراوە، لەسەر ئەو باوەڕە بوو:"... ئەرکی ئـەدەبیات ئەوەیـە کـە هێـزو توانـا نوێیـەکان لـە تـاریکی وەربگرێـت وبـە کۆمەڵگایان نیشان بدات. ئەدەبیات دەبێ بـەو قەناعەتـە بگات کـە بـوونی ئـەو بـە ناچار بـە کۆمـەڵگاوە پێوەنـدی هەیە و ناتوانێت و نابێـت بـاس لـە هیچ شتێکی دیکـە بێجگـە لـەو شـتەی کـە لـە نـاو کۆمـەڵگادا شـاراوەیە، بکات".


وتار

من لەوەی کە ئاماژەم بە بەشێك لە وتەکانی نووسەرێك کرد کە سەدەیەك لەمەوبەر ژیاوە وەك باقی نووسەرەکانی روسیە – تولستوی و داستایوفسکی – بەتایبەت بۆ بەردەنگەکانی دەرەوەی وڵات نەناسراوە، داوای لێبوردن لە بەردەنگەکانی خۆم دەکەم. بەڵام سالتیکوف شچدرین گرینگییەکی بێ ئەو پەڕی لە خود ئاگایی شۆڕشگێڕانەی نووسەرانی روسیە دا هەیە. بیر و باوەڕی ئەو هەر وەك بیر و باوەڕی دیموکراتە شۆڕشگێڕەکانی دیکە، لەوانە " بلینسکی، چرنیشفسکی، دورولیبوف و هرزن، نیشان دەدات کە ئەم سوننەتانە لە ئەدەبیاتی روسیە دا ریشەیان دا کوتاوە و نوسەرێك نەیتوانیوە جیا لە کۆمەڵگا تەنیا دەرگیری خۆی بێت. نوسەرە کلاسیکەکانی روسیە هەمیشە لە بەر پرسیار بوونی خۆیان سەبارەت بە خەڵك ئاگا بوون و هەر بەم هۆیەوەیە کە باوەڕی" هونەر بۆ هونەر" بەردەوام لەگەڵ ئەوان دا ناسازگار بووە.

باوەڕی حیزبی بوونی ئەدەبیات وەك یەکێك لە جەوهەری رئالیسمی سوسیالیستی بریتییە لە بەردەوام بوون و گەشەی ئەم سوننەتانە لە جێگا و شوێنی نوێی مێژوویی دا. ئەرکێکی کە ئەدەبیاتی شۆڕەوی بۆ خۆی لە بەرچاو گرتووە ئەوەیە کە هێز و توانا نوێیەکانی کۆمەڵگا بەرز بنرخێنێ و ئەم واقعییەتە پاساو بکات کە سەرچاوە و ریشەی ئەسڵی ئەدەبیات بەشێوەیەکی حاشا هەڵنەگر پەیوەستە بەو هێزانەوە.

ماکسیم گورکی لە نوسراوەیەکی خۆیدا بە ناوی" لئوتولستوی" دژایەتی تولستوی لەگەڵ ئانارشیسم و ئەو شتەی کە بە ناو" ئازادی بێ ئەملاو ئەولای تاك" ناو دەبرێ بەیان دەکات.

لێك دانەوەی گورکی لەسەر قسەی تولستوی بەم جۆرەیە:" من لە بیرمە کە کاتێك"سولرژیتسکی" نامیلکەیەکی" پرنس کروپوتکین" ی دەخوێندەوە، لە خوێندنەوەی ئەو شور و شەوق دای دەگرت و رۆژ تا ئێوارە لەسەر بەر حەق بوونی ئانارشیسم بۆ هەموان دەدوا و سەبارەت بەو مەسەلەیە بە نیگەرانییەوە فەلسەفە بافی دەکرد. تولستوی بە تورەییەوە پێی دەڵێ:" ئاخ، بەسیکە، لیوشکا، بێزارت کردم. تۆ وەك تووتی بەم وشەی ئازادییەوە نووساوی، ئازادی: بەڵام مانای ئەم وشەیە چییە؟ ئەگەر تۆ بە بێ هیچ" تەعەهود" و بەو چەمکەی کە پێی دەبەخشی بە ئازادی بگەی، دەزانی چ روو دەدات؟ ئەم چەشنە ئازادییە، لە روانگەی فەلسەفییەوە بۆشاییەکی بێ کۆتاییە. ئاخ... قسە کردن چ سوودێکی هەیە! ئێمە هەموومان لە ناو ئەرکەکانی خۆمان سەبارەت بە دراوسێکانمان بە شوێن ئازادی دا دەگەڕێین، وە ئاگایی تەواو سەبارەت بەم ئەرکانەیە کە لە قۆناغی یەکەم دا کەسایەتییەکی ئینسانی مان پێ دەبەخشێت. وە ئەگەر بە هۆی ئەم ئاگاییەوە نەبوایە ئێمە وەك حەیوان دەژیاین..."



ئەمە رای تولستوی بوو. بەڵام ئەم داستایوفسکییەی کە بە رواڵەت" خەللاقیەتێك" بە شۆڕش نابەخشێ و تەنانەت داستانی دژە شۆڕش و شێتانەش دەنووسێت، هەر ئەم داستایوفسکییەی کە دژ بە هەر چەشنە گۆرانکارییەك بوو، بەڕادەیەکی زۆر لە سیستەمی چەوسێنەرانەی بورژوایی بێزار بوو. وە ریاکارانە بوونی دروشمی ئازادی لە جێگا و شوێنی سەرمایەداری دا دەرك کردبوو." ئەو لە بەشێك لە

نووسراوەکانی لە ژێر ناوی" دەربارەی بورژوایی" لە کتێبی" یادداشت"ە( بیرەوەرییە) زستانییەکان لە جێگا و شوێنی هاوینی"دا دەنووسێت: ئازادی چیە؟ ئازادی! کام ئازادی؟ ئازادی یەکسانە لە گەڵ ئەو شتانەی کە بە مەیلی ئەوانە بەڵام لە چوار چێوەی یاسادا! کوا دەتوانی هەرچی دەوڵەت دەیهەوێ بەرێوەی ببەیت؟ ئەم نموونەیە دەتوانێ مەسەلەکە روون بکاتەوە: پیاوێك خاوەنی یەك ملیۆن قرانە، وە بەم پارەیە دەتوانێ کار گەلێك بکات– ئایا ئازادی یەك ملیۆن قران بە هەموو کەس دەدات؟ نا. پیاوێك بە بێ یەك ملیۆن قران چیە؟ پیاوێك بە بێ یەك ملیۆن قران ئەو پیاوە نیە کە هەر شتێك مەیلی لێ بێ بتوانی بیکات. بەڵکوو ئەو پیاوەیە کە هەر کەس هەر بەڵایەك کە پێی خۆش بوو بە سەری بێنێت."

... وەسەرەنجام، نووسراوەکانی داستایوفسکی، لە ژێر کاریگەری هۆگری ئەو بە جەماوەری"سووکایەتی پێکراو و پێشێل کراو"، نارەزایەتی دەربرینێکە دژ بەو جێگا و شوێنە، جێگا و شوێنێك کە لەو دا تاقمێك دەتوانن هەر بەڵایەك بەسەر ئینسان بێنن.

ئەمە بیروباوەری تولستوی و داستایوسکی یە، بیروباوەری نووسەرانێکی کە گورکی بە هۆی شاعیرانە کردنی خووخدە ئانارشی "ئاسیایی" یەکان لە کەسایەتی روسیەدا لۆمەیان دەکات. لە پێشتر و دوای تولستوی ش بیروباوەری لەو چەشنە لە دژی بە ناو "ئازادی بێ ئەم لاو ئەولای تاك" لە لایەن کۆمەلێك نووسەری دیکەوە لەوانە "گوگول، هرزن، سالیتکوف شچدرین، بلینسکی، چرنیشفسکی و نکراس" ی شاعیرەوە بەیان کراوە و هەڵبەت گورکی بەر لە هەر کەسێکی تر لەم زەمینەیە دا بابەتی نووسیوە و ئەم بە ناو ئازادی بێ ئەم لاو ئەولایە بە "کرمی ریخۆڵەی تاکەکان" ناودەبات.

لە روانگەی فەلسەفی و تئوریکی یەوە گەیشتن بە ئازادی بێ ئەم لاو ئەولا، شتێکی محاڵە لە مەر ئەوەی کە ئینسان بە هەر ئاستێکی فەرهەنگی یەوە خوڵقاوی جەبری مێژوویی یە و ناچارە لە پێوەند لە گەڵ جێگاو شوێنی واقعی ژیان، عەمەل بکات. هەر بەم هۆیەوەیە کە بڵاوکراوە روسیە ئاوا راشکاوانە رەخنە لە شێوە کاری و پەیکەرسازی یە سەرەتایی یەکان و ئەو فیلم و کتێبە تایبەتانەی کە وێنەیەکی بەراوەژو و ناواقعی لە ژیان دەخەنە روو، دەگرن. ئایا ئەم شێوە رووبەرووبوونەوەیە لەگەڵ هونەر جۆرێکە لە دەستێوەردانی نابەجێ لە هونەر؟ هەم بەڵێ و هەمیش نا. لەو روانگەیەوە کە هونەرمەندەکان بۆ بەیانی مەیلە ئانارشیستییە تاکەکەسییەکانی خۆیان چوارچێوەگەلێك دیاری دەکەن کە بەوەسیلەی ئەو میزانە سروشتییەکانی کۆمەڵگا خەوشدار دەبێت.

ئەم چوارچێوە و بەر تەسك کردنەوانە لە سیستمە بورژوا دیموکراتیکەکانیش دا وەبەر چاو دەکەون. بۆ نموونە سەبارەت بە فیلم و ئەدەبیاتە" هەرزە"کان( کە بە داخەوە ئەم مەسەلەیە لە هەموو شوێنێك و بە شێوەی پەیگیر نابێتە تەوەری بەرتەسك بوونەوەی پێویست.) لە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری دا بەرتەسك کردنەوە گەلێکی دیکەش هەیە، وەك قەدەغە بوون لە سروشتی هەڵسووڕانی سیاسی دا.

لە کۆمەڵگای شۆڕەوی دا سیاسەتی پێوەندی دار بە ئەدەبیات وەك" بەشێك لە ئەرکە گشتییەکانی پرولتاریا" ( لەگەڵ بەکارهێنانی جەوهەری وشەکانی لنین) بریتییە لە رەخنە گرتن لە هەر شتێکی کە لە بەرانبەر بەرژەوەندییەکانی خەڵك دا قەرار بگرێت.

بیرمەندانی دیموکراسی لە رۆژئاوا لە هەوڵی ئەوەدان تا سیاسەتی حیزبی کۆمۆنیست لە پێوەند لەگەڵ ئەدەبیات دا وەك دەستدرێژی کردنەسەر ریشەیی ترین یاسا و رێساکانی دیموکراسی بناسێنن، بێ گومان سەبارەت بەم لێکدانەوەیە ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە: مەبەست لە کامە دێموکراسییە؟ جەماوەرێك کە تەواوی هەوڵی خۆیان لە پێناو بنیات نانی ئابوری و فەرهەنگی نوێی یەکیەتی شۆڕەوی دا بەکار دێنن بە زەحمەت دەتوانن سەرنج بدەنە جۆرێك لە" ئازادی" کە زەمینە بۆ فیلمە نیوە هەرزەکان، سەما رووتیەکان، فیلمە پێکەنینیە بێ بایەخەکان و هەروەها ئەدەبیاتێکی بەدوور لە هەر چەشنە بیر و باوەرێك خۆش دەکات.

هونەرێك كە بە تەواوەتی سەرقاڵی بەراوردە كردنی ویست و داخوازییە جنسییەكانە بێ گومان ناتوانێ لەگەڵ ئەو جێگاوشوێنە دا بگونجێت كە كۆمۆنیسم لە سەرجەم ئاستە كۆمەڵایەتییەكاندا لە پێناو گەیشتن بەودا خەبات دەكات. سروشتییە كە هەر كۆمەڵگایەك، هونەرێكی وا بەدی دێنێ كە بتوانێ وڵام دەرەوەی پێویستییە رۆحییەكانی ئەو كۆمەڵگایە بێت و لەگەڵ شێوازە جۆراوجۆرەكانی ژیانی ئەو كۆمەڵگایە دا بێتەوە. مەسەلەی دەستێوەردانی حیزب لە كاری هونەرمەندەكان، هیچكات سەبارەت بە كارەكانی "مایاكۆفسكی، شۆلۆخۆف، فدیف" وە یان "ئالكسی تولستۆی" گرفتێك پێك ناهێنێ. لەو رووەوە كە ئەو نووسراوانە هیچكات لە نێوان تواناییە داهێنەرانەكانی خۆیان و بەرژەوەندییەكانی حیزب دا هەستیان بە ناتەبایی نەدەكرد. بۆ نموونە، مایاكوفسكی دەی ویست كە" پێنووس ئەركی سەرنێزە بەرێوە ببات" و زانایش، هەروەك ئاسن و پۆڵا ببێتە تەوەری باس و لێكۆڵینەوەكان لە كۆنگرەكانی حیزب دا.

ئەلكساندر فدیف لە قسە و باسەكانی دا روو بە كۆنگرەی نووسەران كە لە ساڵی 1951 بە بۆنەی پەنجاهەمین ساڵیادی لە دایك بوونی خۆی بەرێوە چوو، وتوویە كە ئەو ئێستاكەش هەروا لە بیری داهێنانێكی مەزن دایە. ئێستاكەش ئەو دەبێ سروودە مەزنەكەی خۆی بخوێنێ: سروودێك لە بارەی حیزبی كۆمۆنیست دا...

مەبەست لە دووپات كردنەوەی ئەم وتە و بەڵێنیانە ئەوەیە بوترێ كە گەلێك نووسەر بوون و( سەر لە نوێش دەبنەوە) كە لەگەڵ تەواوی دیاردەكانی سەردەمی خۆیان دەرگیر بوون و بیروڕای خۆیان لەم زەمینەیە دا بە شێوازی جۆراوجۆر بەیان كردووە.

وەك ئەوەی كە پوشكین دەنووسێت:

من پێویستیم بە ئازادییەكی بەرز و بەرێزترە.

ئاوێتە بوون لەگەڵ تزار، ئاوێتە بوون لەگەڵ جەماوەر،

چ جیاوازییەكی هەیە؟ هەموو هەر ئاوێتە بوونە.

من دەمەوێ تەنیا بە مەیلی خۆم و

لە خزمەت خۆم دا بم.

نە بە ریاكاری و نە بە مل كەچی.

یارەب من نامەوێ پلەیەكی بەرزتر یان هێزێكی زۆرتر بە دەست بێنم...

مایوكوفسكیش سەر دەمانێك كە مەدحی حیزب و لنینی دەكرد لە خزمەت خۆی و مەیلی خۆی دا بوو. پوشكینیش شاعیری جەماوەر بووە بەڵام شێوەی روو بە روو بوونەوەی ئەو لە گەڵ خەباتی جەماوەر دا لە چەشنێكی دیكە بوو. ئەو لە گەڵ ئەوەدا كە مەدحی ئازادی دەكات لە دژی نیكۆلای یەكەم دەوەستێتەوە. لێرەدایە كە لە نێوان ئەم دوو شاعیرەدا، جیاوازی یەكی مێژووی و هاوكات پێوەندی یەكی مێژوویش دروست دەبێت.

بەرنامەی راگەیەندراوی لنین سەبارەت بە ئەدەبیاتی نوێ وڵامێكە بە پێداویستی یەكانی مێژوو ئەو جۆرەی كە ئینگلس وشەكان بە كاردەبات بۆ تێپەربوون لە "چوارچێوەی پێویستی" یەوە بۆ "چوارچێوەی ئازادی" — كۆمەڵگای نوێ ناچارە تەواوی هێزەكان كۆبكاتەوە و خۆی بۆ دژوارترین هەنگاو و تێكۆشانەكان لە محەكی تاقیكردنەوەیەكی پڕ مەترسی بدات.

بیروڕای لنین سەبارەت بە حیزبی بوونی ئەدەبیات، لە واقیع دا" تەعەهود"ێكی گەورەیە كە لەگەڵ وەرچەرخانی بەخێرایی مێژوو، لەم سەردەمەدا، هاوئاهەنگییەكی تەواوی هەیە.

جیهانی كۆنی بورژوایی رەنگە ئەم بەرنامەیەی بەلاوە پەسەند نەبێت، كە ئەمە شتێكی سروشتییە. چوون خۆی ئەم بەرنامەیە بەدیهاتووی حاشاكردن لە بایەخەكانی جیهانی كۆنە و یەكێكە لەو چەكە كاریگەرانەی كە لە خەبات و بەربەرەكانێ لە دژی یاسا و رێساكانی جیهانی كۆن و پرتووكاو دا بە كار دەبردرێت.

***

# "بیرەوەریەکانی ماکسیم گورکی لە چخۆف"

و– ئا: پێشەنگ

لای "چخۆف" ئینسان بە دەست خۆی نەبوو هەستی دەکرد دەبێ سادەتر بێ و خۆی لێ نەگۆڕێ. من زۆرجار دەمدیت کە برێك خەڵك لە بەرانبەریدا وشەی رازاوە بەکار دێنن و قسەی زل دەکەن یان هەندێك لەو قسە و وشانەی کە جارێك لەبەریان کردوە هەر وا لەسەر یەك هەڵیدەرێژن، بەڵکوو بەم جۆرە خۆیان وەك شارەزا و پێشکەوتوو و ئورووپایی نیشان بدەن. "چخۆف" دەیویست لە ژێر ئەو رووپۆشە فریودەرە، روخساری واقیعی و رۆحی حەقیقی خەڵك ببینێتەوە. "چخۆف" سەراسەری عومری بە رۆحی حەقیقی خۆیەوە ژیا. ئینسانێکی بە تەواوی مانا ئازادە بوو. هەرگیز فشاری بۆخۆی نەدێنا تا بە پێی چاوەڕوانی، یان ویستی خەڵك بژی. هەرگیز نەدەچووە نێو باسی قووڵی دوور لە ژیان و واقیعی راستەقینەکان. ئەو باسانەی کە هاوشاریە ئازیزەکانی ئێمە دڵی خۆیانی پێ دادەمرکێنن و لە بیریان دەچێتەوە کە جگە لە هەندێك قسەی هیچ و پووچ و بێ بایەخ شتێکی تر نیە. وەکوو ئەوەی کە بە باس لە کۆشك و قەڵا و باڵاخانەی رازاوە دڵت خۆش کەی و خۆشت لەو دنیایە دا بستە زەوییەك بۆ حەسانەوە شك نەبەی.

"چخۆف" بۆخۆی بێ ئەندازە سادە بوو وە هەموو شتێکی سادەی خۆش دەویست. لای ئەو راستی و خۆشەویستی پەسەندکراو بوون. هەمیشە هەوڵی دەدا وابێ هەتا خەڵکی تریش لەگەڵیا راست و سادە بن.

لەبیرمە جارێکیان لە ماڵی "چخۆف" چاوم بە پیاوێك کەوت کە دادستان بوو. دادستانی تزاری! پیاوێکی جوان و جحێڵ بوو. درووست لە بەرامبەری دا "چخۆف" راوەستا بوو و بە شێوەیەکی وشیارانە قسەی دەکرد:

– "ئانتوان پاولوویچ"! ئێوە لە چیرۆکی –پیلان–دا وەزعێکی ناخۆشت بۆ من درووست کردووە. ئەگەر من بەوەدا بنێم کە ((دنیس گریگوریف)) تەمایەکی شووم و شەیتانی بووە، دیارە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی کۆمەڵ دەبێ دەسبەجێ بیخەمە زیندان. بەڵام ئەو کابرایە نەزان و وەحشیە! جەنایەت و بەدکرداری خۆی دەرك ناکات. ئینسان دڵی پێی دەسووتێ. ئەگەر بێتوو من ئێستا لە رووی ئەوەی گۆیا "دنیس" ئینسانێکی نەزان و گێلە، تەسلیمی یحساساتی خۆم بم و ئازادی بکەم، بە چ مەعلووم "دنیس" جارێکی تریش ناچێ پێچ و مۆرەی رێگای قەتار شل بکاتەوە و دیسان قەتارێك وەرنەگەڕێ! لێرەدا پیاو ئەو پرسیارە لە خۆی دەکات کە ((دەبێ چی بکەم؟))

وچانێکی گرت و دانیشتە سەر سەندەڵیەکە و چاوێکی تیژ و پڕ پرسیاری بڕیە "چخۆف". ئاغای دادستان لیباسێکی تازە و ئوتوو کراوی لەبەردا بوو کە دوگمەکانی لەسەر سینەی دەبریسکانەوە. ئەوانیش وەکوو چاوەکانی بریقەیەکی تایبەتیان هەبوو. لە وەڵام بەم عاشقە لاوەی عەداڵەت دا "چخۆف" وتی: – "ئەگەر من قازی بام "دنیس"م ئازاد دەکرد."

قازیەکە وتی: – "بە چ هۆیەك؟"

"چخۆف" لە وەڵامدا وتی: – پێم دەوت، "دنیس" تۆ هێشتا ئەو کەسە نی کەبە ئانقەست و لە رووی تەما و بریاری پێشووەوە جەنایەت دەکا. برۆ تا دەگەیە ئەو رادەیە.

قازیە لاوەکە هەندێك پێکەنی و پاشان دەسبەجێ پێشی بە پێکەنینەکەی خۆی گرت و کەمێك خۆی کۆ کردەوە و وتی: "نا کاکە ئەو پرسیارە دەبێ من وەڵامی بدەمەوە. ئەوە منم کە ئەرکی پاراستنی بەرژەوەندی و

وتار

گیان و ماڵی خەڵکم وەئەستۆ گرتووە. "دنیس" گێلە، بەڵام جینایەتکاریشە. ئەمە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە.

"ئانتوان پاولوویچ" لە ناکاو بە دەنگێکی نەرم پرسی: "باشە تۆ گرامافۆنت خۆش ئەوێ؟"

پیاوەکە بە خۆشحاڵیەوە وتی: " بەڵێ زۆریشم خۆش ئەوێ. داهێنانێکی سەیرە!"

"ئانتوان پاوویچ" بە حاڵەتێکی تێکەڵ بە بێزاریەوە وتی: " بەڵام من تەحەمولی گرمافۆنم نیە.

–بۆ؟

"چخۆف" وتی: " لە سەفحەی گرامافوندا قسە دەکەن، گۆرانیدەڵێن، بەڵام هیچ هەست و گیانێکی زیندووی تێدا نی نیە. هەموو شتێك وەك کاریکاتۆر مردووە.

پاشان پرسیاری کرد: باشە ئایا تۆ خۆشیت لە وێنەگری دێ؟

وادیار بوو دادستان عاشقی وێنەگریش بێ، چونکە دەستبەجێ باسی گرامافونەکەی لە بیرچووە و کەوتە تاریفی وێنەگری. "چخۆف" بە وردبینی یەکی زۆرەوە پێش بینی ئەم وەزعەی بۆ ئاغای دادستان کردبوو و بۆ تێگەیشتن لە حاڵی ئاغای دادستان، ڕەخنەی لە تاریفی " داهێنانی سەیر" گرت و لەو حاڵە دا لە نێو جل و بەرگی ڕەسمی قەزاوەت دا، پیاوێکی چکۆلەی سەرخۆش و دڵشاد خۆی نیشان دادا کە هەست و ئیحساسی لە بەرانبەر ژیاندا لەگەڵ ئیحساسی تاریەکی ڕاو، جیاوازیەکی وای نەبوو.

دوای ئەوەی،" ئانتوان پاولوویچ" کابرای دادستانی بەرێ کرد، بەتووڕەییەوە وتی:

_" ئەوانە کە لە سەرەوەی خەڵك و لە سەر کورسی عەداڵەت دا نیشتوون، دەڵێی غورووری نابەجێی سەردەمی لاوین ڕواڵەتێکی شیرینەوە خۆ دەنوێنن. سەیرکە چارەنووسی خەڵك بەدەست کێوەیە؟!

دوای کەمێك بێدەنگی وتی:" پێم وابێ دادستانەکانی تزار ماسیشیان زۆر پێ خۆش بێت، بە تایبەت ڕاوی وردە ماسی.

ئەمە هونەری تایبەتی "چخۆف" بوو کە لە گشت جێیەك پەردەی لەسەر گەندەڵی و "ابتزال" هەڵدەدایەوە و بە گژیدا دەچوو و بێ بەزەییانە دەیدایە بەر شەللاقی ڕەخنە.

جارێك لای "چخۆف" وتیان: "بڵاوکراوەی گۆڤارێکی ناسراو کە هەمیشە عیشق و خۆشەویستی و دڵسۆزی وێردی سەرزاری بووە، بەبێ هیچ بیانوویەك، هەزار جنێو و قسەی سووکی بە نیگەهبانێکی ڕێگای ئاسن داوە. هەروەها لەگەڵ ئەو کەسانە کە کاری بۆ دەکەن، بێ شەرم و دەم شڕە."

"ئانتوان پاولوویچ" بە بزەیەکی خەماویەوە وتی: " باشە مەگەر ئەو کابرایە لە چینی دەوڵەمەندان و داراکان نیە؟ مەگەر پیاوێکی خوێندەوار و تەربیەت دراو نیە و لە مەدرەسە دەرسی نەخوێندوە؟ مەگەر باوکی باشترین بەرگ و پێڵاو لەبەر ناکا؟ مەگەر خۆی هەمیشە کەوشی بریقەداری لە پێدا نیە؟"

لە جەوهەری قسە و شێوەی بەیانی "چخۆف" دا ئینسان هەستی بەوە دەکرد کە دەڵێ:

–دیارە کەسێك کە لە چینی سەرەوەی کۆمەڵ دا بێ و ئەشراف زادە بێ، گەلێك پەست و ئەحمەقە.



لە چاوەکانی "چخۆف" دا هەمیشە بزەیەکی پڕ لە متمانە دەبیندرا. بەڵام جاری واش بوو هەر ئەو چاوە خۆڵەمێشیانە، تێر و سارد دەبوونەوە. لە کاتی وادا لەحنی دەنگی نەرمی، توند و تیژیەکی وای بەخۆوە دەگرت، کە ئینسان هەستی دەکرد ئەم پیاوە ئارام و

لەسەر خۆیە، لەکاتی پێویستدا دەتوانێ سەرسەختانە لەگەڵ دوژمنی خۆی، لەگەڵ ناوشیاری و نەزانی دا شەڕ بکا و هەرگیز تەسلیم نەبێ. جاریواش بوو من وام بیردەکردەوە کە بۆچوونی "چخۆف" سەبارەت بە خەڵك پڕ لە هەستی نا ئومێدی و بێزاری وازهێنان لە هەموو شتێکە.

مرۆڤ تا کاتێك کە لاوە، زەڵاڵەت، پەستی، بێ دەسەڵاتی و فەساد هەر بە شتێکی بێ بایەخ دەزانێ و شۆخی پێدەکا. بەڵام وردە وردە ئەو فەساد و چەپەڵکارییە بەسەر وجوودی خۆیشیدا زاڵ دەبێ. "فەساد" وەکوو ژارێك لەگەڵ خوێن و مێشکی تێەڵ دەبێ. دەبێ بە دووکەڵێکی چڕ و پڕ و کەم کەم گەرووی پڕ دەکا و قرخە بڕی دەکا. لە وەزعێکی وادا ئینسان چەشنی تابلۆیەکی سەر ڕێگاوایە کەبە تۆز و خۆڵێکی زۆر دادەپۆشرێ. دەزانێ پێشتر شتێك بووە، بەڵام ئێستا چییە؟! کەس نازانێ.

"ئانتوان چخۆف"، هەر لە سەرەتای نووسینیەوە بە کارامەییەکی تەواوەوە، دەریای ڕەش و لیخنی "گەندەڵی" بە گاڵتەیەکی تاڵەوە دەخاتە بەرچاو. ئەگەر تەنیا کورتە چیرۆکە "تەنزەکانی" بە وردی بخوێنینەوە، دەبینین کە لە پشت پەردەی بزە و شۆخی و پێکەنینەوە، دنیایەکی ڕاستەقینەی تاڵ و دڵتەزێن و ستەمکارانە خۆی دەنوێنێ. ئەمە لە حاڵێکدایە کە "چخۆف" بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە جورئەتی دەرخستنی ئەم ڕاستیانە بە خۆی دەدا و لەو کارە ئەبایەکی نییە.

کاتێ خەڵك چیرۆکی بەناوبانگی "کچی ئالیبون"ی "چخۆف" دەخوێننەوە، پڕ بە دڵ پێدەکەنن و لە هەمان حاڵدا لە قووڵایی دڵیانەوە دەزانن، کوێخای ((خۆردە و بۆردە)) کە ئینسانێکی تەنیا و بێکەس و کار، مەسخەرە دەکا، کارێکی ناحەز و نەشیاو ئەنجام دەدا. لە ناو تەواوی چیرۆکەکانی "چخۆف"دا من ئاهی قووڵی ئینسانێك دەبیستم کەدڵێکی پاك و حەقیقی هەیە. ئاهێکی نا ئومێدانە، بەڵام هەڵقوڵاو لە دڵەوە دێتەدەر، گەورەیی و کەرامەتی ئینسانی خۆیان نابینن و ڕێزی لێ ناگرن.

پەژارەی "چخۆف" بۆ ئەو ئینسانانەیە کە تەنیا بیر لە ئاو و گۆشتە چەورەکەی خۆیان دەکەنەوە و لەوە زیاتر هیچ بیر و باوەڕێك بە مێشکیاندا ختوور ناکا. "چخۆف" داخ وکەسەرەی بۆ ژیانی ئەو کەسانەیە کە لە ژیانی کولە مەرگی خۆیاندا، بەرلە هەر شت هەست بە ترس دەکەن. ترس لە کەسێکی بە دەسەڵات کە لێشیان بدا و پەناشیان بدا.


هیچ کەسێك وەك "چخۆف" وا ڕوون و ڕووت و ئاشکرا هەستی بە ناو ئاخنی تاڵ و دڵتەرێنی ژیان نەکردوە. هیچ کەس بەر لە "چخۆف" ڕاستی ژیانی ئینسانی بەو ورە بەرزیەوە نیشان نەداوە و ئاوا ڕوون و واقیعی، لە ژانی شەرمەسارانەی ئینسان لە نێو ئاڵقەی موناسباتی بۆرژوایی دا، وێنەی هەڵنەگرتووە.

"گەندەڵی" دوژمنی "چخۆف" بوو. هەموو تەمەنی لەگەڵ ئەم دوژمنە شەڕی کرد. تێکۆشا هەتا ڕوخساری سووکی چەپەڵکارییەکانی ناو کۆمەڵ وەك خۆی نیشان بدا. بە قەڵەمێکی تیژ و ڕاسگۆ و بێهەوا و هەوەس، لەوژیانە شەرم هێنەرە هاتەقسە و هەموو شتێکی درکاند تەنانەت لەو شوێنانەی کە بە ڕواڵەت هەموو شتێکی پاك و خاوێن بوو و لەسەر جێگای خۆی دەدرۆشایەوە، "چخۆف" بە زەڕەبینی بیری تیژی دەسبەجێ فەساد و گەندەڵی دەدیتەوە و بە گاڵتەیەکی تاڵ و بێ بەزەییانە، ڕووتی دەکردەوە. ئەم کارە بۆ "چخۆف" وەك ئاو خواردنەوە وابوو. بەڵام سەرەنجام "گەندەڵی"، بە گاڵتەیەکی تاڵ و تۆڵەی خۆی لە "چخۆف" کردەوە.

ئەو ڕۆژەی کە "چخۆف" مرد، پەیکەری ئەو شاعیرە گەورە، ئەو دوکتورە تیژ بین و دەروون ناسەیان خستە نێو قەتارێکی باربەری و بێ قەدرانە هاویشتیانە سەر بار و بنەی ئەو قەتارە! ئەو کوپە سەوز و پیسەی کە "چخۆف"یان تێهاویشت بە بڕوای من قاقای سەرکەوتنی "گەندەڵی" بوو بەسەر دوژمنی ماندووی خۆیدا. بڵاو کردنەوەی بیرەوەری ئەم و ئەو دەربارەی "چخۆف" لە نێو گۆڤارە ڕەسمی و کۆنەپەرەستانەکانی ئەو سەردەم دا بە بڕوای من سەرخۆشیەکی درۆزنانە بوو کە هەر لە دوورەوە بۆگەنی فەساد و گەندەڵی

لێدەهات. ئەو بیرەوەریانە دەربڕینی خەمی ئەو کەسانەیە کە لەژێر پەردەی شینیان بۆ مەرگی "چخۆف"، شایی لە دڵیاندا دەگەڕێ.

ئینسان کاتێک چیرۆکەکانی "چخۆف" دەخوێنێتەوە، خۆی لە خەڵوەتی زەرد و تەنیایی ڕۆژێکی پاییزی دا دەبینێتەوە. لەم کاتەدا کە هەوا ڕوون و سادە و دار و باخەکان لە ڕاستیدا وشک و ڕووتن و ماڵە بچووک و تەنگ و تاریکەکانی خەڵک چەشنی تۆپەڵە خەمێکی قورس و گرانن، هەموو شتێک لەو نێوەدا غەریب وەستاوە. هەموو شتێک بێ هیوا تەنیا و بێ کەسە. ئاسۆ، شینێکی ڕەنگ پەڕیوکە تادێ بێڕەنگ و ڕووتتر دەبێ، و هەناسە ساردی ئەم ئاسمانە سەرەنجام لەگەڵ زەوی وەک سەهۆڵ دەیبەستێ. زەویش لیخنی قوڕ و لیتەیەکی شەقار شەقارەکە تەبەق تەبەق سەهۆڵ بەسەریا کێشراوە. لە ڕۆژێکی وادا بیری نووسەر، وەک خۆری کزی پاییزە کە لەژێریدا جادەکان وەکوو ماری نوستوو ملیان ڕاکێشاوە. کووچە و کۆڵاەکان خوار و خێچ و ماڵە هەژارەکان وەک جووجەڵەی سەرما بردوو پاڵیان بە پاڵ یەک داوە.



لە نێو بەرهەمەکانی "چخۆف"دا ڕیزێک لە ژنان و پیاوانێک بە بەرچاوی ئێمەدا تێدەپەڕن کە هەموویان، چاو و دڵ و گوێیان بە هەواو هەوەسی نەزانی و دواکەوتوویی و تەوەزەلی گۆش کراوە. ئەوانە هەموو شتێکی باشیان تەنیا بۆخۆیان دەوێ. وەکوو کۆیلەیەکی ترسەنۆک بەو ژیانە ڕەشەوە چەسپاون. بە دنیایەک هەڵە و پێچ و پەناوە، بەبێ ئاسۆییەوە تێدەپەڕن. ژیانیان بە خەروار قسەی پووچ و نا مەربوت، سەبارەت بە داهاتوو پڕ دەکەنەوە و وا هەست دەکەن کەلە حاڵی حازردا لەم دنیایەدا جێگایەک بۆ ئەوان وجوودی نییە.

جارجارێ لە ناخی کپی ژیانی ئەم خەڵکەدا لەپڕ دەنگی گوللەیەک دەبیسترێ. ئەمە "ایوانۆف" یان "تریپیلۆف"ێکە کە تازە لە خەو هەستاوە. ئێستا هەستی بەوە کردوە کە دەبێ یا دەبوا چی کرابا، لەبەر ئەوە تۆڵەی لە خۆی کردۆتەوە و خۆی کوشتوە!

زۆربەی ئەو خەڵکانە خەونی خۆش خۆشی دووسەد ساڵی داهاتوو دەبینن، بەڵام ئەقڵیان بەوە ناشکێ کە لە خۆیان بپرسن ئاخر ئەگەر ئەوان هەروا دانیشن و جڵەویان بەدەست خەیاڵات بسپێرن، ئەی ژیانی ئێستایان چی لێدێ؟ کێ ژیانی ئینسانی ئەمڕۆ لەو زەلالەتە دێنێتە دەر؟ کێ ئەوان خۆشبەخت دەکا؟

لە ڕیزی پێشەوەی ئەم جەماوەرە ڕەشبین و نا ئومێد و هەژارە دا، ئینسانێکی تیژ بیر و دانشمەندێکی وشیار هەنگاو دەنێ، کە تەواوی خەڵکی وڵاتەکەی بە جوانی دەبینێ. ئەمە "چخۆفە" کە بە بزەیەکی تاڵ و ئاهەنگێکی نەرم و سەرزەنشتێکی قووڵ، دوە بە دەردێکی گران لە ناو دڵ دا و بە دەنگێکی پڕ لە خۆشەویستی و ڕاستگۆیی ڕوو دەکاتە خەڵک و دەڵێ:

"دۆستانی من! ئێمە خراپ دەژین. ئەم جۆرە ژیانە شیاوی ئێمە نییە!"

سەرچاوە: ئارشیو

تێبینی: پێشتر ئەم بابەتە نادر کردبوی بە کوردی، و لەم بەشەدا پێشەنگ پێیدا چۆتەوە.

***

# ئەدەبیات و ئارمانگەرایی کۆمەڵایەتی

ن: ئازەر سوڵتانی
و: مەجید مارابی

ئەمە کامەشاعری نەناسراو، خوسرەوگوڵسورخی، یان سەعیدی سوڵتان پوورێك بوو کە هاواری کرد، شێعرەکانی دەبێ سینە بە سینە بگەڕێن، نە ئەوەی کە لە بڵاو کراوەی ئەدەبی یان بە شێوەی کتێب بڵاو ببنەوە، بەڵکوو لە شەو نامەکان و بڵاو کراوە قەدەغەکراوەکاندا. لە بەر ئەوەی کە شێعر بە شوێن بەردەنگ دا ناگەڕێ، بەڵکوو چاوەڕوانی دژ کردەوەیە. شێعر جۆرێك تاکتیکی ئەدەبییە، نەك سەرگەرمی و سیاسەتی فەرهەنگی. شێعر، کورتترین فۆرمە بۆ بەیانی ئێش و ئازارەکانی ڕۆژانەی ئێمە.

سەرقاڵ بوون بە ئەدەبیاتەوە لە مێژوی خەباتی کۆمەڵایەتی دا. هیچ کات تەنیا ئەدەبیاتێکی"سرف" نەبووە. بەڵکوو تاقی کردنەوەیەك بوو بۆ دروست کردنی هێندێ کەرەسەی تەقەمەنی.

خەباتکارەکان دەیانووت، فەرهەنگ نە دیکۆڕە و نە کەرەستەیەکە بۆ هێور کردنەوە و بێ ئیحساس کردنی جەماوەر. بەڵکوو نیشانەیەکە لە ئازاد بوونی وزە و توانایی یەکی ئینسانی.

جگە لە سیاسەت و عەداڵەت، مەسەلەی پێوەندی نێوان هونەر و ئەخلاق – لە سەرەتاوە سەرنجی هەڵسووڕاوانی کۆمەڵایەتی بەرەو خۆی ڕاکێشا. ئینگلس لە نامەیەکدا بۆ مینا کائوستکی وەبیری دێنێتەوە کە ئەدەبیاتی ئامانج دار و بەر پرس لە گەڵ ئەدەبیاتێکی پڕ و پاگەندەیی و شوعاریی جیاوازە. بوخارین و تروتسکی کوژران لە بەر ئەوەی کە بۆچوونە ئەدەبی و فەرهەنگییەکانی ئەوان لە گەڵ سیاسەتی ڕۆژی ئستالین هاوتەریب نەبوون. مێژوو سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە خەباتکاران و ئارمانگەرایانی ئەو

سەردەمە لایەنگری ئەدەبیاتیش بوون مارکس لە وەڵامی کچەکانیدا، کە لە دوایین ساڵەکانی تەمەنیدا، لێیان پرسی بوو، هۆگری کام یەك لە نووسەرانە؟ وتی: ئاشیلووس، سروانتس، شکشپیەر و گووتە، نەفلوبرت و بووشنز لاساڵ، هەڵسووڕاوێکی تری کرێکاری و سوسیال دیموکراتی ئاڵمان دەیوت، نووسەر نابێت بە پاڵەوانی بەرهەمەکەی جیهانبینیەك ببەخشێت کە بەدەر لە ئاسۆی سەردەمی ئەو قەراری گرتبێت. ڕۆزا لوکزامبۆرگ و لنین سەبارەت بە بەرهەمەکانی تولستۆی ڕەخنەیان دەنووسی. ئینگلس ڕۆمانە چەند هەزار لاپەڕەیەکانی بالزاکی بە وردی خوێندەوە. ڕەخنەی لێ دەگرت و شیکاری و توێژینەوەی لە سەر دەکرد. کاتێك کە لنین لە سەرەمەرگدا لە ساڵی 1923دا. سەبارەت بە ئەدەبیاتی پڕ و پاگەندەیی بابەتی – هێندێك کەمتر، بەڵام بە چوونیەتی باشترەوەی – بڵاو کردەوە، بووخارین بابەتی – شۆڕشی کرێکاری و فەرهەنگی – نووسی و حیزبی بە بڵاو کردنەوەی ئەدەبیاتی چاپلووسانە تاوانبار کرد. دەگێڕنەوە کە، ئینگلس کتێبی( بنەماڵەی موقەدەسی) بە پاڵپشتی ڕۆمانی بەناو بانگی ئەو سەردەمە( ڕاز و ڕەمزەکانی پاریس) نووسیوە. نۆ ساڵ بەر لە بڵاو بوونەوەی مانیفێستی کۆمۆنیست، ئینگلسی 19 ساڵ تەمەن ڕەخنە ئەدەبییەکانی خۆی بە ناز ناوی ، فردریش ئەسوالد، بۆ چاپەمەنیەکان دەنارد. لێکۆڵەرێك لە کتێبێکدا بە نێوی( مارکس، ئینگلس و نووسەران) ئیدەعا دەکات کە بەشی یەکەمی مانیفستی کۆمۆنیست، بە بێ کتێبی( کومێدی ئینسانی) بالزاك ئیمکانی نەبوو.

سەرەڕای ئەو هەموو گرنگیی دانە بە ئەدەبیات لە نێوان خاوەن بۆچوونەکانی ئارمانگەرادا، ڕۆژنامەی( ئالای سوور) ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنیستی ئالمان. یەکەمین جار لە ساڵی 1920 دا بوو بە خاوەنی بەشی فەرهەنگی و دەستی کرد بە ناساندنی ئەدەبیاتی کۆمەڵایەتی پێشکەوتن خواز لە هەمبەر خوێندنەوە و عەلاقەی مارکس بە خوێندن و نووسین، دەکرێ بووترێ، سەردەمێك کە ئەو شاعیرێکی لاو بوو، بۆ دەزگیرانەکەی نووسی. لەم ڕۆژانەدا کاغەز و نامیلکەکان قووت دەدەم. مارکس دواتر جارێك دەیگێڕایەوە کە ئەو وەکوو مەکینەیەکی گەورەیە کە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان هەڵ دەلوشێ تا سەرئەنجام بتوانێت بابەتی لێکۆڵینەوەی نوێ بێنێتە سەر کاغەز. بە وتەی شایەت حالان مارکس هاوکات خەریکی خوێندنەوەی 2 -3 ڕۆمان بوو.



ئەو لە پال داروین دا یەکێك لە ڕۆمان خوێنەکانی سەردەمی خۆی بوو. ئەو هۆگریی تایبەتی بە ڕۆمانی تەنز و ماجەراجۆیی وەکوو دۆن کیشۆت بوو. ڕێز لێگرتنی مارکس لە بالزاك تا ئاستێك بوو کە دەیویست لێکۆڵینەوەیەکی تەواو سەبارەت بە کتێبی کۆمێدی ئینسانی ئەو بنووسێت. مارکس لە پێشەکی (ڕەخنەی ئابووری سیاسی) دا نوسی ئاشیل، پالەوانی کتێبی هوومر، لە سەردەمێکی" قورقوشم و باڕووتی" چاوەڕوان نەکراو دایە. ژانر تراژدیای بەرهەم و فۆڕمی ئەدەبی تایبەت بە ئالو و گۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی یوونانی کۆن بوو. ئێمە هوومری کرێکاریمان نیە لەبەر ئەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی هوومر تێپەڕیوە. لە زاراوە جێگای

عەلاقەکانی مارکس سەبارەت بە ئینسان – قۆناغی مندالی هەتا هەتایی بوو. واتا لە ڕوانگەی ئەوەوە وەکوو مندالێکی سەر بزێو و نەسرەوتوو بەردەوام بە شوێن جۆری هونەردا دەگەڕێ. بە پێچەوانەی مارکس کە زۆرتر بە مەبەستی سەرقال بوون، هیلاکی دەرکردن و چێژ بردن، ڕۆمانی دەخوێندەوە،ئینگلس بایەخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆری بە ڕۆمان دەدا. بە پێی بۆچوونی مێژوو نووسان، ئینگلس بە درێژایی تەمەنی لەگەل جۆرێك لە جۆرەکانی ئەدەبیاتی جیهانی خۆی سەرقال کردبوو. بە شوێن پێوەندی نێوان سیاسەت و کۆمەلگاوە بوو. ناو براو ماوەیەك دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لە سەر زمانی فارسی، ئینگلس دەیەویێت هەولی ئەدەبی و زمانەوانی مارتین لوتر، دامەزرێنەری پرۆتستانیسم، لە زمانی ئالمانیدا گرینگترە لە شۆڕش و ریفۆرمی ئەو لە کلیسای ڕۆژئاواییدا.



ئینگلس لە تەمەنی لاویدا شانۆ نامەیەکی بە ناوی( کولا) نووسی. گروپێك لە خاوەن بیران. لە دیفاع کردن و دژایەتی کردنی هونەر و ڕەخنەدا هونەر چەمکێکی موقەدەسە. حەیفە ئەگەر بۆ مەبەستی پرۆپاگەندە کەلکی لێوەربگیرێ. هەنگاو و هەلسوکەوتی ڕەخنە ئامێز، باشترین ڕێگایە کە ڕابردوومان بۆ دەردەخات و قۆناغی ئێستامان بۆ ڕوون دەکاتەوە و ئیمکاناتی داهاتوومان بۆ قابلی تەسەور دەکات. لنین سەبارەت بە ڕەخنە گرێك بە ناوی برۆنۆ بائوور،سکالا دەکات، هەندێك لەم



کەسانە دەست دەکەن بە پەرەستنی رەخنە. وەکوو ئەوەی بڵێی گرینگترە لە پراتیکی حیزب و سیاسەت. ئەوان ئامادەن هەر کردەیەکی سیاسی لە ڕێگای رەخنەوە ئینکار بکەن. پلخانۆف بە باوەڕ بەخۆ بوونێکی تایبەتەوە دەنووسێت، وەکوو لایەنگرێکی جیهانبینی مادە دەڵێم: ئەرکی ڕەخنە گرێك ئەوەیە کە ئیدە و بۆچوونی بەرهەمێك لە زمانی هونەرییەوە بۆ زمانی کۆمەڵناسی بگوێزێتەوە، لە بەر ئەوەی کە ئەرکی ڕەخنەگر، بەرجەستە کردنی حاڵەتی گریان و پێکەنین نیە لە بەرهەمدا، بەڵکوو یارمەتی دانە بە تێگەیشتنی.

پلخانۆف بۆ یەکەم جار پێوەندی دیالکتی نێوان کەڵکی کۆمەڵایەتی و چێژی جوانی ناسانەی لە هونەردا هێنایە ئاراوە. ناوبراو لە ساڵی 1905 دا لە پێوەند لە گەڵ نامیلکەی لنین – ڕێکخراوەی حیزبی و ئەدەبیاتی حیزبی بابەتێکی لە ژێر نێوی – ئەدەبیاتی شانۆیی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە بلاو کردەوە. بە بۆچوونی کار ناسان، تیئوری ئەدەبی مارکسیستی بە بێ ڕەخنە گرتن لە بەرهەمی ریئالیستی بالزاك نامومکینە. خودی بالزاك ئەدەبیاتی سەردەمی خۆی بە دوو دەستە دابەش دەکات، یەکەم ئەدەبیاتی بۆچوونەکان وەکوو بەرهەمەکانی ئستاندال و ئەدەبیاتی تەوسیفی و چیرۆکی، وەك ویکتۆر هۆگۆ، شاتوو بریان، والتر ئسکات. ئەو بە ئاماژە بە ئەدەبیاتی ڕۆانگەکان دەڵێت:

بە تەسویر دەرهێنانی کۆمەڵگەی مۆدێرن بە شێوازە ئەدەبیەکانی سەدەی 17 و 18 نامۆمکینە.

بوو خارین دەیوت: ڕاپەڕین دەبێت فۆڕمە ئەدەبیەکانیش ژێروژوور بکات، بە بۆچوونی ئەو بابەتی فەرهەنگ پاش گەیشتن بە دەسەلات، گرینگترین گرفتی تەواوی ڕاپەڕینەکانە، سەرکەوتن و شکستی هەر شۆڕشێك بەندە بە بووژانەوەی فەرهەنگی و، دواکەوتوویی فەرهەنگی، دەبێتە هۆی دواکەوتوویی سیاسی و مەترسی گەڕانەوەی توتالیتارسیم و بیزانسیسمی لێ دەکرێ. ئەمڕۆکە لێکۆلەران، بنەمای کلاسیکی بۆ چوونە هونەریەکانی چەپ بە بنەما وئەندێشە ئستتیکی هگل و کانت دەزانن. چرنیشفسکی دەیوت، جیاوازی نێوان مێژوو وهونەر لەوە دایە کە مێژوو گوزارشت لە ژیانی کۆمەلایەتی دەکات و هونەر سەبارەت بە ژیانی تاکە کەسی ئینسانەکان دەدوێت، تروتسکی بە نێوی واقعی لیۆن چاە سنگی" چاڵە بەردینە"، یەکێکی تر لە قوربانیانی بێ ئەژماری تیرۆری ئستالینیستی، دەیوت، ئەدەبیات دیاردەیەکی ئالۆزە کە لە سوننەت، بابەتی تاکە کەسی و ئەنگیزەکانی تاك پێك دێت. ئەو لە دژایەتی لنین دا لە ساڵی 1924 بابەتی – فەرهەنگی کرێکاری و هونەری کرێکاری – سەبارەت بە ڕۆڵی ئەدەبیات نووسی. بە بۆ چوونی گوروپێك لە ڕەخنە گرانی چەپ. ترۆتسکیزمی ئەدەبی هەوڵی دا بۆ ئەوەی بۆ چوونەکانی فرۆید لە گەڵ ماتریالیزمدا ئاشت بکاتەوە. ترۆتسکی لە ساڵی 1938 لە تاراوگە، بە نازناوی، هاوڕێ لە گەڵ ئاندەر برتۆن، لە فەڕانسە مانیفستێکی بلاو کردەوە کە تێیدا خوازیاری هونەری شۆڕشگێڕانەی سەربەخۆ، بە بێ دەست تێ وەردانی دەوڵەت بوو، ئەو دەیوت. بە مەبەستی بووژاندنەوەی هونەریی پێوست بە ئازادیی یەکی بێ سنوور تا ئاستی ئانارشیزم هەیە، لە بەر ئەوەی کە هونەر، دەبێ و نابێ و ئەمرو، نەهی، هیچ حاکم و دەسەلاتێك قەبووڵ ناکات.

سەرچاوە: عصرنو

***

وتار

# ڕەگەزی شێوەکاری
# لە شاری مۆسیقارە سپیەکان

ن: شاخەوان صدیق

((دونیا لە ناو تابلۆدا نەبێت، هیچ وەخت گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، ئەوە ماتیس و پیکاسۆن سەیرکردنی ئێمەیان بۆ جیهان گۆڕیوە نە وەکو مەحەمەد و مارکس))

((موسای بایەک))



پیش دەست پێکردن بە قسە لەسەر هیچ کام لە ڕەگەزەکان و شیتەڵکردنی ((هونەر و جوانی و ئیستاتیکا)) لە ڕۆمانەکەدا ئەوا دەبێت ڕاستەوخۆ لەبەردەم پرسیاری ئەوە دا بوەستین ((کە بۆچی؟)) نووسەر هەوڵی داوە مێژووی زیاتر لە سیوپێنج ساڵی پڕ لە ((نەگبەتی و نەهامەتی)) و پڕ کارەساتی وڵاتێك لە ڕێگەی هونەرەوە بگێڕێتەوە. بەو پێیەی ڕۆمانەکە دابەش دەبێت بەسەر دوو ((عناصرە)) گرنگەکەی هونەردا ((مۆسیقا و شێوەکاری)) یاخود دەکرێ بڵێین هونەر باشترین و چاکترین وەسیلەیە بۆ دەربڕین و مرۆڤ دەتوانێ چاکتر لە هەر شتێکی کە تەعبیری پێبکات. یان بە جۆرێکی کە نووسەر دەیەوێت بڵێت ((جەنگ و ماڵ وێرانکاری چەندە هەوڵدان بۆ لەناو بردنی جوانییە هێندەش پاڵنەرن بۆ دروست بوونی کاری ناوازەی هونەری و دەبنە ئیلهام لای کەسی هونەرمەند بۆ دەرخستن و بەستنەوەی (هونەر) بە ژیان و ڕووداوەکانەوە ڕەنگە. بۆ سەلماندنی قسەکانیشمان تابلۆی (جیرنیکای) پیکاسۆ باشترین بەڵگە بێت. کەواتە قسە کردن لەسەر هونەر قسە کردنە لەسەر جوانی و ئیستاتیکا لە ژیاندا. هیچ کاتێکیش ((هونەر و ژیان و مردن و ئیستاتیکا)) لە یەك جیا نابنەوە و بە هەموویان جیهان وەك ئەوەی کە هەیە دەخوڵقێنن. هەر وەك چۆن برجسۆن دەڵێ: ((جیهان کارێکی هونەری دەوڵەمەندتر و بە پێز ترە لە هەموو کارێکی هونەری تر. چوونکە هیچ بوارێکی بەراورد کردن لە نێوان ئەو و بەرهەمی هیچ هونەرمەندێکی تردا هەرچەندە مەزن بێ – نیە))

بەهەر حاڵ من لەم نووسینەم دا گشت لایەنە جوانەکانی تری ناو ڕۆمانەکە بەجێ دەهێڵم تەنها دەمەوێت لەسەر ڕەگەزی شێوەکاری بوەستم کەبە شتێکی سەرەکی ناو ڕۆمانەکە بە دواوتریش هەر تابلۆی ((شاری مۆسیقارە سپیەکان)) دەبێتە کلیل و نهێنی ناو ڕۆمانەکە. هەرچەندە ورد بوونەوە و شیتەڵکردنی لایەنەکانی دیکەی بە گشتی گرانە بەڵام ئەوەندەی کرا ڕوونی دەکەینەوە. سەرەتا نووسەر لە زمانی (د. موسای بابەك)وە هۆشیاری لەمەڕ گرنگی پاراستنی بەرهەمەهونەرییەکان دەدات چونکە کورد ڕەنگە هەژارترین میللەت بێت کە ئەرشیفی هونەری نییە کە ئەوەش بۆ هونەری نەتەوەیە تەواو گرنگە ئەوەتا لە (لا 110 – 111)ی ڕۆمانەکەدا پێمان دەڵێ: ((هەموو تابلۆیەك شتێکی ناوازە و یەکدانەیە. هیچ کۆپیەك شوێنی تابلۆ ڕاستەقینەکە ناگرێتەوە، مرۆڤ دەتوانێت لە یادەوەریدا شێعرێك هەڵگرێت، چیرۆکێك دەماودەم بگرێتەوە بەڵام تابلۆ جگە لە خۆی هیچ

جێگایەکی تری نییە بۆ ژیان، کە فەوتا ئیدی درووست نابێتەو.))

ترسی گەورەی نووسەر ترسی نەبوونی و فەوتانی هوونەری میلەتێکە کە کۆنترین مرۆڤێکن لەسەر ئەم زەوییەدا ژیاون و خاوەنی چەندین شارستانی و کلتور و هونەر بوونە. بەڵام، کاتێك دەتەوێت لە مێژووی تەنها کارێکی هونەری بکۆڵیتەوە بێ هیوا دەبیت بە هۆی نەبوونی تەنها کارێکی هونەری پارێزراوە و بۆیە دەکرێ بڵێن خەمی نووسەر خەمی ون بوونی مێژوویەکە بۆیە دەڵێ: ((تابلۆ تاکە شتێکی هوونەرییە کەلە تەنیایی و ناوازەییدا وەك تەنهایی ناوازەیی مرۆڤێك وایە لە کارەسات. ڕزگار کردنی پەیکەرێك وەك ڕزگار کردنی ژیانێك وایە لە مردن)).

هیچ شتێك بە ئەندزەی هەست کردن بە نەمان و فەوتانی جوانی قورس نییە چونگە مرۆڤ و ئەو ژیانەی کە تیایدا دەژی جگە لە جوانی هیچ شتێکی تری تێدانییە کە ئاراستە کراوی بەختەوەریت بکات هەرچەندە قسە و باسی جیاواز لە نێوان بیرمەنداندا لە مەڕ پرسی جوانی هەیە و دونیایەك واتا هەڵدەگرێ.

ئەفلاتون دەڵێ: (( دەبێ لە سەرەتای بوونی هەموو جوانیەکەوە جوانیەکی هەوەڵی هەبێ، کە ئەو شتانە جوان دەکات کە پێی دەڵێن جوان و تەنها بە ئامادە بوونی ئەو جوانیە هەوەڵیە – بەهەرجۆرێ بێ ئەم شتانە جوان ئەبن ئەو جوانیە هەوەلیە، ئەو جوانیەی کە لە سەروو هەموو جوانیەکەوەیە: جوانی ئایدیالە، جوانی موطلە ق– جوانی سروشتی.))

گەر تۆزێك بە وردی بەشەکانی ئەم ڕۆمانە بخوێنیتەوە سەراپا باس کردنە لە جوانی و ئیستاتیکا وترس لە نەمان و فەوتانی یان. چونکە ئێستاتیکا بۆخۆی بەشێکی گرنگی فەلسەفەیە و دابەش دەبێ بەسەر سێ قۆناغدا. مادام پرسی یەکەم وکۆتایی نووسەر لەم رۆمانەدا پرسی ئیستاتیکایە گەرچاو لێ بکەیت نووسەر هەوڵی داوە رۆمانەکە دابەش بکات بەسەر هەرسێ بەشەکەی ئیستاتیکادا کە پێك دێت لە ((لۆژیك و ڕەوشت وجوانی)) و دواتریش بۆ هەڵسەنگاندن وبە ئاگابوون و قسەکردن لەسەر ئەمانە((ڕخنە گر)) دروست دەبێت کە ئیشی هەوڵدانە بۆ ڕێگە گرتن لە کاری نا هونەری لە هونەری جیاکردنەوە یان پاراستنی کارە هونەریەکان بۆیە نووسەر لەم ڕۆمانە دا دەبێتە ڕەخنەگر و گێڕەرەوەی جوانی و لەڕێگەی موسای بابەکەوە هەوڵدەدات ((مۆزەخانەی نهێنی پاراستنی جوانی)) دروست بکات کە لە گشت شوێنێك گشت شارێکدا کاریان پاراستنی جوانیە لە مردن.

یەکێکی دیکە لە ترسە سەرەکیەکانی نوسەر ئەوەیە کە پێی وایە هونەروجوانی بە تەنها جەنگ ومالّ وێرانی لە ناوی نابەن بەڵکو هەندێك جار مرۆڤ خۆی لە ناوی دەبان مرۆڤانێك کەبە ناوی هونەر و هونەرمەندییەوە هونەر لەبەر چاوی خەڵك دەخەن و ڕوانینی بینەر تێك دەدەن. چونکە هونەری ڕاستەقینە هاوکێشە نیە لەهەر ساتێکدا ویستت فێری بێت مرۆڤ دەبێت هونەر لە ناخی دا هەبێت.دەبێت لە مندالّییەوە هونەریانە لە داێك بوویێت و گەورە بوویێت نەك وەك کەسانێك هونەر لە ناویاندا مردوە وبە پاڵی خەڵکانی تر گەورە دەبن.

بۆیە بۆ موسای بابەك گرنگ نییە کە بە تەنها تابلۆی ئەو هونەرمەندانە بپارێزێت کە ناویان هەیە بەڵکوو بەشێکی زۆری تابلۆکان هی کەسانێکن کە هیچ کەسێ نەیناسیون. ئەوەتا دەڵێ((ئەمانە هونەری کەسانێکن کە لە ژێرەوە مێژووی نهێنی ئەم مەملەکەتەیان نوسیوەتەوە)). لای نووسەر زۆری و بۆری لە کاری هونەریدا مانای کوشتنی توانای هونەری و بە فیڕۆدانی کاتە بۆیە (جەلادەت) کاتێك تابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکان دەبینێت دەڵێت((بەسە مرۆڤ نیگارێکی وا بکات و بمرێت)) ڕۆشنبیری نووسەر ڕۆشنبیریەکی گشتگرو بەردەوامە دەیەوێت لە ڕێگەی ڕۆمانەکەوە مێژووی پڕ لە مرۆڤ دۆستانەی هونەرمەندان و پاشان گرنگی هونەری شێوەکاری بۆ ژیان ڕوون بکاتەوە بەڵام دیسان بە ئاشکرا هەست بە ترسی نووسەر لە مەڕکارە هونەریەکان دەکەێن و تێدەگەێن خەمی یەکەم وکۆتای نووسەر پاراستنی هونەر و کلتوری نەتەوەییە و خەمی گەورەی ئەو فەوتانی بەرهەمە هونەریەکانە. پاشان فێرمان دەکات کە شێوەکاری چەندە دەوری گرنگ لە

نەمری مرۆڤ دا هەیە کە دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستیەی ئەگەر هونەری شێوەکاری تابلۆکان نەبووایە بەشێکی گرنگی مێـژوو ون دەبوون و دەفەوتا. ئەوەتا موسای بابەك دەڵێ ((تابلۆکە دەمرێت بۆ هەتا هەتایە دەمرێت، فورسەتی نیگارێك بۆ ژیان لە فورسەتی شێعرێك یان مۆسیقایەك کەمترە. بەڵام ئەو شتانەی تابلۆ دەربازیان دەکات و دەیانبات بۆ ئەبەدیەت، لە هەر شتێکی نەمری دیکە بیستراوتر و بەرجەستەترن. توانای مۆنلیزا لەسەرمانەوە هەزاران جار لە توانای ئیمپراتۆر یەتە گەورەکان لەسەر ژیان و بەردەوامی درێژترە. پادشاکان دێن و دەڕۆن. سەرۆکەکان دێن و دەڕۆن. بەڵام مۆتالیزا تەمەنی لە تەمەنی گشت پاشا و ئیمپراتۆرەکان درێژترە. مێـژوو دەڕوات بەڵام مۆنالیزا هەر لەوێیە. مایای ڕووت و قووتی گویا هەمیشە تا کۆتایی مرۆڤ لەسەر ئەو ئەستێرەیە لەو یادا و بە چاوە عەیارەکانی سەیرمان دەکات. ئۆلۆمپیای چاو خومار و کارەکەرە ڕەشپێستەکەی هەر لەوێن ئەستێرەکانی ڤان کۆخ هەر لەوێن. یا ئەستێرەش لە ئاسمان ئەمێنێت. با بەیانییەك هەستیت و کەوتبێتە زەمینەوە بێ ئاسمان و ئەستێرە، تا ئەبەد ئەستێرە گەورەکانی ڤان کۆخ لەسەرماندان.

ئەمە ئەو هەست کردنەیە بە جوانی هونەری کە پێم وایە نووسەر زیاتر لە شێوەکارەکانیش هەستی پێ کردووە. گێڕانەوەی مێژوو بە هونەر مێژوویەکە کە دەکرێت ڕاست ترین مێژوویەك بێت کە مرۆڤایەتی پشتی پێ بەستبێ جیاواز لە مێژوویەك کە سیاسییەك دەینووسێ نەمری هونەری نەمریە کە تا ئەبەد. چونکە هونەر گەڕانە بە دوای حەقیقەتی شتەکاندا و دووبارە دارشتنەوەیانە لە بەرگێکی کەدا و بە جۆرێکی کە، کەواتە هونەر داهێنان دەکات و بۆ خۆی ژیانیش واتە داهێنان کە بەرهەمی داهێنانێکی ئیلاهیە بە هونەریش تەنیا هەستکردنە بەو شتانەی کە نایانبینێت بەڵکوو بینینی ئەو شتانەیە کە دەبێت ببیستین.

کەواتە دابەش کردنی مێژووی وڵاتێك لە نێوان سەی‌وپێنج ساڵ ڕووداو و کارەساتدا بەسەر هونەری شێوەکاری مۆسقادا مرۆڤ بەرەو ئاماژەیەك دەبات. کە بە وەستان لەبەردەم ئەو هەزارەها تابلۆیانەدا کە بۆ کارەساتە شومەکانی ئەم وڵاتە کێشراون بگەڕێتەوە ناو تراژیدیامان و هەست بە هات و هاواری مرۆڤێکی بێ تاوان لە کاتەکانی کۆتایی تەمەنیدا و هاوارەکانی ناوسەر و خەیاڵی هونەرمەندێك بکات ئەو کاتە فڵچەکەی لە تەنیاییدا بەسەر تابلۆیەکی شپیدا دێنێت.




چونکە هەست کردن بەو چرکەساتانە هەست کردنە بە جوانیەك کە مرۆڤێکی بێ تاوان لە پێناویدا دەمرێت. هەست کردنە بە ئازاری هونەرمەندێك کە هاواری ئەو مرۆڤە لە مردن ڕزگار دەکات و دەیکاتە نەمری وەك (هوتوشون) دەڵێ: ((ئەگەر ئێمە لە خۆماندا هەستی جوانی ناسیمان نوبووایە ئەوا دەشیا خانوو و باخ و جل و بەرگ ببینین و بەکەڵکیان بزانین، بەڵام هەرگیز نەمان دەتوانی بە جوانیان بزانین.))

بەڵام خۆ ئایا جوانی دەبێت چی بێت؟ ئەمە ئەو پرسیارە حەتمی و پڕ لە قسە و باسەیە کە نووسەر چەندبارەی دەکاتەوە. ئایا ئەو کارانەی کە ناوی جوانی و هونەر وەردەگرێت بە ڕاست هەموویان هونەری جوانن؟! تا نووسەر لەوە دڵنیایە کە لەمڕۆدا خەڵکانێك بە ناوی هونەرەوە لاف و گەزاف لێدەدەن و خۆیان بە پێشڕەوانی جوانی ناوزەند دەکەن بۆیە دەڵێ: ((خەڵکانێك هەن ڕێگای هونەریان بۆ نادۆزرێتەوە و خۆیان دەکێشن بە دیوارە ڕەشەقەکاندا پێیان وایە ئەو خۆکێشانە ڕیگایان بۆ دەکاتەوە. هونەر ڕێگایەکی کراوەیە تا ناکۆتا. بەڵام ڕۆشتن بەو ڕێگایەدا شفرەیەکی تایبەتی دەوێ. پاشان دەڵێت: ((هەر شتێك

هونەر نەبێت وەرۆڤ بە ناوی هونەرەوە پێشکەشی دونیای بکات وەك ئەوە وایە ژەهرێك بە ناوی ئاوی زولاڵەوە بفرۆشێت)) خەمێکی نووسەر خۆشەویستیە ئەو خۆشەویستیەی کە لە بەر یەك هەڵوەشانەوە و نەمانی لە نێوان تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایەدا خەریکە مەترسی دەنێتەوە. (خۆشەویستی بۆ یەکتر – بۆ خاك – بۆ دین – بۆ هونەر بۆ جوانی ...) ترسناکترین شت کە رۆڵی لە دواکەوتنی زۆربەی تاکەکاندا هەیە خۆشەویستیە کە کار لە بیر و هۆشی مرۆڤ دەکات چونکە خۆشەویستی و ئارەزووی بوونی ئەو شتانەی کە نیمانن وا دەکات مرۆڤ بەرەو خۆی پەلکێش دەکات و لە ژیانداى دەبڕێ. ئەوەتا لە (لا 456) دا و لە ڕێگەی (مسطفى شەونمەوە) تراژیدیاترین دیرۆکمان بۆ دەگرێتەوە. چیرۆکی مسطفى بەگ و لەیلای نیلوفەر کە پاش دابڕانیان وا دەکات ئیدی بۆ هەرگیز نیگار نەکێشێت چونکە ئەوەی لە ڕێگەی خۆشەویستیدا ڕەنج دەکێشێ هەست بە هیچ ئازارێك ناکات لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجەدا مرۆڤ ئامادەی گیان فیداییە نەك هونەر بۆیە شکسپیر دەڵێ: ((لە ڕاستیدا خۆشەویستی کردن جۆرێکە لە ئازار بەڵام بێ بەشیش لەو مردنە)) بۆیە نووسەر هەست بەو دەردە کوشندەیە دەکات کە زۆربەی تاکەکانی ئێمە پێوەی دەناڵێنن چەندین. کەس بوون بە شاعیر چەندین بونە نووسەر و وێنە کێش و مۆسیقار. تەنا لە پێناوی خۆشەویستیدا و پاشان خۆیان وون کردوو و لەبیر چوونەوە. هەرچەندە ناکرێ لەم نووسینە کورتەدا باس و خواس لەسەر تەواوی لایەنەکانی ناو ڕۆمانەکە بکەین بەڵام لە دوابەشی ڕۆمانەکەدا نووسەر دووبارە دەمانباتەوە بۆ ناو مۆزەخانەی نهێنی و پێمان دەڵێ وەرن با لەشکرێك لە پاسەوانی جوانی دروست بکەین با نەهێڵین هونەر و کلتوری جوانی ئەو وڵاتە بە هەدەر بڕوات با هەموومان نهێنی ئۆقیانووسی هاوارەکان لەبەرکەین و بیپارێزین. چونکە ئەو هەست بە مردنی جوانی و نزیك بوونەوەی لە فەوتان دەکات. بەو هەموو تەفسیرە هەڵەو خراپەی لە بەرامبەریدا دەکرێ بەو هەموو نا حەقیەی کە لە جوانی دەکرێ بۆیە دەڵێ: ((ئەوەی کە نامرێت و ئەبەدیەتە جوانی ناو تابلۆکانە تۆ پێت وایە کە سەیری پۆرتریتێکی ڤان کۆخ دەکەین سەیری ڤان کۆخ خۆی دەکەین؟ پێت وایە کە سەیری تابلۆیەکی ناپلئۆن دەکەین سەیری ناپلئۆن دەکەین؟ بێگومان نا ئێمە سەیری جوانیەکەی دەکەین کە تەواو لەناو کارەکتەرەکان جیا بۆتەوە. ئاخۆ ئەو کیژە ئەسمەرانەی کە گۆگان وێنەی کێشاون ناویان چی بووە؟ من و تۆ کە سەیری پەیکەرێکی بوودا دەکەین سەیری نیگاری خودایان پێغەمبەر ناکەین بەڵکوو سەیری جوانی دەکەین لەو پەیکەرانەدا جوانی و هیچی تر.

به گشتی ئەم ڕۆمانە بە بڕوای من جگە لەوەی قسە کردنێکی جیدی و فرە لایەنە لەسەر جوانی و هونەر بە تایبەت هونەری شێوەکاری ئاوڕدانەوەشە لەو مێژووە خوێناویەی کە دەرحەق بە مرۆڤ و جوانی کراوە لەم وڵاتەدا بانگەوازە بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی هونەر و پاراستنەوەی لە فەوتان ڕاست کردنەوەی بیر و ڕاهەڵەکانە لەسەر هونەر و جوانی و هاندانە بۆ بینین و ورد بوونەوەی زیاتر و قوڵتر لە بیسراو نەبیسراوەکان چونکە هەمیشە بەشێك لە ڕاستی جوانی دەڕوات و ڕوودەکاتە جێگایەکی تر. کەواتە دابەش کردن و بەستنەوەی ئەو مێژووە دوور و درێژە بە هونەرەوە بەستنەوەی ژیانە بە جوانیەوە هەوڵدانە بۆ زیاتر هێنانە ناوەی هونەر بۆ ناو ژیان و وتنی نەوتراوەکانە و بەستەوەی تەواوی هونەرەکانە بۆ یەکتر (مۆسیقا و نیگار کێشان) دەیبینین و دەیبەستین و هەست بە جوانی دەکەین و دەبینە پاسەوانی جوانی بۆیە دواجار بەختیار عەلی پێمان دەڵێ: ((هونەر دڵداریکی ئەفسانەیی نەبینراوە، کە تەنیا ئەوانە دەیبینن کە چاوێکی تر لە ناویاندایە.))

هەرچەندە ژیان جۆرێك لە یاریکردنی ڕووداوەکانە لەگەڵ مرۆڤدا هونەریش دەبێتە جۆرێك لە یاری بۆیە بیلخاتۆڤ دەڵێ: ((دەبێ دانی پیا بنێین کە هونەر حەتمەن نزیکە لە یارییەوە... کە ئەمەش ژیان دروستی دەکا و... دیاری دەکا))

***

وتار

# بۆچی موسوڵمان نیم، بۆ ئاتەئیست و هۆمانیستم

ن: تەسلیمە نەسرین
و: ویبلاگی: سوسیالیسم

من لە بنەماڵەیەکی موسوڵماندا لە دایك بووم. دایکم هەمموو بەیانییەك ناچاری دەکردم کە قۆرئان بخوێنم، نوێژ بە جێ بێنم و مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژووبم.

بۆچی موسوڵمان نیم؟

بۆ ئاتەئیست و هۆمانیستم؟

من لە بنەماڵەیەکی موسوڵماندا لە دایك بووم. دایکم هەمموو بەیانییەك ناچاری دەکردم کە قۆرئان بخوێنم، نوێژ بە جێ بێنم و مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژووبم. لە سەرەتای منداڵیمەوە کە تازە خەریك بوو پێ دەگەیشتم، دایکم دەمی بردە پێش کەسێك بە نێوی "پیر" کە ئەم کەسە بەر پرسی تاقمێکی مەزهەبی بوو و لە نێو موسوڵمانانی ئەوێ دا زۆر ڕێزی هەبوو. ناوبراو داڕودەستەیەکی تایبەت بە خۆی هەبوو و باوڕی بە خۆرافەو جن وشتی لەم بابەتە بوو. ناوبراو وتبووی کە ئەو ژنانەی کە لە لای پیاوان دا پێ دەکەنن یان بێ ئیزنی پیاو لە ماڵ دەچنە دەرەوە، جن و شەیتان باڵ دەکێشێت بە سەریانداو داگیریان دەکات. ئەو بەو پەڕی تووڕەیی، و بێ بەزەییانە لە ژنانی دەدا و دەیگوت کە بەم چەشنە جن لە جەستەی ژنان دێتە دەرێ. من بەم چەشنە وێنا کردنە سەبارەت بە جن و جەهەنەم زۆر دەترسام. هەر کەس چاوی بە ناوبراو بکەوتبایە دەبوایە پارەیەکی بدایە بە ناوبراو. پیر لە لایەن چەن ژنی کەم تەمەن و جوان ئاپۆرە درابوو کە مشت و ماڵیان دەدا و هەر چییەکی بویستایە پێیان دەدا. ڕۆژێك لە لای من وتی کە قیامەت یانی ڕۆژی کۆتایی هاتن بە جیهان و لە نێو چوونی زەوی لە زوترین کاتدا بە ڕێوەیە هەر بۆیە ژنان ئیتر پێویست ناکات شوو بکەن ئەوان دەبێت ژیانی خۆیان بەختی ئەڵا بکەن من لەوەی کە ئەو بەشێوەیەکی دڕندانە ژنانی کوتەك دەدا تا جن و شەیتان لە جەستەیان بێتە دەرێ و هەروەها بەو چەشنە هێما کردنە بۆ جن و شەیتان و جەهەنم زۆر ترسام بەڵام هیچ کات قیامەت نەهات. پیر نە خۆشەکانی بە خوێندنی سوورەکانی قۆرئان چاك دەکردەوە ئەو جۆرێك ئاوی لابوو کە ئاوی پیرۆزیان پێ دەگوت و بەم ئاوە نەخۆشەکانی چاك دەکردەوە بەڵام نەخۆشەکان بە خواردنی ئەو ئاوە خراپتر دەبوون لەم ئاوەشیان دەرخواردی منیش دا بەڵام هیچ کات چاك نەبوومەوە ، بەڵام ئەوکاتە من چاك بوومەوە کە باوکم پزیشك بوو و دەواو دەرمانی عیلمی پێ دەدام. باوکم هانی دەدام کە لە گەڵ ئەلف و بێی سێکولار بوون دا رابێم و غەیری ئیسلامی بم من سەبارەت بە هەڵدان (تەکاموول ) و مەنزوومەی شەمسی دەرسم خوێند کەم کەم سەبارەت بەوەی کە خودا ئەم جیهانەی لە ماوەی شەش ڕۆژدا پێك هێناوە متمانەی خۆمم لە دەست دا *1 – هەروەها ناراست بوونی ئادەم و حەوا و چیرۆکی گەڕانی خۆر بە دەوری زەوی وئەوەی کە کێوەکان وەك بزماری هاوسەنگی زەوی ڕادەگرن و زۆر شتی ترم بۆ دەرکەوت دایکم دەیگوت کە نابێت سەبارەت بە خودا پرسیار بکەیت و خۆیشی بەم شێوە و کوێر کوێرانە ئەوی قەبووڵ کردبوو. دواترەکان قۆرئان فێر بووم ئەڵبەت نەك تەنیا خوێندنەوە بەڵکوو هەوڵم دا لە ماناکەشی تێبگەم بەڵام بە تەواوی لە لام بێ مانا دەرکەوت. قۆرئانێك کە ملیۆنها کەس بڕوایان پێیەتی ڕاشکاوانە لە کویلەتی و نابەرابەری ئینسانەکان پشتیوانی دەکات. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بەرابەری نێوان ژن و پیاو لە وڵاتەکانی دیکە دا وەك ماف هەر

ئینسانێك بە رەسمی ناسراوە و مانگیش لە لایەن ئینسانەوە دەستی بە سەردا گیراوە. بە گوێرەی قورئان پیاو دەتوانێت چوار ژنی هەبێت ماف تەلاقی هەبێت و لە گەڵ کویلەژنەکانی خۆی دا پەیوەندی سێکسی هەبێ لێیان بدات و لە بەرانبەر ئەمانەدا ژن دەبێت لەشی خۆی داپۆشیت چونکە ئەم لەشە تەنیا و تەنیا بۆ سیکس و بۆ رابواردنی پیاو بە کار دێن. ژنان لە مانای تەلاق و بەرابەری لە میراتی دا و لە شەهید بوونیش دا وەك پیاوان بێبەش و قەتیس کراوە. من بۆم دەرکەوت کە ئەلا بە موسڵمانان پێشنیار دەکات کە غەیرە موسڵمانان بکوژن و رق و نەفرەت بە موسڵمانان فێر دەکات. ئیتر من قورئانم وەلاناو چاوێکم بە دوەر و بەری خۆمدا گێرا من بۆم دەرکەوت کە دین لە ژیانی رۆژانەی من دا زوڵم دەکات و بۆم دەرکەوت کە زوڵم و ستەم و نابەرابەرییەك کە لە دینەوە سەرچاوە دەگرێت بە تایبەت لە وڵاتە ئیسلامیەکان دا لە حاڵی پەرەسەندن دایە. بە تێگەیشتنێکەوە کە بە دەستم هێنابوو بووم روون بووەوە کە دین بێ مانایە و دەبێتە کوسپ و بەربەند لە هەمبەر بیری ئازادی ئینسان دا پێش بە بیر کردنەوەی ئازادی ئنسانەکان دەگرێت. باوکم فێری کردم کە هیچ شتێك بە بێ بەڵگە قەبووڵ نەکەم و باوڕی پێ نەهێنم و منیش وام کرد. من نەم دەتوانی بەم چەشنە خۆدا قەبووڵ کەم و هەر بۆیە خۆداشم نایە لاوە ئاقیبەت رۆژێك قەڵەمم هەڵگرت و دەستم کرد بە نووسین بە دژی ئەم بیرۆکەیە و بە دژی خۆرافەو مەزهەب و دەستم کرد بە لە قاودانی جینایەتی مەزهەبی بە تایبەت ئەو ستەم و زۆڵم و نابەرابەریانەی کە دەر حەق بە ژنان بە رەوای زانیوە. من بۆم دەرکەوت کە موسڵمانان چۆن لە گەڵ ژنان وەك کویلەکانی سەدەکانی ناوەڕاست هەڵسووکەوت دەکەن من سەبارەت بە هەموو ئەمانە نووسیم هەر بۆیە کەوتمە بەر هێرشی دەیان و سەدان جارەی مەزهەبییەکان لە بواری فیزیکی و بە نووسراوەو راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەوان دەیان جارسکالایان لێ کردم. ئەوان بە منیان دەوت کە لە دین هەڵگەراوەتەوەو بە دژم رێپێوانیان دەکرد و رێوڕەسمی لە سێدارەدانمیان بە رێوە دەبرد.

ئەوان رژانە نێو دەفتەری ئەو رۆژنامە کە من لەوێ دا دەم نووسی و بە دژی من لە لای بەرپرسانی رۆژنامەکە سکالایان کرد و تا ئەو ئاستە چوونە پێش کە لە وڵاتەکەی خۆم دەریان کردم. من لە یەکێك لە هەژارترین وڵاتەکانی جیهان دا ژیانم دەکرد. من دەمدی کە مەزهەب بە هەژارو فەقیرەکان ئافەرین دەڵێت و پێیان دەڵێت کە ئێوە هەژار و نەدارەکان بۆ ئەوە هاتوونەتە ئەم جیهانە کە بە هەژاری و نەداری ئیمانتان بە خۆدا بسلمێنن من هیچ مەزهەب و داهێنانێکی مەزهەبیم نەدیوە کە خوازیاری لە نێو چوونی هەژاری بێت. بەڵکوو ئەرکی ئەوەیان خستووەتە سەرشانی دەوڵەمەندەکان کە بە دانی پووڵ بە هەژارەکان وەك تریزا خۆدا رازی بکەن هەژارەکان دەبێت هەژارو نەدار بمێننەوە و دەوڵەمەندەکان بەم کارەیان رێگای بەهەشت بۆ خۆیان خۆش بکەن. من لە ئیسلام و بۆنیادگرایی ئیسلامی وەك یەك رەخنە دەگرم و لە لای من ئەم دوانە جیاوازیان نییە من دین وەك ریشەیەك چاو لێ دەکەم کە بۆنیاد گەرایی وەك لەق و پۆپەکەی وایە. ئێمە ئەگەر بۆنیاد گەرایی وەلانێن و دین راگرین رۆژێك لە رۆژان جۆرێکی دیکە لە بۆنیاد گەرایی هەڵدەدات و پەرە دەستێنێت . بە پێچەوانەی هەندێك لە رۆشنبیرە لیبراڵەکان کە گوناهی ئەم کارە لە ئیسلام دەسڕنەوە دەیخەنە بالای بۆنیاد گەرایی بەلام بەڕای من ئەوە ئیسلامە کە سەرچاوەی زۆڵم لە ژنانە و ئەوە ئیسلامە کە دژی دیموکراسی و مافە ئینسانیەکانە من خۆدا و بێڕەحمیە ناپیرۆزەکەی قەبووڵ ناکەم من لە کۆمەڵگایەك دا کە جێگای بەرابەری و عەقڵگەرایی تێدا بیێتەوە پشتیوانی دەکەم دین سەرچاوەی فەناتیسم و رژاندنی خوێنی ئینسانەکان و رق و کینە و راسیسم و دژایەتی و شەڕە و تەنیا ئینسان گەراییە کە دەتوانێت ئینسانیەت بە ئینسان ببەخشێت و جیهان بکاتە جێگای ژیان. من بێ خۆدام و باوڕم بە خۆدا و نوێژ و دوعا نییە من باوڕم بە کارە، کاری من کارێکە کە وەکوو نووسەرێك دەیکەم وچەکەکەیشم قەڵەمەکەمە.

***

وتار

# ئەدەبیاتی تاراوگەی ڕۆژئاوا_خۆکوژیەکی دیکە ڕەخنەگری ئەدەبی، لەنێوان ئەدەبیات و فەلسەفەدا والتێر بنیامین


walter Benjamin1892 _ 1940

ن: سارا ئەرمەنی
و: شەماڵ

((بنیامین، نووسەری بە کرێکارێکی ڕووناکبیر دەزانی و ئەرکی ئەوی بە: چاودێری لە مرۆڤی بریندارو لەپێ کەوتوو، پێناسە دەکرد. ئەو خۆی بە ئەندازیاری جوانناسی دەزانی کە بکەوێتە شیکردنەوەی ڕەخنەکانی زەمەنی خۆی و رخنەگری ئەدەبی و فەرهەنگی دەخستە خانەی، دارێژەر و ئێستراتیژیکی خەباتی مرۆڤەوە و دەیگوت کە ڕەخنە دەبێت ڕاشکاوانەو جیدی بێت نەك دۆستانە وزمان لووسانە.))

والتێربنیامین، ڕەخنەگری مارکسیستی ئەدەبیات و یەك لە ناسراوترین خاوەن پێنووسەکان لە ژانری بابەت نووسی سەدەی بیستەم دا بوو، لە ساڵی 1940ی زایینی، لە 48ساڵی دا بە هۆی هەڵهاتن لەدەست فاشیسمی ئەڵمانیا، لە سنووری فەرەنسا_ئیسپانیادا، لە لایەن دەستە ڕاستەکانی سنوورەوە، دەسگیر دەکرێ و بۆ دەربازبوون لە دانەوەی بە هێزی گشتاپۆی ئەڵمانیا، پەنادەباتە بەرخۆکوژی.

ئەو یەکێك لە ڕەخنەگرانی فەرهەنگی، پسپۆڕانی ئەدەبی، و ژورنالیستە کۆمەڵایەتیەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمی ئەڵمانیا بوو. ناوبراو جیاواز لە هەڵهاتنی لەدەست ڕاوەدوونانی لە لایەن فاشیسمەوە، چەند ساڵێك بە دوو ناوی نهێنی: دتلف هۆڵز و ك. کنراد، دەستی دابوە لەقاودانی سەرمایەداریەکەشی. لەم ڕۆدا شوێنەواری فەرهەنگی دەیەی 20ی سەدەی ڕابردوو، بەبێ بەرهەمەکانی بنیامین شتێکی نەشیاو دێتە پێش چاو. ئەونەتەنیا یەك لە چالاکانی شۆڕشی



فەرهەنگی سەرەتای سەدەی بیستەم بوو، بەڵکوو یەك لە ناسراوترین کەسەکانی بواری ئەدەبیاتی مودێرنە و تەنانەت دوامودێرنەشە. سوننەتی ژانری بابەت نووسی بنیامین بە درێژەی ڕێگای نیچە و مینتگین لە ڕوژئاوا دێننە ئەژمار. ئەوگوتبووی کە هەر کاڵایەکی هونەری نەتەنیا نیشانێك لە شارستانیەت، بەڵکوو دەتوانێت بەڵگەیەکی وەحشیگەری و جینایەتیش بێت.

بنیامین، نووسەری بە کرێکارێکی ڕووناکبیر دەزانی و ئەرکی ئەوی بە: چاودێری لە مرۆڤی بریندار و لەپێ کەوتوو، پێناسە دەکرد. خۆی بە ئەندازیاری جوانناسی دەزانی کە بکەوێتە شیکردنەوەی ڕەخنەکانی زەمەنی خۆی و ڕەخنەگری ئەدەبی و فەرهەنگی دەخستە خانەی، دارێژەر و ئێستراتیژیکی خەباتی مرۆڤەوە و دەیگوت کە ڕەخنە دەبێت ڕاشکاوانەو جیدی بێت نەك

دۆستانە و زمان لووسانە. ئەو ڕەخنەگری وەکوو گورگێك پێناسە دەکرد کە کارژیلەی کتێب بە چاوچنۆکی لە باوەش دەکات تاکوو لەت وکوتی بکات. دواتر لە دەیەکانی 60و 70ی سەدەی بیستەم دا، بوو بە یەکێك لە بیرمەندانی لاوانی ڕۆژئاوا. هۆکاری مارکسیزمی تایبەتی ئەو بە ئاشنایەتی لەگەڵ: برێشت، ئادرنۆ، لۆکاچ، بلۆخ، هۆرکهایمێر، و فەلسەفەی مێژووی مارکس، دەزانن. چەپەکان بە یەکێك لە ڕەخنەگرانی ئیمپریالیزمی دەناسێنن کە بە پاڵپشتی ماتریالیزمی مێژوویی کەوتە خەبات لەگەڵ فریوکاریەکانی سەرمایەداریدا.

بە تێپەرینێك بە نێومێژووی فەرهەنگ و ئەندێشەدا، زۆرتر لەگەڵ لۆکاچ دا هەڵدەسەنگێندرێت. بنیامین نە تەنیا داڕێژەری زانستێکی جوانی ناسی نوێی چەپ، بەڵکوو بە یەکێك لە دیالێکتیسینە کانی زانستی کۆمەڵناسیش دەناسرێت، ئەگەرچی ئەو خوازیاری پاراستنی لایەنە پۆزەتیڤەکانی سوننەتی پێشکەوتن خوازی بۆرژوازیش بوو. ئاشنایەتی سەرەتایی ئەو لەگەڵ مەکتەبی ڕۆمانتیك بوو بە هۆی ئەوەی کە جۆرێکی تایبەت لە ڕەخنە بخاتە نێو ئەدەبیات وفەرهەنگەوە. ئەو لە داڕێژەرانی فەرهەنگی مودێرنەی زەمەنی خۆیدا و ناساندنی جوانی ناسی مێژووی ئەدەبیات، بیرمەندێکی بەرزە ڕا و جیهانی بوو. ئەمرۆژە لە هەندێك کتێبی ئەدەبیاتی مێژوودا، ئەو دەخەنە ڕیزی تێئۆریسیەنەکانی مارکسیستی فەرهەنگەوە. فەلسەفەو ئەدەبیات، وەکوو بەرهەمی بلۆخ، دوو بابەتی گرینگن لە نووسراوەکانی واڵتێر بنیامین. ئەو ڕاڤەکردنی خەسڵەتی مودێرنی جیهان و کۆمەڵگای دەورانی خۆی بە کۆششێك دەزانی بۆ بەهێز کردنی زانیاری کرێکاران و دەیگوت کە دەبێت بۆ جەماوەر ئیمکانی دەست پێ ڕاگەیشتن بە شێوازی جۆراوجۆری فەرهەنگ بکرێتەوە تاکوو ئەوان بە لێحاڵی بوونی باشتری هەل و مەرج و بەرژەوەندیەکانی خۆیان بگەن. ئەو لەگەڵ بلۆخ دا پێوەندی دۆستانەی هەبوو تێکۆشا کە نزیك بێتەوە لە ئایدۆلۆژیای مارکسیسم. چۆن دەیگوت کە مێژوو شیاوی دووپات بوونەوەیە، زۆرێك

ئەولە درێژەدەرانی چاخی ڕۆشنگەری دەزانن. هابێرماس ئەوی بەڕەخنەگرێکی زانیاری دەر ناو لێناوە کە ئێستە و داهاتوو و تەواوی ڕەسمەکانی مودەی ڕۆژی بیرکردنەوەی بە بایەخ دار دەزانی. ئادورنۆش تێکۆشا تاکوو لە دەیەی شەستی سەدەی بیستەم دا بە بڵاو کردنەوەی بەرهەمەکانی دووبارە ئەو لە فەرهەنگی ڕۆژئاوادا بناسێنێتەوە. یەك لە کارە سەرەکیەکانی بنیامین، لێکۆڵینەوە سەبارەت بە تایبەتمەندیەکانی دراما و شانۆگەری دەورانی باڕۆکی ڕۆژئاوا بوو. واڵتێربنیامین دەنووسێت کە لە نیزامی سەرمایەداریدا، بابەت و ناوی هونەرمەند یان نووسەرێکی ئازاد، خەیاڵە، چۆنکوو ئەوانە یان لە زومرەی بێ نیشتمانەکانن یان بەشێك لە بەرماوخۆری بیری کۆمەڵگای ناعادڵانەن. ئەو تێکۆشا بەیارمەتی بەرهەمەکانی بکەوێتە ڕاڤەکردنی ترازانی پێوەندی فەرهەنگی مودێرن لە گەڵ جوانناسی سوننەتی کلاسیك دا. لە ڕوانگەی بنیامینەوە، لە بەرهەم و کاڵاگەلی فەرهەنگی دا، ئێمە شاهێدی هەل و مەرجی: ئابووری، ئایدولوژیا، و مێژووی کۆمەڵگا دەبین. یەك لەو ڕستە شۆڕشگێڕانە و تیژبینانەی بنیامین ئەمە بوو کە نووسی: سەرمایەداری ڕاگەیاندنە نوێیەکانی وەکوو ئامراز و کەرەسەی هات و هاوار، خەیاڵ، هەست و سەرگەرمی گرتووەتە ژێر چنگی خۆیەوە، و مۆدەی ڕۆژ بوەتە بەشێك لە، مێژووی سروشتی جیهانی کاڵا، و سەرمایەداری کۆمەڵگای بەرخوەر دەچێتە تەواوی شانەکانی هەستی مرۆڤەوە کە بەڕواڵەت ناگرینگ دێنە پێش چاو، وەکوو مۆدە، و دەبێتە هۆی گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕی تایبەتی زۆرتر نێگەتیڤ لە پرۆسەی کۆمەڵگادا. یەکێك لەو تەوەرانەی جێ پەسەندی بنیامین مێژووە. ئەو دەیگوت کە کەسانێك مێژوویان شیکردووەتەوە کە سەرکەوتوون بە سەر گرۆپێکی تردا و ئێستا دەسەڵات بەدەستن. بەم هۆیە مێژوونووسانی ڕەخنەگری فەرهەنگی ئەوئەرکەیان دەکەوێتە سەرشان تاکوو بکەونە ڕاڤەکردنی ڕابردووی سەدەمەدیتووی: قوربانیەکان، هەژاران، ژنان، کرێکاران، کەمایەتیەکان، و دیلەکانی دەورانی ئیستێعمار. و مێژوو نابێت ببێتە

وتار

مۆزەیەك بۆ نوسراوە هەڵگیراوەكان، بەڵكوو دەبێت بەڵگەیەك بێت بۆیارمەتی بە ڕاڤەكردنی ئێستە و داهاتوو.

بنیامین، خەباتی ڕخنەگرانی ئەدەبیاتی بە بەشێك لە خەبات لە ژیاندا دەزانی. هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی ئەو لە ئەدەبیات دا سەرەتای خەباتی فەرهەنگی ئەو لەگەڵ كۆماری وایماردا پیشان ئەدات. ئەولەم پێوەندیەدا بەرهەمگەلێكی لەبواری، نووسەری، فرۆمەئەدەبییەكان، بارودۆخی بڵاوگەكان، و سیمافەرهەنگیەكانی جێ پەسەندی نووسی و دەستی دایە وەرگێڕانی بەرهەمگەلێك لە پرۆست. بیۆگرافیەكانی ئەو لەبواری: گوتە، بۆدلر، كلر، و پرۆست، لەمرۆدا جێی سەرنجی مێژوونووسانی ئەدەبیاتن. لەبەرهەمەكانی بنیامین دا خوێنەر زۆرتر لەگەل: دەقی كورت وگوشراو، رستەگەلی كورت، پێكهاتەو ناوەرۆكی بیركردنەوە، ئەزموونەكانی ڕۆژانەی ژیانی شاری، و نووسراوەكانی موسافرەتی ئەودا ڕووبەڕوو دەبێت. ئەو دەیگوت كە بۆنووسینی نامە مرۆڤ پێویستی بە خەسلەتی ئارشاییە. لەمرۆدا، سەركەوتنی ژانری بابەت نووسی لە سەدەی بیستەم دا بە هۆی خێرایی و پوختەیی و پێویستی ڕاگەیاندن و لێكۆڵینەوە دەزانن. خاوەن رایان، زمان و دەقی بەرهەمەكانی بنیامین هونەرمەندانەو ئاوێتە بە توخمگەلێكی سووررێئالیسمی شاعێرانە وێنا و جارجاریش تۆخ وتاریك پێناسە دەكەن. لە ڕوانگەی گرۆپێكی دیكەش دا، بنیامین نووسەرێكی لیبراڵە كە لە درێژەی سوننەتی بزووتنەوەی لاواندا، هەڵوێستی دژەبۆرژوازی خۆی پاراستوە.



واڵتێر بنیامین لە ساڵی 1892 لە ئەڵمانیادا هاتە دنیاوەو لە ساڵی 1940 لە كاتێكدا كە لە لایەن ڕاستگەراكانەوە دەست بەسەر كرابوو گیانی لە دەستدا. ئەو منداڵی بنەماڵەیەكی دەوڵەمەندی ئەڵمانی، وبە ڕەچەڵەك یەهوودی بوو و لە زانكۆدا: فەلسەفە، مێژووی هونەر و ئەدەبیاتی خوێندبوو. بابەتی دكتۆرای ئەو ناوی"چەمكی ڕەخنەی هونەری لە ڕومانتیكی ئەڵمانیایی"دا بوو. و لە هەرەتی لاوێتیدا ماوەیەك خۆی خەریك كردە عێرفان و فەلسەفە لەدینی یەهوودا. لەساڵی1972وە كۆمەڵە بەرهەمەكانی بە یارمەتی ئادورنۆ كەوتوەتە بەر دەستی خوێنەرانی. ڕەخنەگرانی ماركسیست، گرینگترین بەرهەمەكانی بنیامین بە سێ كتێبی: تیئۆرییەكانی فاشیسمی ئەڵمانیا، نووسەر وەكوو بەرهەم هێنەر، و بەرهەمی هونەری لە چاخی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی ماشینی، ناودەبەن. لە بەرهەمەكانی دیكەی ئەو: بناغەی خەمنامەكانی ئەڵمانیایی، ساڵەكانی منداڵی لە بێرلین، شەقامی یەك سایدی، خزمانی هەڵبژاردەی گوتە، ئەنگێزەكانی بۆدلر، پاركی ناوەندی، نووسراوەكان، دووبەرگی نامەكان، دەربارەی برێشت، و مرۆڤە ئەڵمانیاییەكانن. كتێبی "دووبارە بەرهەم هینانەوەی ماشینی" بە گەڵاڵەی ئیستاتیكێكی نوێی چەپ لە مێژووی ئەدەبیات و فەرهەنگی ڕۆژئاوادا دێتە ئەژمار.

***

# ((کوشتنی نامووسی، مەبەستێك بۆ گریان یان هاوارێك لە پێناو چارەسەریدا))

ن: شەهین موحەمەدی
و: پێشەنگ

تێکۆشانی مرۆڤ بۆمانەوەو ژیان، لەغەریزیترین هێزە بزوێنەرەکانی ئەم بوونەوەرەیە. ئەم تێکۆشانە نەخوازراوە، جیالە مانەوەی تاکەکەس، یارمەتی دەری بەردەوامی و مانەوەی نەوەی مرۆڤ بووە لەسەر زەوین و لە هۆکارە بنەڕەتی و ژێرخانیەکانە. لە کەسیش شاراوە نیە کە ئەم بەردەوامیە(زاین)

لەم هاوکاری و نەخشەی هەردوو رەگەز((پیاو_ژن))پێکهاتوەو بە دەست دێت. لە رۆژگارێکدا لەوانەیە پێنەزانینی نەخشی پیاو، بوو بە هۆی جۆرێك پیرۆزی ژن و خواژنانێك کەوتنە سەر گۆڕەپانی ژیانی مرۆڤەکان ودەسەلاتیان بەدەستەوە بوو. لەوانە هەر لەم رۆژهەلاتی نێوەڕاستە و زاگرۆس کە زانستی ئوستوورە ناسی چەندها جۆریانی لێ ناسیەو مۆری باوەڕبوونی ناوەتە سەر ئەم جۆرە لە ژیاندا. بناغەی هاوسەرگیریە پیرۆزەکانیش هەر لەم سەرچاوەوە سەری گرتوە و هاتووتە نێو ژیانی ئایینی و فەرهەنگی مرۆڤەکانەوە. (هاوسەرێتی ئینانالە لەگەڵ تەمووس لە مێزۆپۆتامیا و هاوسەرێتی پیرشالیارو شابارە لەزاگرۆس).

بەڵام جیاواز لەم ناسینە بنەڕەتیە، زۆری پێناچێت کەبە رەنگدانەوەی هۆکارگەلی جۆراوجۆر(کە خۆی باسێکی جیاوازە و بابەتێکی جیاوازدەخوازێت)، زاڵ بوون و دەسەلاتی پیاو بەسەر بناغەی ئابووری و فەرهەنگی و بیروباوەڕدا پەرەی ئەستاندووە و جێی خۆش کردوە و هێواش هێواش جێگای ژن کەوتووتە گۆشەو کنارەوە و زۆری پێ ناچێت کە ئەویش هەر وەکوو زەوین، ماڵ و دارایی دەبێتە بەشێك لەدارایی

پیاو. لێرەدایە کە ئێدی فەرهەنگی پێکەوەبوونی پیاو و ژن رەدکراوەتەو ئەو کلتوورە زاڵ دەبێت، کە ژن ملکی پیاوە. لەم جۆرە کلتوور و فەرهەنگەدا کە بەگشتی لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست و بە تایبەت لە کوردەواری دا وەکوو شتێکی نەگۆڕ بە سەر چوارچێوەی ژیان، کلتوور و باوەڕی خەلکی دا زاڵ بوە و تەنانەت ژنیش باوەڕی کردوە و پابەندە پێی، دەردێت. ئاکام دەبێتە ئەوە کە مافی هەلبژاردنی ژن لە ژێر کونترۆلی پیاودایە و دەچێتە خانەی مولکی ئەوەوە. واتە پێشنیار دەری هاوسەرێتی پیاوە.

بنەماڵەی کچ(نە خودی خۆی) قبووڵ دەکەن کە کچ بە پیاوەکە بدەن یا نا؟! سەرنج بدەن: (بە پیاوەکەی بدەن یان نا)!! واتە وەکوو کەل وپەلێك!! ئالێرەدایە کە کلتووری( پێکەوە بوون وپێکەوە ژیان کردن) دەڕزێت و کلتووری ژن هی پیاوە و ژن بۆ پیاو، جێگای دەگرێتەوە. ئەم بیرۆکەیە خوی لە خۆیدا دەبێتە هەستی بە مولك بوون و هەروەها خاوەنداریتی.(خاوەنداریتی مرۆڤ بە سەر مرۆڤەوە).

بەڵام لێرەدا بوونی چەند تایبەتمەندیەك لە کوردستان دا بوەتە هۆی ئەوی ئەم ئەندێشەیە(یەك ملکی کەسی تر ) هێز بگرێت و جێگیر بکرێت. جۆری ژیانی عەشیرەیی و لادێی کە تیایدا (زۆر) و هێزی لەش لە بەدەست هێنانی بژیوی و بەرگری لە بەرانبەر کەندوکۆسپەکان و هێرشی کەسانی دەرەکی دا قسەی یەکەم دەکات و ئەم هێزی لەشەش هی پیاوە، ژن هەرچی زۆرتر دەکەوێتە کەنارەوەو گۆشەگیردەبێت. لە ئاوەها کۆمەڵگایەك دا ژن گرێدراو دەبێت بە پیاوەوە و ئەم گرێدراویە لە بەرەو پێشچوونی کۆمەڵایەتیدا

بووەتە جۆرێك لە كۆیلایەتی. بە شێوەیەك كە هەموو بوونی ژن، تەنانەت ژیانیشی دەكەوێتە ژێر دەستی پیاوەوە وپیاو لەپێوەند لە گەڵ چارەنووسی ژندا مافی بڕیاردانی هەیە. داب و نەریتی كۆمەڵگای عەشیرەتی و سوننەتی ئەمە بە جۆرێك لە غیرەت و ئازایەتی دەداتە قەڵەم و بازدان بە سەریدا بە جۆرێك لە بێ هێزی و بێ غیرەتی چاو لێدەكات. شتێكی گرینگ ئەوەی كە داب و نەریتی ناوچە لە پێوەند لە گەڵ ئەم بابەتە ڕوانگەی (نامووس)ی پەروەردە كردوە.

لەم جۆرە تێروانینەدا، ژن نامووسی پیاوەو هەموو بوونی پیاو لە جۆری پاراستنی دا پێناسە دەكرێت. لەبەرچاونەگرتنی (بێ شەرەفی، بێ نامووسی و عەیبە و شوورەیی)یە و دەبێتە هۆی دوور خستنەوەی پیاو و سووكایەتی پێكردنی لە لایەن كۆمەڵگاوە. بە پێچەوانەوە، پاراستن و پارێزگاری كردن لێوەی دەبێتە ئازایەتی و فەخر و شانازی، دلێری و غیرەتی پیاو باس دەكات و دەبێتە هۆی سەربەرزی لە كۆمەڵگادا.

بە دڵنیاییەوە لە ئاوەها كۆمەڵگایەكدا شوێن و جێگایەك بۆ ئیرادە و خواستی ژن پێناسە نەكراوە وژن وەكوو ماڵ و دارایی پیاو و لەوانەشە زۆر خراپتر لە باقی ماڵ و داراییەكەی بێت. چونكە ئەگەر ماڵ و داراییەكەی دیكەی بكەوێتە بەر هێرش و دزین، كەسێك كە سووك و سزا دەدرێت، دەسبڕ و دزەكە دەبێت. لە كاتێكدا لە پێوەند لە گەڵ ژن دا، باسەكە بە تەواوەتی پێچەوانەیە و ئەمە ژنە كە ئەگەردەستی بۆببرێت!!، هەر خۆی تاوانبارە و سزا دەدرێت. كە سزای مردن لە زۆر حاڵەت دا باشترین جۆرو مایەی شانازی خوداوەندی ئەوە(پیاو)ەكەیە. بەڵام لە لایەكی دیكەوە لەوڕووەوە كە ژن هیچ جۆرە مافێكی لە كۆمەڵگاو بنەماڵەدا نەبووە و ئەوە كە دەچێتە خانەی موڵكایەتی پیاوەوە، لە كاتی ئەنجام دانی ئەو كارەی كە لە ڕوانگەی پیاوەوە ئەوپەڕی تاوانە و سزای مردنە، ژن مافی هیچ جۆرە بەرگرییەكی نەبووەو پیاو وەكوو خاوەن دەسەڵاتێكی تەواو حازر بە هیچ جۆرە وڵام دانەوەیەك نیە. گرینگ ئەمەیە كە ئەم بارودۆخە كۆمەڵگاش و پیاوانی دیكەش لایان پەسەندە وپێشی خۆشحاڵن. بە واتایەكی دیكە پێوەندی خۆشەویستی لە نێوان ژن و پیاودا، بۆ پیاو شانازیەكی گەورەیە و جێگای پیا هەڵگوتنە، و بەڵام بۆ ژن عەیبە و شوورەییەو سزای كوشتنی لە سەرە. خاڵێكی دیكە كە دەبێتە هۆی بێ هیوایی و خەم ونارەحەتی ئەمەیە كە، لە كاتی ڕوودانی ئاوەها ڕووداوێكدا!! پیاوانی خێل یان بنەماڵەی بەرانبەر بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە دیوارێك كورتتر لە دیواری ژنانی لایەنی بەرانبەریان گیر ناكەوێ و هەوڵ دەدەن تا وەكوو ئەوانیش لە گەڵ ژنانی بەرانبەردا ئاوەها پێوەندیەك بگرن و یان بە شێوەی نەریت وا نیشان دەدەن كە ئاوەها كاریكیان ئەنجام داوە و تێیدا سەركەوتوون.



ئەلبەت نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت كە ئەخلاق و كردارە كۆمەڵایەتیەكان جێی سەرنج و ڕێز لێگرتنن و كەسێك لە گەڵ دیاردەی بێ ئەخلاقیدا نیە، ئەوەیكە دەبێتە هۆی ئازاری مرۆڤ ئەوەیە كە لە ئاوەها كاتێكدا تەنانەت یەكسانی لە نێوان تاوانباراندا دابین ناكرێت و هەموو تاوانەكان دەكەوێتە ئەستۆی ژنەوە و هەر ئەوە كە دەبێت تەواوی سزای تاوانەكان بكێشێت. هەر لەم پێناوەدایە كە مانگانە گیانی كچان و ژنانی بێتاوان دەستێنێ و دەكەونە گێژاوی مردنەوە. هەر ئەم داب ونەریتە ئاڵۆزانەیە كە ژیانی تاكەكەسی و كۆمەڵایەتی ژنان دەگرێتە بەر و گۆڕەپانیان لێ تەنگ دەكاتەوە. كێشەی نامووس بە شێوەیەك ڕۆچوەتە نێو ژیانی كۆمەڵ و تاكەوە كە ئەم تۆمەتە بەسە تا وەكوو ژنێكی بێ تاوان بە توندترین شێوە سزا بدەن و تەنانەت بواری سووكایەتی و گۆشەگیری كۆمەڵایەتیشی بۆ سازبكرێت. جا چ بێ تاوانگەلێك كە تەنیا بەم تۆمەتە نارەوایە دووچاری ئاوەها بارودۆخێك كراون؟! بەم تۆمەتە ژنان لە ماڵ و حاڵی خۆیان دەخرێنە دەر و

(تەڵاق دەدرێن)، ئازار و ئەشکەنجە دەکرێن، دەکەونە بەر سووکایەتی و داپڵۆسین و بە کورتی شێوازی جۆراوجۆری ئازارگەلی لەش و ڕۆحی و تاك وبە کۆمەڵ و دەچێژن و تەحەمولی دەکەن و تەنیا ئەوە بەسە کە ئەم تۆمەتە بخرێتە پاڵیان، ئەو کات هەمووان بە دژی ڕادەوەستن.

لە ترسی ئەم تۆمەتانە زۆرێك لە کچان بە بێ مەیل و ئارەزووی خۆیان ناچار دەبن بچنە ژێر باری ژیانی هاوسەرێتی، لە گەڵ پیاوانی نەگونجاودا هەڵ بکەن و ژیانی شیرینی خۆیان بکەنە قوربانی سوننەت و داب و نەریتی کۆن. وینەی ئەم جۆرە کەسانە ئەوەندە زۆرە کە پیویست بە ناو لێ بردن ناکات، هەر ئەوە بەسە کە ژیاننامەیان کۆبکرێتەوە تا شایەتی تراژیدیایەکی ترسناك بین.

لە گوندی((نژمار))ژنێك تەنیا بە هۆی ئەوەی تەنیا چوەتە سەفەر و سواری ئوتۆمۆبیلی پاویکی نەناسراو بوە، بە تاوانبار دەناسرێ و بە خراپترین شێوازی باو لە لایەن خێلەکەیەوە دەکوژرێت.

لە گوندی(د))کچێك لە تەمەنێکی زۆرکەم دا مارە دەبڕدرێت لە پیاوێك کە نزیکەی 20ساڵ لەو بەتەمەنترە و هەروەها لە نالەبارترین پیاوانی گوندەکەیە. کچەکە دوای تێپەڕ بوونی چەند ساڵ و تێپەڕاندنی دەورانی منداڵی تێدەگات کە زوڵمێکی گەورەی لێکراوە و بۆیە هەڵدەستێت بە دەربازبوون لە دەستی. ئەم کردەوەی لە لایەن بنەماڵەکەیەوە بە بێناموسی پێناسە دەکرێت و لە کاتێکدا دووگیان دەبێت، دوای چەندین هەفتە بەند کردنی لە مالەوە، لە کێوەکانی دەوروبەری گوند بە توندترین شێوە دەکوژرێت... لە شاری مەریوان، کچ و کوڕێك عاشقی یەك دەبن و کورەکە بە پێی داب و نەریت دەچێتە خوازبینی کچەکەوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە کچ وکوڕ یەکتریان خۆشویستوە، براکانی کچەکە بەرگری دەکەن لەوەی کە ببنە هاوسەر و دوای چەند مانگ و ساڵیانێك تێکۆشان، کچەکە بێ هیوا دەبێت و کاتێك دەزانێت کە بنەماڵەکە مەبەستیانە بیدەنە پیاوێکی دیکە، پەنا دەباتە بەر مەشخەڵی ئاگر و خۆی دەسووتێنێ.

برایەك لە گوندی((ب)) خۆشکی 17ساڵ تەمەنی خۆی بە هۆی ئەوەی کە کوڕێکی خۆش ویستوە سەر دەبڕێت. خانمی((ن.م)) خەڵکی گوندی((هـ)) بە هۆی دژایەتی براکەی لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا بە دەستی خۆی لە کاتێکدا کە لە حەمام دا دەبێت بە تەوەر بە سەریدا دەدا ودەیبەنە نەخۆشخانە. خانمی((خ))خەڵکی گوندی کاکەلیئاوا دوای لێدانێکی زۆر لە لایەن هاوسەرەکەیەوە

دەکوژرێت و لاشەکەشی ئاگر دەدرێت.

خانمی((پ))خەڵکی گوندی نگڵ و دانیشتووی مەریوان بە هۆی نەخۆشی دەروونیەوە((خانەگومانی))ئەشکەنجە دەدرێت و دەمرێت.

خانمی((ز))خەڵکی گوندی((ب)) لە بەرچاوی منداڵە 2ساڵەکەیەوە لە لایەن هاوسەرەکەیەوە دەخنکێندرێت.

ئەم خاڵە ناوبراوانە و وێنەگەڵیکی زۆرتریش کە روویان داوە و رووودەدەن و ئێمە بەردەوام شایەتی ئەم جۆرە کردەوە نامرۆڤانەو دژی ئینسانیەین لە کۆمەڵگادا کە بە دژی ژنان ئەنجام دەدرێت و بەردەوام تاوانباری سەرەکی ژنان پێناسە دەکرێن و دەکوژرێن و پیاوان سەرکەوتوانە لە گۆڕەپانەدا شانازی پێوە دەکەن و بە جێگای خۆشحاڵی و فەخر و هێزی لەش و زەینی خۆیانی دەزانن. لەم کێبڕکێە دا دوو دەستە لە پیاوان بە خۆیانەوە شانازی دەکەن و ئەم کردەوە شوومە دژی مرۆڤایەتیە بە جێگای فەخر و شانازی و پیاوەتی خۆیان دەزانن، دەستەی یەکەم: قاتڵەکان بەو فەخرەوە کە لەم ڕێگایەدا کەسێکیان کوشتوە و دەستەی دووهەم: پیاوانێکە تۆمەتبارن بە پێوەندی لەگەڵیاندا و ئەوە بە مایەی شانازی خۆیانی دەزانن کە بە بۆنەی ئەوانەوە ژنێکیان کوشتوە.


بەڵی ژن ئەو بوونەوەرە چەوساوەو دەمبەستراوەی مێژوو لەو ڕۆژەوە کە ناویان لێنا حەوا و کردیانە شەریکە تاوانی شەیتان نیشانەی تاوان و ڕەشایی و نائەمنی، لەو رۆژەوە کچانی باکرەیان کردە قوربانی بارەگای خودایانی خۆ تاکوو رۆژێك بووکەکان شەوی یەکەمی زەماوەندیان لە نێو جیگا و باوەشی خاوەنانیان دەبردە سەر، و لە کاتێکەوە کە بە ناوی ناموسەوە بوونە موڵکی تەواوی پیاوە کەڵەگەتەکان و بە زنجیری داڕزاو و چڵکنی سونەت و داب و نەریت بوونە ئێختیارداری گیان وماڵیان تا بە ئەمرۆژ کە پێش لە هاتنە دونیایانەوە بە دیاری کردنی ڕەگەزوجنسیەت

لەنوتفەدا دەتاسێنرێن ولەچاخی سەرمایەداری و تەکنۆلۆژیای پێشکەوتەدا لە کۆیلەی ماڵیەوە دەبنە کۆیلەی جنسی و لە بازاری پڕبەهای بازرگانی جنسیدا کڕین و فرۆشیان پێوە دەکرێت. تابە ئێستا ڕووبەڕووی خراپترین شێواز لە توندوتیژی، ئازاری لەش، دەروونی، جنسی و لە شێوازی بەربەریەتیشی واتە قەتڵ و کوشتن بوونەتەوە.

بەداخەوە واقێعیاتی کۆمەڵگای ئێمە لەلایەك دەرخەری دەسەڵاتی فەرهەنگی کلتووری پیاوەمەزنیەو لەلایەکی دیکەش فەرهەنگی پەروەردەکردنی دیکتاتۆرو ئیستبداد. لەم کۆمەڵگەیەدا زاڵ بوون و دەسەلاّتی پیاو بەسەر ژندا و هەستی خاوەنداریێتی پیاوان بەسەر ژنانەوە، بە شێوەیەك ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە و تەرزو لق و پۆی کوتاوەتە نێو ژیانی تاکەکەسیو کۆمەڵایەتیەوە کە نالیٚ کردنی کارێکی نەشیاوە.

نابێت لە بیرمان بچێت، کە ئەم جۆرە لە زاڵ بوون و دەسەڵات خۆی ڕیشەی لە فەرهەنگیك دایە کە کۆمەڵگەی ئێمە پێوەی دەناڵێنێت و گرفتاری دەسیەتی. هەرچەند کۆمەڵگەی ئێمە بەشێکە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ودەبێت زۆرێك لە دیاردەکانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لەو چوارچێوەیەدا شی بکرێتەوە و لێکۆڵینەوەی لە سەر بکرێت. ئەم فەرهەنگەش هەرجۆرێك لە فەرهەنگی دەسەڵات پەروەریە.

بە شێوەیەك کە کەسەکان خویان زالبوون و دەسەڵاتی کەسانی دیکە بەسر خۆیان دا قبوولْ دەکەن و بە قبوولْ کردنی دەسەڵاتدار بوونی فەرهەنگی بواری لەبار پێکدێنن بۆ دەسەڵاتدار بوونی تاکەکەس بەسەر تاکەکەسدا. دەسەڵاتێك کە لەگەڵ جۆری شارستانیەکەیدا جیاوازی هەیە. لەبەر ئەوەی لە دەسەڵاتداری یاسایی و مەدەنیدا، کەسەکان یەکسانو هەموویان هەل و مەرج و زەوینەی گەیشتن بەو دەسەڵاتەیان هەیە وجیاواز لەوە ئاوەها دەسەڵاتێك سنووردار و کورت ماوەو نامیراتیە.



بۆیە دەبێت قبوولْ بکەین کە هەڵاواردنی جنسی لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیدا شوێنکەوتەی هەڵاواردنە کۆمەڵایەتیەکانە کە زۆربەی زۆری کۆمەڵگا لەبەر دەگرێت. بە هەرحاڵ لە کۆمەڵگای ئێمەش دا زۆرجار هەواڵی کوژران، ئەشکەنجەدان، سووکایەتی پێکردنی ژنان و .....هیتد دەبیبستریٚ و بە دواشیدا لە نیوان چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی جەماوەردا ڕەنگدانەوەی جۆراوجۆری دەبێت.

ڕاگەیەنەر و پێکهاتە و گرۆپەکۆمەڵایەتیەکانی تر، دەست دەدەنە لەقاودانی ئەم کردەوانەو بێزاری خۆیانی لیٚ دەردەبڕن و مەحکوومی دەکەن. بەڵام لە بەرانبەردا کەسانێکی کۆنەپەرست و توێژێکی تر هەڵدەستن بە پەسەند کردنی و بە بیانووی ئەوەی کە ئەمە غیرەت و نامووس پەرستیە پشتیوانی لێدەکەن. بەڵام لە ئاوەها بارودۆخێکدا و لە کۆمەڵگایەکدا پرسیاری سەرەکی و بنەڕەتی ئەوەیە کە ئایا توێژی ڕووناك بیر و بە تایبەت ڕێکخراو و پێکهاتەکانی ژنان و بەرگریکارانی مافی مرۆڤ ، لە ئاوەها هەنگاو نانێك بە تایبەتی وەکوو مەبەستێك بۆپۆزلێدان و خۆنواندن دەچنە پێش و کەڵکی لیٚ وەردەگرن یان ئەوەیکە هاوارێکە لە پێناو چارەسەرێکی ئەم بارودۆخەدایە. هەرچەند هێنانەوەی ئامار و ئەرقامی جینایەتی نامووسی ساناترین و لە بەردەستترین کارێکە کە لە ناوچەدا دەتوانرێت ئەنجام بدرێت. ئەمن لە بابەتەکانی پێشووم دا لە پێوەند بە قەتڵە نامووسیەکان ئاماژەم بە نموونەهایەکی زۆرلە جینایەتی نامووسی و توندوتیژیەکانی بەکارهاتوولەو بوارەدا کردوە.

نموونەگەلێك کە لەم وڵاتەی شوێنی لە دایك بوونی خۆمدا ڕوویان داوە و من و ئەنجومەنی ژنان لە نزیکەوە لە گەڵیان دا ئاشنا و دەرگیر بووین و هەرچەند ئەم

ئامار و ئەرقامە ئەگەر لە شێوەیەکی بەربڵاوتر چاولێ بکرێت زۆر لەوە زۆرترە و بە دڵنیایەوە ئامانجی ئێمە ئەنجومەنی ژنانی مەریوان لەم بوارەدا تێکۆشانە لە پێناو خستنە ڕووی ڕاستیەکان و بە ئاگاهێنانەوەی توێژەکانی کۆمەڵگایە بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەم کێشەوگیروگرفتانە. ئاوەها ئامانجێکیش بە لێکدانەوەو بنکۆڵکردنی زەوینەکانی سەرهەڵدانی ئەوجۆرە توندوتیژیانەوە مسۆگەرە. دەبێت بڵێم کە بەداخەوە ڕوانگەگەلێك

هەن کە تەنیا بۆمەبەستێك بۆ کرووزانەوەو پۆزلێدان سەرنجیان داوەتە جینایەتی نامووسی و لە ئاسەوارو هەنگاوەکانیاندا دەرگایەك ڕوو بە چارەسەر و دەربازبوون بەرچاو ناکەوێت و ئەمە زۆرجیگەی داخ و کەسەرە. گرینگ ئەوەی کە ئەم هەنگاوانە لە لایەن گرۆپگەل و کەسانێکی داکۆکی کارو بەرگریکارە وە بە ئەنجام دەگات.

بەڵام لەوانەیە بە هۆی نەچوونە قوولایی کارەسات و گرفتەکەو هەروەها پەلەکردن لە هەنگاوهەڵگرتن و نەبوونی زانیاری تەواو و بەربڵاو و چۆن لێ ڕوانین ئاوەها بارودۆخێك دێنێتە ئاراوە. بەڵام دەبێت باس لەم مەسئەلە گرنگەش بکرێت کە دەربازبوونی کۆمەڵگا لە ژێر باری هەڵاواردن کاتێك بە ئاکام دەگات کە هەڵاواردنی ڕەگەزی نەمێنێت. جیاواز لەوەش دەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە مافەکانی مرۆڤ لە ماوەیەکی کورت دا بە دی نایەت. بۆیە دەبێت لە سەر ڕێگەی گەیشتن بە مافە ئینسانیەکانی ژنان بە هێز بین و باوەڕمان بە کات و زەمەن هەبێت. ژنان دەبێت خۆیان بۆ خەباتێکی مرۆڤایەتی لە درێژ ماوەدا ئامادە بکەن. چۆنکە ئەزموونی خەباتی ژنان لە ناوە وەو دەرەوەی وڵات ئەوەمان پێ پیشان دەدات کە سەرەتا ژنان لە ماڤ خۆیان دابڕاون بەڵام بە هێممەتی خەباتێکی درێژماوە و عەقڵانی توانیویانە پێی بگەن. بۆ وێنە لە ئەڵمانیای سەدەی پازدەهەم ژنانی دووگیان کەگیانی کۆرپەلەیەکیان دەکردە فیدا گیانی دایکێك مەحکووم دەکران بە سووتان لە ئاگردا بە زیندوویی. یان لە بەڵێننامەی ئەخلاق و ئابووری بنەماڵەی پاریس 1498، ئەخلاقێکی نوێ ە پەروەردە کردنی کچان شوێنکەوەتەی بێت، وا باس دەکات: کچان دەبێت بۆ نەخشی ماڵداری ئامادە بن جێگەیەك کە تیایدا هەموو شتێك بە مەبەستی ڕەفاه و خۆشگوزەرانی پیاوان ئەنجام دەدرێت.

یان هەروەها ڕاگەیاندنێکی بریتانی ساڵی 1547ی زایینی کۆبوونەوەو چاوپێکەوەتنی ژنان لەگەڵ یەکتر بە مەبەستی قسەکردن قەدەغە دەکات و بە هاوسەرانیان(پیاوان) دەڵێت کە نەیەڵن ژنان لە ماڵ بێنە دەر و لە ماڵ ڕایانبگرن.

بەڵام دەبینین کە بزووتنەوەی بەردەوام و نەپساوەو مەدەنی ژنان و توێژی ڕووناك بیری کۆمەڵگای ئەورووپایی گەیشتووتەجێگایەك کەئێستە ژنان وەکووباقی خەڵکی کۆمەڵگا بەماڤ خۆیان گەیشتوون

و خەریکی خزمەت بە کۆمەڵگاکەی خۆیانن. لە کۆمەڵگای ئێمەشدا لە یاساکانی سەرەتای وڵاتدا ماڤ دەنگدان و خۆپاڵاوتنی ژنان قەدەغەبوو.

لە مادەی 10یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان پەسەندکراوی 1339ی هێجری قەمەری 4کەس لە ماڤ خۆپاڵاوتن قەدەغەکراون کە ژنان لە ڕیزی یەکەمی ئەم کەسانەدان. هەروەها لە مادەی 13ی هەر ئەو یاسایەدا کەسانێك بە شێوەیەکی گشتی لە ماڤ هەڵبژێردران بەری کراون کە دووبارە هەر ژنان لە ڕیزی دووهەم دان. بەڵام تێکۆشانی مەدەنی خەڵکی ڕزگاری خواز و عەداڵەت پەروەر گەیشتووەتە ئاستێك کە بەشێك لە ماڤ ژنانی ئێرانیش بە دەست هاتووە و تێکۆشان لە ڕێی گەیشتن بە مافەکانی دیکەش بەردەوامە و درێژەی هەیە. نموونەی ئەم تێکۆشانانە و بە سەمەر گەیشتنیان لە مێژوودا زۆرن کە ئەگەر هەمووی بدرێتە بەر لێکدانەوە دەرفەتێکی زۆری دەوێت کە دەبێت لە بەرنامەی کاری پێکهاتە و ڕێکخراو و کەسە ئازادی خوازەکاندا بێت. هەر لەم نێوەدا دەبێت ئێمەش جینایەت و قەتڵە نامووسیەکان وەك کێشە و گیروگرفت چاو لێبکەین و هەنگاو هەڵبگرین بۆ چارەسەری بەتەواوەتی ئەوکێشەیە، نەك وەکوو مەبەستێك بۆ ناڵەناڵ و شین و ڕۆ چاوی لێبکەین و خۆمان لەو ڕێگەوە لە کۆمەڵگادا دەرخەین. تێبکۆشین، بەتێکۆشانێکی عاقڵانە و بنەڕەتی کە بە دڵنیاییەوە لە داهاتوودا دەسکەوەتی دەبێت.

***

وتار



# ئۆلۆمپیۆ یا ژیانی ویکتۆر هۆگۆ

و: هێمن ئەمانی

ویکتۆر هۆگۆ لە یانزە ساڵی بەولاوە، دوای ئەوەیکە چوو بۆ مادرید بۆ لای باوکی، ژنراڵ کێنت هۆگۆ، و ئسپانیای بینی، زنجیرەیەك لە ڕوداوی دوا بە دوای یەك و کۆمەڵێکی سەرسوڕهێنەر لە بەرزی و نزمیەکان ژیانی ئەویان پڕ کردووە.

ئۆلۆمپیۆ یا ژیانی ویکتۆر هۆگۆ، (olympio ou la vie de Victor Hugo). ژیاننامە لە ئاندرێ موروا (ناسناوی ئیمیل هێرزوگ، 1885–1967)، نووسەری فەڕەنسەوی کە لە ساڵی 1954 بڵاو کرایەوە. ئاندرێ موروا، دوای نووسینی ژیاننامەی ژرژ ساند و پێش نووسینی ژیاننامەی ئەلکساندر دوما باوك و کوڕ و ژیاننامەی باڵزاك، دەستی کرد بە نووسینی ژیاننامەی بلیمەتی سەدەی نۆزدەیەم و گەورەترین نووسەری ڕۆمانتیك یانی ویکتۆر هۆگۆ. کارێکی گەورە بوو، ئاندرێ موروا دەڵێ: ((قەت وەبیر نایە بەرهەمەکانی ویکتۆر هۆگۆم لا پەسەند نەبووبێ.)) و دواتر درێژەی پێدەدا و دەڵێ: ((هۆگۆ کە گەورەترین شاعیری فەڕەنسەیە.)) ئاندرێ موروا هەوڵ دەدا تا ئەم پیا هەڵدانە کە هەمیشە شتێکی پەسەند نەکراو بووە لای ئێمە ئاسایی بکاتەوە. لەم کاتەدا هەوڵیش دەدا لەپشت بەرهەمەکانیەوە بیبینێ و کەم و کوریەکانی نیشان بدات و بە دوای ئاڵ و گۆڕە سەرسوڕهێنەرەکانی دا بڕوات و دڵنیامان بکاتەوە کە ژێربەنای بلیمەتی و لێهاتووییەکەی ئەو پشتکارە بڕوا پێ نەکراوەیە. ئەو وێنە گیاندارە پشت ئەستوورە بە گەلێك بەڵگە و بەرهەمی زۆر، بۆ وێنە، بەرهەمە چاپ نەکراوانەی ویکتۆر هۆگۆ.

ویکتۆر هۆگۆ لە یانزە ساڵی بەولاوە، دوای ئەوەیکە چوو بۆ مادرید بۆ لای باوکی، واتە، ژنراڵ کێنت هۆگۆ و ئیسپانیای بینی، زنجیرەیەك لە ڕووداوی دوا بە دوای یەك و کۆمەڵێکی سەرسوڕهێنەر لە بەرزی و نزمیەکان ژیانی ئەویان پڕ کردووە. خەڵك لە عەشقی ئەو بەرانبەر بە ئادل فوشێ، کە بوو بە ژنی، و دواتر بۆ ژولیێت دروئی کەلە ساڵی 1832 تا کاتی مردنی ئەوی خۆش دەویست، ئاگادارن. بەڵام زۆر ژنی تریش لە ژیانی ئەودا بوون، و ئاندرێ موروا بێ ئەوەیکە بیەوێ هەوەس بازیەکانی ویکتۆر هۆگۆ بشارێتەوە، زیادە ڕۆییەکانی ئەویشی زۆر باس نەکردووە. لە تایبەتمەندیەکانی دیکەی ویکتۆر هۆگۆ کە لای خەڵك پەسەند کراوە، وەفاداری ئەوە لە هاوڕێیەتی دا، ڕێبەری لە پلەی سەرکردەیی قوتابخانەی رشۆمانتیسم و خۆشەویستی ئەو بە ئارمانی سیاسی و کۆمەڵگایە کە بوە هۆی دورخرانەوەی بۆ ژێرسێ و گرینزی. نابێ کاریگەری ئەومان لەماڵەوە بیر بچێتەوە: باوکێکی زۆر باش و باوەگەورەیەکی باشتر بوو و مردنی زۆرێك لە کەسە نزیکەکانی بینی و ئازاری چێشت. گەورەیی ویکتۆر هۆگۆ لەوەدا بوو کە لە بابەتەکانیدا گیانی بەو ڕوداوانە دابوو و ئاندرێ موروا هەولی داوە تا بابەتەکانی لە وێنەی ژیانی پڕ لە هەوراز و نشێو و سەربەرزی روون بکاتەوە. کاتێ کە ویکتۆر هۆگۆ لە ساڵی 1885 لە هەشتاو سێ ساڵی دا گیانی لە دەست دا، لە ژیانی خۆیدا، وەکوو گەورەترین بلیمەتی فەڕەنسە ناسرابوو. ئاندرێ موروا بە سادەیی تەواوەوە هۆکاری ئەم ناوبانگە بێ وێنەیەمان بۆ روون دەکاتەوە.

رۆمانی "بێ نەوایان" یەکێك لە بەناوبانگترین بەر هەمەکانیەتی.

سەرچاوە:ئینتێرنێت

# وتووێژی گۆڤاری "تریبون زن" لەگەڵ لەیلا دانش

و: سمکۆ نووری

* پرسیار: لانی کەم 2 ساڵ لە چاپ و پڵاو بوونەوەی کتێبەکەی ئێوە، واتە: "نیئۆلیبرالیسم، ژن و تەوسعە لە ئاماژەییکدا بۆ ئێران" تێدەپەرێت باس و بابەتەکانی ناو ئەم کتێبە بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ئاڵو گۆرانەی کە هاتوونەتە ئاراوە تا چ رادەییێك لە گەڵ هەلومەرجی ئێستا دا دێتەوە؟ یان بە گشتی نرخاندنی ئێوە لەم بوارەدا دوای ئەم 2 ساڵە چییە؟

وەڵامی لەیلا دانش بۆ گۆڤاری "تریبون زن":
بیرۆکەی سەرەکی ئەم کتێبە ئەوە بوو کە نیشان بدات پەرەسەندن و کارتێکردنی سەرمایەداری لە دەیەکانی ئەم دووایانەدا و لە ئاستی جیهانی دا بۆ وەرگرتن و لە خۆ گرتنی هەرچی زۆرتری هێزی کاری هەرزان بە چە رادەیەك لە ژنان کەڵك وەردەگرن. پێشکەوتن و بەرەو پێش چوونی ئەم پرۆسە لەو وڵاتانەی کە بە جیهانی سێهەم دەناسرێن لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ئاڵوگۆرێکی هێناوەتە ئاراوە کە پێشی پێناگیردرێت و دەرکەوتەی ئەم ئاڵوگۆرانەش لە رەوتی شکڵ گرتنی ناوەند و نیهادەکان و جەریاناتی سیاسی، لە ئاراستەی ئەم پرۆسەدا و هەروەها ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی کە لە پێوەند بە پەرەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی و مۆدێرنیزاسیۆن و هتد دا بەدی دەکرێت، وەبەرچاو دەکەون.

چ لە کاتی چاپی ئەم کتێبە و چ پاش ئەویش دەبینین کە لە ئاستی جیهانی دا و بە شێوەیەکی بەرپڵاو مەسەلەی ژنان بۆ جارێکی دیکە باسی لێدەکرێت. بە شێوەیەك کە باس لە مافی ژنان و هەموو باسەکانی پێوەندی دار بەم بابەتەوە، و لە هەموو ئاستە جیاجیاکاندا لە دوو سێ دەیەی رابردوودا بێوێنە بووە. ئەم مەسەلە تا ئاستێك بووە کە بە دڵنیاییەوە دەتوانین ئەم دەورە لە خەباتی ژنان لە بواری رادەی جموجۆڵە سیاسیەکان و خواست و داخوازییەکان و باسەکانی پێوەندی بە بزوتنەوەی ژنان لەگەڵ دەیەکانی ئاخری سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم هەڵسەنگێنین. سەرەرای هەبوونی ئەو جیاوازییە بەرچاوانەی کە لە بواری رادەی داخوازییەکان و شکڵ و ئاستی خەباتی ژنان لە نێو وڵاتە جۆراوجۆرەکان دایە، بەڵام ئێمە شاهیدی پەرەگرتن و رەوتی روو لە گەشەی دووبارەی ئەم بزوتنەوە لە لایەکەوە و هەروەها باشتر بوونی کاری ژنانین ، هەم لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە باری پیشەییەوە و هەم لەو وڵاتانەی کە بە ناو وڵاتانی گەشە نەکردوو یان لە حاڵی گەشەدا ناسراون. لێرەدا زۆر بە پێویستی نازانم کە ئەم لایەنە بخەمە بەر باس کە مەسەلەی ژنان لە چە گۆشە نیگایەکەوە بە چ روانگە و بۆچوونێکەوە شرۆڤە دەکرێت، یان ئەو دەنگانەی کە لەم بوارەدا دەبیسرێن لە باری خەت و جیهەتی سیاسیەوە لە چ خانەیەك دا خۆیان دەبیننەوە. بەڵام لێرەدا مەبەست گرینگی دان بەو هەلومەرجەیە کە بەستێنی شرۆڤە کردن و باس کردن لە سەر مەسەلەی ژنانی بەم شێوە و بە بەرپڵاوی خۆڵقاندووە و، ئەم هەلومەرجەش بەو جۆرەی کە باسمان لێوە کرد پەرەسەندنی بێوێنەی پێوەندی و موناسباتی سەرمایەدارییە کە تا دوورترین ناوچەکانی جیهانی پەلی هاویشتووە. سەرهەڵدان و رەوتی بەرەو پێش چوونی سیاسەتی نێئۆلیبرالی لە

دڵی قەیرانی جیهانی سەرمایە لە کۆتاییەکانی دەیەی 70ی زایینی و دوا بە دوای ئەویش ئاڵوگۆرەکانی پێك هاتوو لە ڕێکخراو کردنی کار و هێنانە مەیدانی هێزی کاری هەرزانی ژنان لە فاکتەرە گرینگەکانی شرۆڤە و نیشان دانی کاراکتەر و بکەرەکانی ئەم ڕەوتەیە. لە هەر حاڵدا من نامەوێت بۆ جارێکی دیکە باسەکانی نێو ئەم کتێبە بێنمە ئاراوە و مەبەستیشم ئەوە نییە، بەڵام بەم ئامارژە کورتەوە ویستم لە سەر ئەو مەسەلە پێداگری بکەمەوە کە ئەم ڕەوتە کەم تا زۆر هەر بەردەوامە و ئەگەر بمانەوێت بابەتێکی تازە بڵێین دەبێ بە شێوەی کونکرێت دەرکەوتە و نمونەکانی باس بکرێن.

ئاکام و دەرەنجامەکانی بەرنامەی گەشەی ئابووری لە ئێران دا کە پێوەندییەکی پتەوی لە گەڵ ڕەوتی جیهانی بوون یان گلۆبالیزاسیۆن هەیە لەم دەورەدا نزیکتر و رۆشنترە. لە جیاتی ئامارژە بە لێك دابرانی پێکهاتەی کۆمەڵگا و نەبوونی توانایی وەرگرتنی هێزی ئامادە بە کار و برەو دانی چەند شۆغلە بوون و ئەنجام دانی هاوکاتی چەن کار بۆ دابین کردنی داهاتی ژیان و، چوونە سەرەوەی بێوێنەی لەشفرۆشی و حەراجی کچانی کەم تەمەن کە بە شێوازی جۆراوجۆر بەسەرهاتەکانیان دەبیسرین، لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە بەردەوام بوونی یاسای کۆن و دواکەوتووی رژیمی ئیسلامی، باشتر وایە کە بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارەی ئێوە کە لەم دوو ساڵەدا چی رووی داوە، بە نموونە باس لەم بابەتانە و ئەو هەڵوێستە جۆراوجۆرانە نەکرێت، بەڵکو ئەوەی کە لەم پرسیارە دا دەبێ لە پێش چاو بگیردرێت بەستێنە گشتییەکان و هەلومەرجی سیاسی گشتی و ئەو ئالوگۆرانەن کە بەم شێوەیە، لەم قۆناغەدا روویان داوە. گرینگترین ڕووداو کە جێگای لێکدانەوەیە کۆتایی هاتنی ئیسڵاحخوازی و هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژاد وەك سەرکۆماری رژیمی ئیسلامیە کە بۆ درێژەی ئەم باسە دەبێ ئامارژە بە هەندێ بابەتی ئەم کتێبە بکەم. لەم کتێبەدا بە شێوەی تێروتەسەل و لە ئاستی جیهانی دا لە بابەت ئاڵوگۆری فکری لە فمینیزم دا و هەروەها



چۆنیەتی رەواج پێدان بە جۆرەکانی فمینیزم و لەوانە فمینیزمی ئیسلامی باس کراوە. لە لایەکی دیکەوە لە پێوەند بە رەوتی بە جیهانی بوون و لە دڵی ئەو نارەزایەتیانەی کە بە دژی ئەو رەوتە لە ئاراداان بە تەواوی سەبارەت بە فمینیزمی لیبراڵ و هەروەها پێگەی ئەم جۆرە لە فمینیزم لە نێو ڕووداوەکان دا باسی لە سەر کراوە.

بۆ وێنە ئەوەی کە فمنیزمی لیبراڵ جیا لەوەی کە بە چ ڕادەیەك پابەندی بیر کردنەوەی کلاسیك و کۆنی لیبراڵیە و لە هەلومەرجی ئەمرۆش دا لە پێوەند بە گلۆبالیزاسیۆن و ئاکامەکانی چۆن لە بیری ئەوە دایە و هەوڵ دەدات شوناسێکی تازە ڕەچاو بکات. ئەم ڕووداوەش لە ئێران رووی داوە و بەشێك لە چالاکەکان و هەڵسوراوانی ئەم بوارە خوازراو یان نەخوازراو وەك فمینیستی لیبراڵ کەوتوونەتە ئەم گۆرەپانەوە. لە ڕاستی دا سەرهەڵدانی ئیسلاحات لە ئێران دا لە ناوخۆی بزوتنەوەی ژنان ئەگەر کەمیش بووبێت کاریگەری هەبوو لە سەرهەڵدان و هاتنە مەیدانی کەسایەتی خۆی لەم بوارەدا و لە ئاستی چاپەمەنی و سایتە ئینتەرنێتییەکان و گۆڤارەکان بەرچاوترین ڕەنگدانەوەی ئەم ڕەوتە بوو.

شکست خواردنی ڕەوتی ئیسڵاحات و پاشان هاتنە سەرکاری رەوتی ئەحمەدی نژاد، رەوتی فمینیزمی

لیبراڵی بەرەو ئاقارێکی دژوار برد کە ئێستا ماوەیەکی زۆرە دەبینین بێدەنگییەکی قورس باڵی بەرسەر چاڵاکی و خۆ دەرخستنی ئەم رەوتەدا کێشاوە.

لە بواری بزوتنەوەی ژنانەوە و پاش هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژاد ئەگەر ڕەوتێك هەبێت کە بکرێت لە سەری بدوێن، تەنیا ئەم رەوتەیە. لە چەن ساڵ لەوەو پێشترەوە رەوتێکی فمینیستی لە جۆری ئیسڵامی لە نێو ژنانی سەربە دەسەڵات و ئەو ژنانەی کە بە جۆرێك گرێدراوی حکومەت بوون لە ئارادا بوو تا بەم شێوە فەرهەنگی باوك مەزنی و پیاومەزنی حکومەت بخەنە تەنگەژەوە بەڵام ئەم رەوتە سەرەڕای ئەوەی کە زۆترین ئیمکاناتەکانی لەبەردەست دابوو لە ئاستی ئێران و تەنانەت لە ئاستی نێونەتەوەییش دا، بە هیچ شێوازێك نەیتوانی لە نێو ژنان دا ببێتە خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی. هۆکاری ئەمەش زۆر روونە کاتێك خەڵك بە هۆی بوونی وەها دەسەڵاتێکەوە تا ئەم ڕادەیە زەبریان لێکەوتووە بە هیچ شێوەیەك بە کەسانی سەربەوان بروا ناکەن و هەر رەوتێك تەنانەت ئەگەر ئیعترازیش بێت بەڵام گرێدراوی حکومەت بێت ناتوانێت ببێتە خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی.

بەڵام سەرەڕای ئەو کێبەرکێی کە کەوتبووە نێوان ئەم ژنانەوە و بەو رادە لە پروپاگەندەوە، خواستەکان لە بەرانبەر خواستی جەماوەری ژنان بە رادەیەك کەم بایەخ بوو کە جێگای باس لێکردنیان نەبوو. بەڵام هاوکات لە گەڵ گەشەی ئیسڵاحات رەوتێکی دیکە لە بزوتنەوەی ژنان بواری چاڵاکی بۆ رەخسا. ئەمانە لەو ژنانە بوون کە بە گشتی بە ژنانی ئیسڵاحخواز دەناسرانەوە کە لە سەرەتاوە زۆر روون و ئاشکرا بوو بزوتنەوەی ژنان ناتوانێت و نابێت بەم چەن کەسە یان بەم رەوتەوە قەتیس بکرێتەوە.

ئەگەر ئەوە قەبوڵ بکەین کە لە دوای دەورەی چەند ساڵەی سەرهەڵدانی ڕەوتی ئیسلاحات ئەمە بە گشتی دەنگی ئەو ژنانە بوو کە دەبیسرا، ئەو کات دەتوانین خوار و ژوور کردنی ئەم رەوتە لە باری سیاسیەوە وەك پێوەر لە پێش چاو بگرین.

بەستێنەکانی سەرهەڵدانی ئەم حەرەکەتە لە نێو بزوتنەوەی ژنان دا دەکرێت لە چەن خاڵدا ئاماژەیان پێبکەین. 1_ جۆرواجۆر بوونی رەوتی فمینیستی، گەرچی هاوخەتی و ئینسجامی سیاسی و فیکریان وەك مەرجێك بۆ پێك هاتنی رەوتێك لەم بوارەدا بە حەساب نەدەهات. 2_ هەبوونی حکومەتی ئیسڵامی کە بە داسەپاندنی یاسای دژی ژنان ناوبانگی جیهانی دەرکردووە و بە بارستایی عومری رژیمەکەی دەنگی ناڕەزایەتی ژنان تێیدا بێ دەنگ بووە. 3– لە کۆتاییش دا سەرهەڵدانی رەوتی ئیسلاحخوازی لە دڵی سەرکوتە ڕەش و خوێناوییەکانی دوای ساڵی 60 لە ئێران دا کە هاوکات لە گەل دەنگی جیهانی "سوسیالیسمی شکستی خوارد" دەنگی کۆتایی هاتن بە حەرەکەتە رادیکاڵەکانیان لە ژێر ناوی "نا" بۆ توندوتیژی بەرز کردەوە.

ئەم بەشە لە هەڵسوراوانی بزوتنەوەی ژنان تەنانەت ئەو کاتەی کە لە حکومەت دوور دەکەوتنەوە لە پێناسە کردنی خۆیان وەك ئیسڵاحخواز و "بانگەشە بۆ دژایەتی لە گەڵ توند و تیژی" خۆیان نەدەبوارد. هەڵبەت توند و تیژی کردەوەیەکی دژی مرۆڤانەیە و داکۆکی قەت لێناکرێت بەڵکو دەبێت بوترێت کە مەبەست لە وتنی ئەم مەسەلە چییە؟ من هەوڵ دەدەم بە کورتی ئاماژەیەکی پێبکەم. هەموو کەس بە روونی تێدەگات کە کۆمەڵگایەك لە ماوەی نزیك سێ دەیە کە تێکەڵ بە کوشتار و خوێنرشتن بووە ئێستا خوازیاری ئاسایشە و نایهەوێت ئەم رووداوانە دووپات ببنەوە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرەنجە ئەوەیە کە مەیل بە ئاسایش و ئارامی بۆ خۆی بوو بە ئامرازێکی دیکە بۆ قوربانی کردن و بۆ توند و تیژی نواندنی سەرلەنوێ ئەم جار لە ژێر ناوی خەبات بە دژی توند و تیژی. گۆیا هەرچی توند و تیژی نواندن لە لایەن رژیمەوە هاتبووە ئاراوە بە تاوانی ئەوە بوو کە خەڵك نەیانتوانیبوو بە شێوەیەکی شارستانیانە دەنگی ئیعترازیان بەرز بکەنەوە. یان وەك ئەوەی کوشتنی "ناسری تەوفیقیان" بە هۆی توند و تیژی کرێکارانەوە بوو کە هەر چەند مانگ دوای ئاخێزی ساڵی 57 لەلایەن ڕژیمەوە هاتنە

ئاراوە. یان سەبارەت بە بزوتنەوەی ژنان ئەو هەموو نەگبەتییەی کە ژنان بە هۆی رژیمی ئیسلامیەوە بە سەریاندا باریوە و بیست و چەند ساڵە هەروا درێژەی هەیە، حەتمەن دەوترێت کە بە هۆی نەبوونی فەرهەنگی "پارێز لە توند و تیژییەوە" بووە!! یان وەك ئەوەی بڵێی کوشتاری خەڵکی کوردستان لە لایەن ئەرتەشیەکانەوە کە پێیان وترابوو تا سەرکوتی تەواوی خەڵکی کوردستان پۆتینەکان لە پێتان دەر نەهێنن، تاوانی ئەم کارەش لە ئەستۆی قوربانیان بوو.

لەم بوارەدا دەکرێت زۆرتریش بدوێین و هەڵسوڕاوانی سیاسیش کە لە ئێران دا بە بێ ورد بوونەوە خۆیان بەم رەوتە سپارد و لەم بابەتەش دا نەتەنیا نەیانتوانی باسێکی کۆنکرێت و بە بەڵگە پێشنیار بکەن بەڵکو ئەگەر بە خۆشبینیشەوە قەزاوەت بکەین بە پێچەوانەی خواستی خۆیان، ئەوانیش کەوتنە روو بە روو بوونەوە لە گەڵ قوربانیانی راستەقینەی توند و تیژی. بەلام بۆ دەرخستنی ناوەرۆکی دروشمی "پارێز لە توند و تیژی" ئەم دەستە لە هەڵسوڕاوانی ژنان دتوانین ئەوە بڵێین کە: تا پێش هاتنە سەر کاری ئەحمەدی نژاد ئەم ژنانە دروشمی "پارێز لە توند و تیژیان" لە بەرانبەر ئۆپۆزسیۆنی چەپ دا بەرز کردەوە بەلام ئێستا بە هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژاد کاتێك کە بۆ خۆشیان کەوتوونەتە بەر توند و تیژی، بێ دەنگیان لەم دروشمانە هێناوە. هەڵبەت ئەم مەسەلە لە پەیوەند بەو ژنانە یان ئەو پیاوانەوەیە کە بە پاڵپشتی ئەم دروشمانە و هەروەها ئەم باسانە هاتبوونە مەیدان.

لێرەدا مەبەستی من ئەوەیە کە لەم کەش و هەوایەدا ئەم بەشە لە ژنان کە لە چینی مام ناوەندی دا لە سایەی سەری رەوتی دووی جۆزەردان توانیبوویان بێنە مەیدان و بەم جۆرە ئەم کەش و هەوای کە هاتبووە ئاراوە بۆ خۆیان رابگرن و بڵێن کە ژنان ئاشتی خوازن و بەم جۆرە هەرکەس گۆشەیەك لە ناکارامەیی ئەم رەوتەی لە قاو بدایەت رەتیان دەرکردووە. ئەمرۆژە دەبینین بە هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژاد و بەو کەش و هەوایەی کە بە سەر رەوتی ئیسلاحخوازان دا زاڵ بووە و بەو بن بەستە سیاسیە کە تووشی هاتوون ئەم رەوتەش کە ئاسۆی خۆی بەوانەوە گرێدابوو تووشی شکست هاتووە.

بە هاتنە ئارای ئەم هەلومەرجە تازەوە ئەم بەشە لە بزوتنەوەی ژنان کە بەرهەمی گرفتەکانی ئەم بەستێنە سیاسیەیە، بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین بزوتنەوەی ژنان کە لە سەر هێلێکی ناسراو لە لایەن ئێمەوە دەروشتنە پێش، پرسیارگەلێکی بنەماییتر و گرینگتریان بۆ هاتە پێش. سۆژەگەلێکی وەك "بەردەباران" یاساکانی پێوەندی دار بە تەلاق و خاوەندارەتی منداڵان پاش تەلاق، هەڵاتنی کچان لە ماڵەکان و توند و تیژی و لەم دواییانەش دا لەشفرۆشی کە ئەم بابەتانە لەو دیاردانەن کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری رژیمی ئیسلامی لە لایەن ژنانەوە دراونەتە بەر رەخنە و ئێعتراز.

لە راستی دا هەلسوڕاوانی ئەم بوارانە بە جیا لە ئینتمامی سیاسی بە هەلسوڕاوانی بزوتنەوەی ژنان کاریان کردووە، بەلام مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە کە مەرجی بەرەوپێش چوونی بزوتنەوەی ژنان وەك هەر بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی دیکە لە رەهەندی هێنانە ئارای مەسەلەکان بە شێوەی تاکەوە تێپەر نابێت. تازە ئەگەر بەم شێوەش مەسەلەکانی ژنان باس بکرێت و بگاتە ئەنجامی خۆیشی ناتوانێت ئاکامەکانی بەردەوام بێت مەگەر ئەوەی کە دەست ببەینە ناو ئەو هەلومەرجە ریشەییانەوە و لە رێگا چارەی بنامەییتر لە نێو کۆمەڵگا دا بگەرین.

* پرسیاری گۆڤاری "تریبون زن" لە لەیلا دانش، بەلام بە هەر حاڵ ئێمە لەم ساڵانەی دواییدا و لە نێو بزوتنەوەی ژنان دا دەبینین کە قسە لە پێویستی کار کردنی بە شێوەی بنەمایی و ریشەیی دەکرێت و خوازیاری ئالوگۆری بنەرەتی لە نێو کۆمەڵگادایین، پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەمە بە تەنیا بۆ پێك هاتنی هاوئاهەنگی لە نێوان هەلسوراوان دا بەس نییە؟.


وەلامی لەیلا دانش: بۆ وەلام دانەوە بەم پرسیارە دەبێ سەرەتا ئەو بەشە لە هەلسوڕاوانی بزوتنەوەی ژنان کە خوازیاری ئالوگۆری بنەرەتی نین وەلا بنێین. بەلام ئەمانە لە دوو گروپ پێك هاتوون. یەکەم ئەو

وتووێژ

دەستە لە ژنان کە گرێدراوی حکومەتن واتە کاتێك باسی گرێدراوی و وابەستەیی دەکەین مەبەست لە باری سیاسی و ئیدئۆلۆژیکیەوەیە، کە خواستی ئەم دەستە لە ژنان لە ئاستی خەباتی فەرهەنگی و بە شێوەی قبوڵ کردن لە چوار چێوەی ئەم نیزامەدا واوەتر ناچن و لە چوارچێوەی نیزامی ئیدئۆلۆژیکی حکومەت دا کار دەکەن.

دەستەی دووهەمی هەلسوراوانی ژنان کە رادەی ئەم ژنانە لە نێو بزوتنەوەی ژنان دا زۆر کەمە بەڵام خواستی ئەم دەستە لە ژنان پێوەندی بە یەکسانیخوازی ژنانەوە نییە و تەنیا خوازیاری بەشداری هەندێك لە ژنان لە نێو چوارچێوەی دەسەڵاتدان و بەس. بەشێك لەم ژنانە ئەو کاتەی کە دەیانەوێت ڕادیکاڵتر خۆ نیشان بدەن، تەنیا دەڵێن کە بەشداری ژنان لە دەسەڵاتدایە کە مافی ئەوان مسۆگەر دەکات. بەڵام تەنیا جۆرێك جیاوازی لە نێوان باوەڕە ئیسڵامییەکانی ئەم دەستە لە ژنان نەبێت هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەوان و ژنانی وابەستەی حکومەت یان "فمینیستە ئیسڵامیەکان"دا نییە و وەك ئەوان بیر دەکەنەوە. ئەمانە هەر ئەو دەستە لە ژنانن کە سەرکەوتنی چەن ژن بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری لە "شیلی" و یان سەرۆك وەزیری لە ئالمان بە هەنگاوێکی گرینگ بۆ نزیك بوونەوە لە مافی ژنان لە قەڵەم دەدەن و ئەوەش وەك بەڵگەیەك ئاماژەی پێدەکەن کە ژنان لە مەیدانی سیاسەت دا بەشدار بوون.

بە هەر حاڵ لە کۆمەڵگای پۆڵاریزە بووی لە چەشنی ئێران ئەم بەشە لە ژنان بە رادەیەك بە حکومەتەوە دەناسرێنەوە کە ئەگەر خوازیاری ئاڵوگۆری بنەرەتیش بن لە هیچ شوێنێك بە هێند وەر ناگیردرێت. بەڵام لە



نێوان ئەوانەی کە خوازیاری کاری بنەماییین، سەرەرای مارکسیستەکان بەشێکی دیکە هەن کە خوازیاری ئەوەن کە بە ئاڵوگۆرێکی بنەرەتی لە باری فەرهەنگیەوە دەتوانین بروانینە مەسەلەی ژنان بەڵام دەبێ بە شێوەی وردتر ئەوە وڵام بدەینەوە کە جیاوازی ئەم دوو جۆرە بۆ چوونە بە نیسبەت گۆڕانی بنەڕەتی لە چیدایە؟ بۆ مارکسیستەکانی ناو بزوتنەوەی ژنان گرینگترین مەسەلە کە وەك پێوەرێك وایە جۆرێك خەباتە بە دژی ڕوانینی نزم بۆ ژنان. ئەویش دەسبردن بۆ ڕیشە و بنەما و پێش پێگرتن بە ئیمکاناتی سەرهەڵدانەوەی باوك مەزنی و پیاو مەزنی و لە ڕاستی دا خەبات بە دژی ئەو هەلومەرج و موناسباتەی کە لە هەبوونی ستەمی جینسی و هەڵدانەوە و زیندوو بوونەوەی ئەم ستەمە قازانج دەکەن بە جیا لەوەی کە ئێمە سەبارەت بە چۆنیەتی شکڵ گرتن و سەرهەڵدانی ئەم ستەمە چ خوێندنەوەیەکمان هەیە. لە روانگەی مارکسیستەکانەوە بەردەوام بوونی ژێر دەستەیی ژنان پێوەندیەکی نەپساوەی بە موناسبات و پێوەندییە چینایەتیەکانەوە هەیە. هەڵبەت بەشێك لە هەلسوراوانی بزوتنەوەی ژنان مارکسیسم و پێوەندی چینایەتی بە باسێکی کۆن دەزانن کە پێویست ناکات بە بەڵگە وەڵامی پێ بدرێتەوە ئەوەش دەزانین کە ئەم دەستە لە ژنان لە ژێر کاریگەری کەش و هەوای پێك هاتوو لە ئێران و تەنانەت لە جیهان دا بەم جۆرەیان پێهاتووە. بە هەر حاڵ ژنان بە هۆی لەبار بوونی هێزی کاری هەرزانیانەوە و بە پشتیوانی کردنی فەرهەنگی پێش مۆدێرن بە دژی ئەوان کە هەتا ئێستاش لە وڵاتانی

مۆدێرن دا بەرچاو دەکەون هاتوونەتە ناوەندی باسەکانەوە و بە هەر ڕادەش بە مارکسیسم و پێوەندی چینایەتی لە پێوەند بە مەسەلەی ژنان بوترێت کۆن و بۆ ڕەت کردنەوەشیان بەڵگەیان نەبێت زەرەیەک لە گرینگی پێویستی ڕوانینی چینایەتی بە مەسەلەی ژنان کەم ناکاتەوە.

ئەوەی کە لە ئاڕاستەی گلۆبالیزاسیۆن دا بە ناوی ژنانە بوونی هەژاری و ژنانە بوونی کار ناوی دەرکردووە خۆی باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی کەچۆن مەسەلەی ژنان نەک لە پێوەند بە موناسبات و پێوەندی پێش مۆدێرنیتە و فەرهەنگی غەیرە مۆدێرن و مەزهەبی، بەڵکو لە پلەی یەکەم دا لە پێوەند بە نیزامی سەرمایەدارییەوەیە کە دێتە ئاراوە.

بەڵام بنەماییترین کاری ئیسلاحخوازان "ئەگەر خۆیان حازر بن ئێستاش لەم سیستەمەدا و بەم فکرەوە قسە بکەن" ڕیشەی لە نێو ڕوانگە و فەلسەفەی لیبراڵی دایە کە لە ئازادی تاک و مافی بەرابەری تاکەوە حەرەکەت دەکەن، بێ ئەوەی کە بتوانن ئەم بەرابەرییەی کە باسی دەکەن تا ئاستی بەرابەری ڕاستەقینە ببەنە پێش. بەشێکی زۆر لەو باسە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی کە لە دەیەکانی ئەم دواییانەدا، لە ئێران هاتووەتە ئاراوە و هەوڵ دراوە کە سەقامگیر بکرێت لە چوارچێوەی سوننەت و مۆدێرنیتەدا خۆی دیوەتەوە. ئەم ڕەوتە تا ئەو جێگەیەی کە هەڵدەگەڕێتەوە سەر مەسەلەی بزوتنەوەی ژنان بە شێوەی گشتی بە دوو پێوەر هەڵدەسەنگێت.

یەکەم: بەرابەری تا ئاستی مافی کۆمەڵایەتی.

دووهەم: واتە خەباتی فەرهەنگی کە کاری چاودێری کردن بە سەر چۆنیەتی وەدیهاتنی پێوەری یەکەم دەکات.

لەم ڕوانگەدا دەبێ هەوڵ بدرێت بۆ خەبات و کاری بنەمایی و درێژماوە بۆ بەرپەرچدانەوەی یاساگەلێک لە جۆری یاسای حکومەتی ئیسلامی کە تا فەرهەنگی مۆدێرن لە کۆمەڵگادا بگوردرێت و شکڵە مۆدێرنەکانی دیکەی فەرهەنگی ئیسلامی کە مافی ژنانی پێشێل کردووە نەتوانێت سەرهەڵبدات.

ئیزنم پێبدەن کە ئێستا کارمان بە ڕادەی ورد بینی ئەم بەرێزانە لە تێروانینە فەلسەفی و فکرییەکانیانەوە نەبێت و بەم جۆرە فەرز بکەین کە وتنی ئەوەی کە کۆمەڵگا مۆدێرن و دیمۆکراتیک بێت بەسە و ئەمە ئەو ئاڵوگۆڕە بنەماییەیە! کە مافی تاک دەبێ لە پێش چاو بگیردرێت، یان یاسای مەزهەبی دەبێ هەڵوەشێتەوە و گۆڕانێکی قووڵی تێدا بێتە ئاراوە کە لەودا بتوانێت پێوەندی تاک لە گەڵ کۆمەڵگا بگۆڕێت و ئەمانەن کە ئەم ئاڵوگۆڕە بنەماییانە مسۆگەر دەکەن.

لە ئاستێکی بنەمایی دا دەبێ ئەمانە بە وردی ڕوون بکرێنەوە کە لە نێوان ئەم فەرز و گۆمانانە و دابین کردنی ئازادی ڕاستەقینەدا چەندە مەودا و بۆشایی هەیە. بەڵام گرینگترین مەسەلە، لە ڕاستی دا بەرانبەر بەم ڕوانگە ئەوەیە کە ئازادی تاک لێرەدا بە مانای ئازادی لە موڵکداریەتی تایبەتی دایە کە ئازادی بۆ چەوسانەوەی بە دواوە دەبێت و ڕاست بە هۆی ئەمەوەیە کە بە هەر پلەیەک لە ئیدعای کاری بنەمایی و ڕیشەیی ناتوانێت ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی چەوسانەوە و ستەم و هێنانە ئارای ئازادی و بەرابەری.

بۆ ئەم تاقمە کەسانەی کە ئیدعای بەرابەری دەکەن و لە ڕوانگەی حقوقیەوە دەڕوانن ئەم بابەتە هیچ کات لە موڵکداریەتی تایبەتی لە کۆمەڵگادا، نادوێن.

لەم سوننەتە سیاسیەدا موڵکداریەتی بە بابەتێکی پیرۆز دەناسرێت و لە ئەساس دا بەشێک لەم ئازادییە فەردیە. ئەم ئازادیەش بریتیە لەوەی کە کۆمەڵێک کەس خاوەنی هەموو جۆرە کەرەسەیەکی بەرهەمهێنان بن و هاوکات کۆمەڵێکی دیکە هیچ مافێکیان بە نیسبەت کەرەستەی بەرهەمهێنانەوە نەبێت کە لەم ڕوانگەدا ئەم مەسەلە واتە بەردەوام بوونی موڵکداریەتی وەک پرسیارێک کە وەڵامی وەرنەگرتووە ماوەتەوە کە لە لایەن ئەم ڕوانگەوە هەڵوەشانەوەی ئەم مۆڵکداریەتیە وەک دەستدرێژی بۆ سەر ئازادی تاک ژمێردراوە.

هەر بۆیە ئەمە نیشانەی نییەت پاکی یان نییەت خراپی خاوەنانی ئەم بیرۆکە نییە بەڵکو نیشانەی بێ ناوەرۆک بوونی ئەم فکرەیە کە تا چ ڕادەیەک دەتوانێت یان لە ڕابردوودا توانیویەتی ببێتە سەرچاوەی کاری

بنەمایی بۆ هەڵوەشانەوەی ستەم و هەڵاواردنی جنسی.
کۆمەڵێکی دیکە لە ژنان هەن کە باوەڕیان بە کار لە ئاراستەی بزوتنەوەی ژنان، لە ئاستی خوارەوە دا هەیە، هەڵبەت لە سەرەتادا بۆ ئەم مەیلەی دیکە لە نێو بزوتنەوەی ژنان دەبێ بڵێین کە هەر ئەم پشت ئەستوور بوونە بە خوارەوە، واتە لە نێو خەڵک دا بۆ خۆی خاڵێکی گرینگە. بەڵام ئەمەش بۆ خۆی دەبێ خاوەن ناوەڕۆکێکی سیاسی بێت، چونکە ئەگەر جەماوەریترین جموجووڵەکان لە خزمەت سیاسەتێک دا بێت کە لە بەرژەوەندی ژنان نەبێت هەرەس دەهێنێت یان ئەو بزوتنەوە لە ئامانجەکانی دوور دەخاتەوە. لە ئێران دا هێشتا وەها بزوتنەوەیەک دەر کەوتەیەکی بەم شێوە زەقی نییە بەڵام هێز و توانایەکی بەهێز لە ئارادا هەیە.



لەم ئاخێزگەلەدا گەرچی تێرامان بۆ بزوتنەوەی جەماوەری و حەرەکەتی لە خوارەوە گرینگە بەڵام سیاسەت و پراتیکی ئەم ڕەوتە لە باشترین حاڵەت دا تەنیا کۆسپ و بەربەندێک لە بەرانبەر سەرمایەداریدا بووە و بە شێوەی جیدی ئەم نیزامەی نەخستووەتە ژێر پرسیارەوە. بە شێوەی بەرچاوتر لێرەدا نەک سەرمایەداری و جەوهەر و ناوەڕۆکی سەرمایەداری واتە موڵکداریەتی تایبەتی بەڵکو ئەوەی ڕەخنەی لێگیراوە جۆرێک لە سەرمایەداریە و لە هەل و مەرجی ئێستادا و بە شێوەی ڕوونتر، هاتنی بە لێشاوی سەرمایە دەرەکییەکان بۆ وێنە بۆ وڵاتانی ژێر دەستەی وەک "ئامریکای لاتین" بووە. سەرمایەی جیهانی بە تەنیا لە قەوارەی نیئۆلیبرالی دایە کە دەکەوێتە بەر ڕەخنە و دەبێتە بابەتی سەرەکی خەباتەکە نەک سەرمایەداری لە شکڵی گشتی دا.

بە زمانێکی دیکە و تا ئەو جێگەی پێوەندی بە دیاردەی گلۆبالیزاسیۆنەوە هەیە ئەوەی کە دەکەوێتە بەر ڕەخنە تەنیا جیهانی بوونەوەی گلۆبالیزاسیۆنە، نەک بە گشتی نیزامی سەرمایەداری، کە وەها چارەنووسێکی بۆ ئەم ڕەوتە خوڵقاندنووە، لەم ڕوانگەدا ئەوە بە تەنیا سەرمایە گەورەکانە کە خراپە نەک بە گشتی هەموو موناسبات و پێوەندی سەرمایەداری بە هەموو یاسا و کار کردە ناسراوەکانییەوە بەدەر لە چوارچێوەیەکی جۆگرافی و ئەندازەی شوێنی ژیان.

بە شێوەی گشتی و بە کورتی ئەمە ئەو دەرکە گشتیەیە، سەبارەت بە حەرەکەتی لە نێو جەماوەر و لە ئاستی خوارەوەدا کە تەنیا خاڵی بەهێزی ئەو پشت بەستن بە خوارەوە واتە جەماوەرە. بەم جۆرە دەبینین لە پێوەند بە کاری بنەماییەوە هێشتا هاوڕاییەک بەدی ناکرێت. خاڵە ناڕۆشنەکانی ئەم باسە کاتێک دەر دەکەون کە بە ڕوونی لە سەر کاری بنەمایی قسە بکرێت. هەر بۆیە سەیر نییە کاتێک باس لە کاری بنەمایی دەکرێت لە کردەوەدا لێک نزیک بوونەوەیەک نایەتە ئاراوە.

* پرسیاری کۆتایی گۆڤاری تریبوون زەن لە لەیلا دانش: لە ساڵەکانی ڕابردودا باسی مەنشووری مافی مرۆڤی ژنان هاتە ئاراوە کە ئەم باسە گەیشتە ئێرانیش، ئێوە ئەم حەرەکەتە چۆن دەنرخێنن؟

وەڵامی لەیلا دانش: ئەمە حەرەکەتێک بوو بۆ پروپاگەندە کردن بۆ مەنشووری مافی مرۆڤی ژنان کە بە وتەی خۆیان ئامانجی ئەم حەرەکەتە خەبات بە دژی هەژاری و توند و تیژی بوو.

ڕێکخەرانی ئەم حەرەکەتە لە 5500 گروپ لە فمینیستەکان و ئەنجومەنی ژنان لە 163 وڵات پێک هاتبوون. مارشی جیهانی ژنان لە دوو کونوانسیۆن پێک هاتووە. یەکەم کونوانسیۆنی لابردنی هەڵاواردن لە سەر ژنان کە لە ساڵی 1979 پەسەند کراوە و 160 دەوڵەت

ئـەم پەسـەند کراوەیـان قبـوڵ کـردووە ئـەوەی تریـان کونوانسیۆنی ماڤ مندالأنە کە لە سالی 1989 پەسەند و لـە لایـەن 190 دەوڵەتـەوە، قبـوڵ کـراوە. داکۆکی لـەم دوو کونوانسیۆنە و هەوڵـدان بـۆ داسـەپاندنی بـە سـەر دەوڵەتانی دیکە و لەم ساڵانەدا لە ئێرانیش و بە تایبەت لـە نێـو هەڵسـوڕاوانی بزوتنـەوەی ژنـان دا کەسـانێك داکۆکی لێدەکەن.

لە هەر حاڵـدا لـە مـانگی مارسـی 2003وە ئـەم رەوتـە دەستی دایە رێکخستنی حەرەکەتێك بۆ پروپاگەندە بۆ مەنشووری ماڤ ژنان لـە ژێـر نـاوی: بەرابـەری، ئاشـتی، عەدالـەت و ئـازادی و یەکیـەتی. پروپاگەنـدە بـۆ ئـەم مەنشـوورە و ئاکسـیۆنەکانی پێوەنـدی دار بـەوەوە لـە "سـائۆپائۆلۆ" لـە وڵاتـی "برێزیـل"وە دەستی پێکرد و پـاش هەلسـوڕان و چـالاکیەکی 6 مانگـە لـە مـانگی ئۆکتۆبری 2005 لە "بۆرکینا فاسۆ" کۆتایی پێهات.

ئەم جموجۆڵەش لە راستی دا هێنانە ئارای مەسەلەی ژنـان بـە شـێوەی جیهانیـە بـەڵام لـە روانگەیـەکی تایبەتیەوە.

ناوەند و جەوهەری ئەم حەرەکەتەش لە خاڵەکانی ناو جارنامەی ماڤ مرۆڤ واوەتر نییە. ئەم حەرەکەتە لە نێو ئەو بەشە لە کۆمەڵگای جیهانی سێهەم و لە نێو ئەو فمینیستانەدا بوو بە باو کە لە هەبوونی سەرەرۆیی و فەرهەنگی دواکەوتووی پێش مۆدێرن و زۆربابەتی دیکە کە پێشـی بـە کـار و چـالاکی ئـەوان دەگـرت لایـەنگری پەیدا کرد.

هەڵبـەت زۆر ناوەنـد و نیهـادی نێونەتـەوەیی لـەم حەرەکەتە داکۆکی دەکەن و ئەم بەشە لە هەڵسوڕاوانی بزوتنـەوەی ژنـان لـە رێگـای یارمـەتی ئـابووری کـە بـۆ رێکخـراوە غـەیرە دەوڵەتیـەکان واتـە "NGO" (ئێن.جی.ئۆ) کـان دابین دەکرێـت پشتوانیان لێدەکـەن. جێگای ئاماژەیە کە دەبێ لە هەر دەرفەتێك بۆ دەربڕینی خواست و داواکارییەکان کەڵك وەر بگیردرێت بەڵام لانی کـەم بـۆ ئـەو بەشـە لـە بزوتنـەوەی ژنـان کـە خوازیـاری گۆڕانی بنەرەتین، نابێ ئەوە لە بیر بکەن.

یەکـەم ئـەوەی کـە: داواکارییـە پـەنج خاڵەکـەی ئـەم حەرەکەتە لە گەڵ جارنامەی ماڤ مرۆڤ کە باس لە ئازارەکان دەکات بە تەواوەتی دوورە لـە هـەر جـۆرە گـۆڕانی بنـەرەتی لـە حاسـت مەسەلەی ژناندا. لە راگەیاندنی مەنشووری ماڤ ژنان دا هیچ شـوێنەوارێك لـە نیزامێك کـە خـۆی پێك هێنـەر و ئامرازی سـەرەکی بـێ عەداڵـەتی و نابەرابەرییـە بـەدی ناکرێت.

لە هیچ شوێنێکی ئـەم حەرەکەتـە لـە نێـو سمینـار و کۆنفرانسەکان دا پێوەندی هەژاری لە گەڵ موناسبات و پێوەندیی لە گەڵ ئەم سیستەمە شرۆڤە نەکراوە و باسی لێ نەهاتووەتە ئاراوە.

وەك ئەوەیکە بلێی هەژاری دیاردەیەکی بەهەڵکەوتـە یـان رێبـەرانی، یـان دیکتـاتۆر و فاندامێنتالیسـتەکان تاوانبـارن. پێویسـت بـەوتن ناکاتکـە جیهـانی بـێ فاندامێنتالیست و دیکتاتۆرەکان دنیایەکی باشترە بەڵام ئەمانە خۆیان بەرهەمی وەها موناسباتێك نین؟! مەگـەر نیزامی سەرمایەداری پێویستی بەمانە نییە؟

بە هەر حاڵ پرسیار لەم بوارەدا زۆرن و ئەمەش یەکەم خـاڵی لاوازی ئـەم جـۆرە حەرەکەتـەن کـە بـە جیهـانی بونیشـیان لـەم خاڵـە لاوازە کـەم ناکاتـەوە. خـاڵێکی دیکەی جێگای سەرنج ئەوەیە کە ئەو شەڕ و ئاژاوەی کـە لـەم دوو دەیـەدا بـە سـەر خەڵکـدا، داسـەپاوە بـە دەسـتیۆردانی وەهـا ناوەنـد و نیهادگـەلێکی نێونەتەوەیی وەك ماڤ مرۆڤ دا بووە.

بە هیچ جۆرێك ناتوانین ئەوە لە پێش چاو نەگرین کە دروشمی "دنیایەکی دیکە دەبێ دروست بکەین" ببەینە ژێـر ئالایەکەوە کـە بـۆ خـۆی وێنەگـەلێکی تراژیك لـە هەژاری و شەڕی بەسەر خەڵکی ئەفغانستان و ئێراق دا، داسەپاندووە. ئالایەك کە لە کاتی خۆی دا لە حاست بێ عەدالەتی و دیکتاتۆری دا بەرز نەکراوەتەوە. بەڵێ دەبێ جیهانێکی دیکە دروست کەین بەڵام بە دڵنیاییەوە دەبێ لە یاسـاکانی مـاڤ مرۆڤ ئەولاوەتر بچین. جیهانێك کە بڕیارە کۆتـایی سـەرجەم دەرد و رەنج و ئازارەکـان بێـت بـە بـێ بردنـە ژێـر پرسـیاری نیزامـی سـەرمایەداری مۆمکین نییە.

***

# وتووێژ لەگەڵ هادی محەمەدی

لە ئامادەکردنی: شەماڵ

بەڕێز هادی موحەمەدی نووسەر و وەرگێڕی دوو کتێبی "هەرێمی شین"((1)) و "فەلسەفە و مێتۆد"((2)) لە دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد کە بەم شێوەی لای خوارەوەیە.

**شەماڵ: سەرەتا سپاست دەکەین بۆ بەشداریت لەم وتووێژەدا، ئەگەر دەکرێت پێناسەیەکی کورتی خۆت بکەی و بڵێی خەریکی چ کارێکی؟**

هادی محەمەدی: سەرەتا ڕێز و سڵاو، من هەر وەك خۆتان ئاماژەتان پێکرد ماوەی 10 ساڵێکە کاری خوێندنەوە و ڕاهێنان دەکەم، بەتایبەت لە دوو بواری ئەدەبیات و فەلسەفەدا. تا ئەوکاتەی کە لەو دیو بووم، (لە ئێران)، دەرفەتی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکان لە چوارچێوەی کتێبدا نەبوو، جاروبار شتێکم لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکردەوە، چ بە شێعر، چ وتار، چ وەرگێڕان. ماوەی دوو ساڵێکە لەم دیوم (لە کوردستانی باشوور)، لێرە دۆخەکە باشترە و دەکرێ بەشێوەی گونجاوتر کار بکرێت و چاپ بکرێت. لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا چوار تا شەش کارم ئامادە کردووە، کە سیانیان بڵاوبووەتەوە و سیانی تریان لە داهاتوودا بڵاودەبنەوە. هەر وەك وتم (من بەپێی توانا) لە دوو بواردا کار دەکەم، شێعر و ئەدەبیات و تیۆری و فەلسەفە. جاروبار ئەگەر وتارێك بنووسم بەڵام تا ئێستا زیاتر کاری وەرگێڕانم کردووە، وەرگێڕانەکانیش لە زمانی فارسیەوەیە، بەداخەوە لە زمانەکانیتردا شارەزاییم نیە. تۆزێك ئینگلیزی دەزانم و لەوەش زۆر بەهرە وەردەگرم. بۆ درێژەی پرسیارەکەتان کە دەڵێی ئێستا خەریکی چ کارێکن، دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم کە کتێبەکەی جۆرج لوکاچ "مێژوو و هۆشیاری چینایەتی"((3))، کە فارسیەکەی "تاریخ و اگاهی طبقاتی" یە تەواو بووە و ئامادەی چاپە، ڕەنگە لە دوو مانگی داهاتوودا چاپ بکرێت. جگە لەوەش کتێبێکی تر لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی لوسیەن گوڵدمەن، بەناوی "جامعە، فرهنگ، ادبیات" کۆمەڵگا، کلتوور، ئەدەبیات. ئەوەش تەواو بووە و دەبێ تایپ و مونتاژ بکرێت.

گەر پێویست بێت لەسەر ئەم بەرهەمانە قسە بکەم، دەبێ بڵێم من بە تایبەتی چەند نووسەرێکم هەڵبژاردوە دەمەوێ ئەندێشە و بەرهەمەکانیان بە کۆمەڵگەی کوردستان بناسێنم، ئەوانەش بریتین لە: جۆرج لوکاچ، لوسیەن گوڵدمەن، هربێرت مارکوزە، تیۆدور ئادورنۆ، میخایل باختین و ئانتونیۆ گرامشی، تا ڕادەیەك دنیای فکری ئەم نوسەرانەم لە کتێبی "فەلسەفە و مێتۆد"دا ناساندووە و لە هەر کامیان چەند وتارێکم وەرگێڕاوە. پێویستە بڵێم هەموو ئەم بیرمەندانە پێڕەوی نەریتی مارکس و هێگلن. شیاوی سەرنجە کە هەموویان دید و ڕوانگەیەکی کۆنکرێت و هەمەلایەنەیان لە ئاست فاکت، سوژە و کۆمەڵگا هەیە. وەك دەزانین سێ بەرهەمی سەرەدەمی لاوی جۆرج لوکاچ، کە زۆر بەناوبانگن بریتین لە "گیان و فۆرم"(1910)، "تیۆری ڕۆمان"(1915)، "مێژوو و هۆشیاری چینایەتی"(1923)، یەکەمیان دیدگایەکی کانتی هەیە، دووهەمیان لەسەر بنەمای ئەندێشەی هێگلی داڕێژراوە، سێهەمیان تۆژینەوەیەکە لە دیالکتیکی مارکسیستیدا. شتێکیتر کە دەبێ لێرەدا ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە لوکاچ لە سێهەم بەرهەمدا کارێکی ئێجگار مەزن و چارەنووسسازی کردووە و

چیرۆك

بنەمای تیۆری و جوانیناسی فەلسەفەی کانت و هێگلی لەسەر بناغەی ماتریالیزمی مێژوویی و ماتریالیزمی دیالکتیکی مارکس دارشتووە و لە مێژووی تیۆری و فەلسەفەدا نوێکاری و داهێنانێکی گەورەی ئەنجام داوە. بەجۆرێك کە دوو مەکتەبی هەرە بەناوبانگی سەدەی بیستەم (مەکتەبی فرانکفۆرت و مەکتەبی بوداپێست) لە کارەکانی ئەو سەرچاوە دەگرن.

**شەماڵ: ئەگەر بکرێت هەندێك سەبارەت بە کتێبی هەرێمی شین باسبکەن من وەکوو خۆم شتێکی جوانکارانەی تێدا ئەبینم، وەکوو لە ئامادەکردنی کتێبەکەدا دیارە دەستتان داوەتە نوێکاریەك ئەویش وەرگێران و کۆکردنەوەی چەندین شێعری شاعیران و ئەدیبانی شۆڕشگێڕ و نوێ خوازە، ئەم کارەتان لە چی سەرچاوەی گرتووە. ئەو شاعیرانە چ ڕوانگەیەك باس دەکەن، و چ ڕوانگەیەك لە کۆمەڵگادا دەخەنە پێش چاو کە سەرنجی ئێوەی ڕاکێشاوە؟**


هادی محەممەدی: بەڵێ شێعر و بەرهەمەکانی هەرێمی شین دەگەڕێتەوە بۆ 8_9 ساڵ پێشتر، یانی بە درێژی هەشت نۆ ساڵ یەك یەك ئەو شێعرانەم هەڵبژاردووە و وەرمگێڕاون. وانیە کە دانیشتبێتم یەکسەر ئەو کارەم کردبێ، یانی هەرکامیان تایبەت بە سەردەمێکن. ڕۆشنە کە بۆچی ئەوانەم هەڵبژاردوە. زۆربەی شێعرەکانی ئەو کتێبە (نزیکەی 16 شێعری) بەرهەمی ئەحمەدی شاملووە، وەك دەزانین شاملوو هەم شاعیرێکی بەرز و بەناوبانگە و هەم بیرمەند و فیلسوفێکی گەورە و جیهانیە. شاملوو کەسێکی هیومانیست و ئینسان دۆستە، جگە لەوەش شێعرەکانی هەم پڕاوپڕن لە تکنیك و جوانکاری و ستاتیك، هەم پڕیشن لە فکر و فەلسەفە و ئەندێشەی بەرزی ئینسانی. هەروەها ئەم کتێبە دوو شێعری "نیما یوشیج"ی تێدایە، وەك دەزانین نیما یوشیج ڕچەشکێنی شێعری نوێی فارسی یە، یانی لەو سەردەمەدا کە کۆمەڵگای ئێران لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە نوێ دەبێتەوە و شۆڕشی مەشرووتە سەردەگرێت، پێویستە لە ئەدەبیاتیشدا شۆڕشێك بکرێت و نوێبوونەوەیەك بکرێت، بۆیە نیما دێت قاڵبە کۆنەکە (قەوارەی کۆنی شێعری فارسی کە زیاتر عەرووزی بوو) دەشکێنێ و شێعری نوێ دادەهێنێ. نیما یوشیج چ لە بواری فۆرم چ لە بواری نێوەڕۆکدا کەسێکی نوێخوازە و وەك خۆتان وتتان شۆڕشگێڕە. ئەحمەدی شاملووش سەردەمێك پێڕەوی ئەوە، بەلام دواتر بۆ خۆی لە قاڵبی نیمایی دەردەچێ و شێعری نوێ یان ژانرێکی نوێ بە ناوی شێعری سپی یان (free verse) دادەهێنێ. جگە لەوە ئەم بەرهەمە دوو شێعری فروغ فروخزادی تێدایە، وەك دەزانین فروغ ژنێکی ئازا و سەرکێش و سەربزێو و شۆڕشگێڕ بووە و بەڕاستی لە بواری ئەدەب و شێعردا خاوەن دیسکورس (گفتمان) بووە و داهێنان و تازەگەری کردووە. هەروەها شێعرە بەناوبانگەکەی "حەمید مصدق" قەسیدەی "شین، خۆڵەمێشی، ڕەش"ی تێدایە. وەك دەزانین ئەم شێعرەی حەمید مصدق، هی سەردەمی خەفەقان و دیکتاتۆری دوای کودێتای 1332 (1953 زایینی)ە. ئەو کاتە کە لە ئێران خەفەقان و سانسۆر زاڵ دەبێ و جۆرێك ناهومێدی و ڕەشبینی باڵ بەسەر هەموو شاعیران و ڕۆشنبیراندا دەکێشێ. حەمید مصدق لەم شێعرەدا دوو چەمکی غەنا (لیریك) و حەماسەی تێکئاڵاندووە و بەرهەمێکی ئێجگار تۆکمە و بەرزی خولقاندووە.



بەشی دووهەمی کتێبەکە چەند شێعرێکی شاعیرانی گەورەی جیهانی لەبەرگرتووە، بەرجەستەترینیان شێعرە بەناوبانگەکانی گارسیا لۆرکا (شینگێڕی بۆ ئیگناسیۆ)یە. ئیگناسیۆ، دۆست و هەڤاڵی خۆشەویستی لۆرکا بووەو مەرگی جەرگبڕی لە ساڵی

1935دا بە قووڵی کاری تێکردووە. بەجۆرێک کە ئەو شێعرەی بۆ نووسیوە، هەر وەک لە پێشەکیەکەدا هاتووە، نەریتی دەوڵەمەندی شینگێڕی ئیسپانیا کاریکردۆتە سەر ئەم بەرهەمە، بەڵام وەک زۆرێک لە ڕەخنەگران باسیان کردووە، کاریگەری سۆزی ئاگراوی ئەو شێعرە کاتێک بە تەشقی خۆی دەگات، کە ساڵێک دواتر 1936 لۆرکا بە دەستی فاشیستەکانی لایەنگری فرانکۆ دەکوژرێت و ئەوجار زۆرکەس پێیان وایە کە لۆرکا ئەو شێعرەی بۆ مەرگی خۆی نووسیوە، بەجۆرێک کە سەرتاسەری ئیسپانیا دەتەنێتەوەو هەتا ئەمڕۆش ڕەخنەگران پێیان وایە کە گەورەترین شێعر و بەهێزترین بەرهەمێکە کە تا ئێستا بە زمانی ئیسپانیایی نووسراوە.

هەروەها ئەم بەرهەمە چەند شێعرێکی مارگوت بیکل (ژنە شاعیری ئاڵمانی) لەخۆگرتووە، ئەم ژنە دنیایەکی تایبەت و جیاوازی هەیە. سێ شێعری یانیس ریتسوس (شاعێری شۆڕشگێڕی یۆنانی) تێدایە، ریتسوس خۆی دەنووسێ: هەموو ئەو شێعرانەی لە ئێوارەیەکی ساڵی 1968دا لە دوورگەی پارتەنی نووسیوە. هەروەها شێعرێکی بەناوبانگی فریدریک نیچە، وەک دەزانین نیچە بیرمەندێکی گەورە و جیهانیە کە زۆربەی بەرهەمەکانی زمانێکی شاعیرانەیان هەیە.




**شەماڵ: هەروەک باستان کرد، گەلێک شێعری شاعیران و ئەدیبانی گەورەی جیهانی لە ناو ئەو بەرهەمە دایە و هەستێکی تازەی تیا ئەبینم کە پێم وایە لە وەرگێڕانی کوردیدا کارێکی نوێتر بێت بە نیسبەت کارەکانی تر، بەڵام ئێوە وەکوو کەسێک کە کاری وەرگێڕان دەکات، وەرگێڕان لە کوردستان چۆن دەبینن، بە بڕوای بەڕێزتان وەرگێڕان ئەمڕۆ لە کوردستان چ دەورێک دەبینێت؟**

هادی محەمەدی:


ئەوەی کە ئەم بەرهەمە چۆن بێت و تا چەندە سەرکەوتوو بێت، ئەوە دەبێ خوێنەران و ڕەخنەگران داوەری لەسەر بکەن. بەڵام بۆ خۆم پێم وایە کە شێعر دەبێ هەمەلایەنە بێت، یانی بەشێوەی هەمەلایەنە شتەکان بەیان بکات. ڕاستە زمانی شێعر زمانی هەست و سۆز، شەوق و هەیەجان، خەون و خولیا و فانتزی و ئیماژە. بەڵام شێعر دەبێ خاوەن فکر و ئەندێشەی بەرزی ئینسانی بێ و خەم و مەراق و کێشەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی شێعر و لە پێکهاتەی فانتزیک و ئیماژی شێعریدا بە باشترین شێوە دەربخا و ئاراستەی بکات.

تا ئەو جێگایەی کە ئیمکانی بووبێت من لەم بەرهەمەدا هەوڵمداوە تکنیکەکانی ئەدەب لەبەرچاو بگرم. بە تایبەت ئیجاز (کورتبێژی)، کە یەکێک لە پێشمەرج و پێویستیەکانە بۆ سەرکەوتنی هەر بەرهەمێک. جگە لەمەش دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کاتێ لە محمد قازی (وەرگێڕی بە ناوبانگی کوردی ئێرانی)..

چیرۆك

وەك دەزانین وەرگێڕدراوی دۆنكیشۆتی ئەو ساڵی 1328 وەك بەرهەمی سەركەوتووی ئێران ناسرا ــ دەپرسن: بەرای خۆت هۆی سەركەوتی دۆنكیشۆت لە چی دایە؟ دەڵێ: **من پێم وایە وەرگێڕ دەبێ بێجگە لە زانینی زمانی سەرچاوە و زمانی مەبەست، خاوەن زەوق و سەلیقە بێت.** ئەگەر ئەم سێ فاكتە لە كەسێكدا كۆ بێتەوە دەتوانێ لە وەرگێڕاندا كاری باش بكات، هەروەها قازی ئاماژە بەوە دەكات كە لە سەرەتای دەستكردن بە وەرگێڕاندا نزیكەی 50 هەزار بەیت شێعری لەبەر بووە، ئەمە دەبێتە پشتخان و خەزێنەیەكی دەوڵەمەند بۆ هەركەسێك كە كاری كولتووری و وەرگێڕان بكات. بۆ خۆم ئەو وتانەی محەمەدی قازی م بەتەواوی قەبووڵە. ئێمە زۆر كەس دەبینین كە هەر دوو زمانەكە (زمانی سەرچاوە و زمانی مەبەست) باش دەزانن، بەڵام كارەكانیان كاری بەپێز نین، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە كە خاوەن زەوق و سەلیقە نین. جگە لەوەش تۆ ئەگەر پشتخان و خەزێنە (بیرگە)یەكی دەوڵەمەندت هەبێت، دەتوانی لە كارەكانتا زۆر بەهرەی لێ وەرگریت.

لەو بەرهەمەدا تا جێگایەك ئیمكانی بووبێت تێكۆشاوم بە زمانێكی پاراو و ڕەوان شتەكان دابڕێژمەوە، تۆ كاتێك شێعرێك یان بەرهەمێك وەردەگێڕی پێویستە پێكاتەیەك بڕوخێنی و پێكهاتەیەكی دیكە دابهێنی. سەرەڕای ئەوەش من تێكۆشاوم سەرنج بدەمە ڕەهەند و لایەنەكانی تری ئەدەبیات كە بریتین لە كێش، سەروا، هارمۆنیا و مۆسیقا، یانی لە دنیای ئیمڕۆدا سەرەڕای ئەوەی كە دەڵێن وەزن و كێش باوی نەماوە یان سەروا هێندە دەور نابینێ، تۆ پێویستە سەرنج بدەیتە كێش و هارمۆنیا و مۆسیقا لە پیتەكان، لە وشەكان و لە ڕستەسازیدا. ئەوانە دەبێتە هۆی سەركەوتنی دەقێك یان بەرهەمێك. لە بەشی دووهەمی پرسیارەكەتاندا كە دەڵێن باری وەرگێڕان ئەمڕۆ چۆن دەبینی، بەداخەوە من بە باشی نابینم و تەنانەت زۆر خراپیشی دەبینم، وەگێڕان لەم دیو (لە كوردستانی باشور) بۆتە پیشەی سەوداگەری، یان بۆ ناو و ناوبانگ دەكرێ، یان بۆ پارە، یانی زۆربەی كەسەكان خەم و مەراقی ئەو كارەیان نیە، گرنگی شیاوی پێنادەن و كاری جدی ناكەن. بەداخەوە دام و دەزگا فەرهەنگیەكانیش، چ وەزارەتی ڕۆشنبیری، یان چاپخانە شەخسیەكان خەم و پەرۆشی ئەو شتانەیان نیە.





ئەگەر بەشێك لەو بەرهەمانەی كە بڵاوبوونەتەوە بەراورد بكەین، ئەو شتانە بە زەقی دەبینین. زۆر بەرهەم بڵاودەبێتەوە تۆ كە دەیخوێنیتەوە حەسرەت دەخۆی كە بریا هەر دوبلاژ نەكرابا و هەر بڵاونەبوایەتەوە. نازانم، هۆكارەكانی دەگەڕێتەوە بۆ زۆر شت یەكێكی ئەوەیە كە ئەزموونی كوردی ئەمڕۆ ئەزموونێكی ساوایە، هەرچەند نزیكەی 15 ساڵی بەسەردا تێدەپەڕێ، بەڵام هێشتا ئەزموونێكی ساوایە. جگە لەوەش لە بواری فەرهەنگ و چاپ و بڵاوكردنەوەدا دیسان كۆمەڵگای كوردی كەم ئەزموونە و تازە هەنگاو دەنێ تا ئەو شتانەی میلەتانی تر و دنیای مودێرن سەردەمێكە پێی گەیشتوون، بیقۆزێتەوە

و پێی بگات. من پێم وایە وەرگێران و چاپ و پەخشی کتێب دەتوانێ دەور و کاریگەری قووڵی لەسەر کۆمەڵگا هەبێ و چین و توێژەکانی کۆمەڵگا زیاتر وشیار بکاتەوە. هەندێ لە کارناسان پێیان وایە ئەوە کە کۆمەڵگای ئێران لەچاو وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمەڵگایەکی زیندوو، ئەکتیڤ و پڕ جۆش و خرۆشە، دەگەڕێتەوە بۆ چالاکی بواری فەرهەنگی، لە بواری وەرگێڕاندا کاری زۆر دەکرێت. بۆ نموونە یەکێ لە ڕۆژنامەکان نووسیبوی ساڵانە لە ئێران زیاتر لە هەر 23 دەوڵەتە عەرەبییەکە کتێب چاپ دەکرێت. ئەمە پرسێکی ئێجگار گرنگە و یەکێ لەو هۆکارانەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئێران لە زۆر بابەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤینەدا پێشەنگ بێت، لە نەتەوەییکردنی نەوت و خەباتی نەتەوەیی سەردەمی مصدق دا، لە بزاڤی چەپ دا، لە بزاڤی ڕیفۆرمیستیدا و لە گەشەی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، لە هەموو ئەم بوارانەدا کۆمەڵگەی ئێران بەردەوام پێشەنگ و پێشڕەو بووە. لە ئێران زۆر وەرگێری پسپۆڕ و پرۆفیشناڵ هەیە، یەکێك لە کێشەکانی ئەم دیو ئەوەیە کە ئدیتۆر نیە، یانی نووسەر یا وەرگێر کە کتێبێك چاپ دەکات ناتوانێ هەڵەکانی خۆی ببینێت، یان کەمتر دەیانبینێ. بەڵام کاری ئدیتۆر (ویراستار) ئەوەیە، ئدیتۆر لە بواری گرامر و ڕێزماندا کەسێکی پسپۆڕ و پرۆفیشناڵە و بەرهەمەکان ئدیت و ڕێك و پێك دەکات، بەداخەوە لە کوردستان هێشتا ئەم شتە وەك نەریتێك جێ نەکەوتووە. وەك وتمان وەرگێڕان دەتوانێ کاریگەری قووڵی لەسەر کۆمەڵگا هەبێ و لە سەرخستن و پێشخستنی کۆمەڵگادا و لە وشیارکردنەوەی خەڵکدا دەوری بەرچاو بگێڕێت...

**شەماڵ: بە ڕای بەڕێزتان هونەر و ئەدەبیات دەتوانێت لەئاست چینە کۆمەڵایەتیەکان چ دەورێکی هەبێت؟**

هادی محەمەدی: ئەگەر وای بۆ بچین کە کلتوور یان شێعر و ئەدەبیات لە هەموو چاخ و سەردەمێکدا دوو فۆرمی هەیە، ئەم دوانە بریتین لە: کلتووری پێشەنگ و پێشڕەو کە لە خزمەت چینی پێشڕەو دایە و کولتوری نزم و رزیوو کە بەرژەوەندی چینی کۆن و کونسرڤاتیڤ دەپارێزێ. بە درێژایی مێژوو چینەکان لە ئاست یەکتر ڕاوەستاون، هەمیشە چینی دواکەوتوو کولتوور و ئەدەبێکی نزم و گەندەڵی هەیە، بەڵام ئەوەی ئەدەبی پێشەنگ و نوێخوازە و ڕوانگەیەکی بەرز و کراوەی هەیە ئەدەبی چینی پێشەنگە، ئەدەبی چینی شۆڕشگێڕ و بەرهەڵستکارە، وەك دەزانین لە درێژەی خەبات و لە جەرگەی شۆڕش و تێکۆشان و لە نێو چەقی کێشە و ناکۆکی دژەکان دایە کە تۆوی هونەر و ئەدەبیات دەگرسێ، چەکەرە دەکا و دەرسکێ و دەپشکوێ. ئەلبەت نابێ لەبیرمان بچێ کە پێوەندی هونەر و ئەدەبیات لەگەڵ بەستێنی کۆمەڵگا پێوەندییەکی سادە و ڕاستەوخۆ نیە، بەڵکوو ئاڵۆز و پڕنێوەنجی یە و بەهۆی "کولتوور"، "پێکهاتەی زەینی" و "وشیاری شیاو" هەموار دەبێت. هەرکام لەم چەمکانەش پێویستیان بە شیکاری و لێکدانەوە هەیە. با ئاماژە بە وتەیەکی ئانتۆنیۆ گرامشی بکەین، گرامشی دەڵێ: لە هەر چاخ و سەردەمێکدا دوو جۆر نووسەر، یان دوو



چیرۆك

جۆر رۆشنبیرمان هەیە: رۆشنبیری کلاسیك، رۆشنبیری ئۆرگانیك. بە رای گرامشی رۆشنبیری کلاسیك رۆشنبیرێکی پارێزکار و کۆنسرڤاتیڤە و هێشتا داکۆکی لە چەمك و بنەما نەریتی و دارزیوەکان دەکات کە کات و سەردەمیان بەسەرچووە. بەلاَم نووسەر و رۆشنبیری ئورگانیك رۆشنبیری چینی پێشەنگ و شۆرشگێر و پێشکەوتنخوازە کە دەیەوێت چەمك و مێتۆد و بنەماکانی ئەم چینە تازەیە تیۆریزە بکا و دایرێژێت. بەپێی ئەم وتەیەی گرامشی دەکرێت ئێستا لە کۆمەڵگای خۆماندا ئەم دوو بەرەیە دەسنیشان بکەین و بە باشی لە شوێنی خۆیاندا جێگیریان بکەین. یانی ئەو نووسەرەی لە کۆمەڵگای ئەمرۆدا بۆ تیۆریزەکردن و دارشتن و پەرەپێدانی بنەماکانی مۆدێرنیزم، سێکۆلاریزم و گەیشتن بە مۆدێرنیتە تێدەکۆشێ رۆشنیرێکی ئورگانیکە، رۆشنبیرێکی پێشەنگ و نوێخوازە کە دەیەوێ کاروانی پێشڤەچوون سەربخات. بەلاَم ئەوەی کە هێشتا داکۆکی لە چەمك و بنەما دارزیوەکان دەکات رۆشنبیرێکی کلاسیك و نەریتی و دواکەوتووە.

هەر بەمپێیە دەکرێ توێژینەوەیەکی هەمەلایەنە لەسەر بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکان بکەین. لەم بابەتەوە توێژینەوەی لوسیەن گوڵدمەن (خودای نادیار) کە لەسەر بەرهەمەکانی پاسکاڵ و راسین کردویە و پێکهاتەی ئەم بەرهەمانە (ئەندێشەی تراژیك)ی لەگەڵ ژانسێنیزم (پێکهاتەی زەینی ئاریستۆکراسی خاوەن شکۆی سەدەی حەڤدەهەمی فەرانسا) پێوەند داوە، ناوبانگی جیهانی هەیە و وەك بەرهەمێکی کلاسیکی بواری سۆسیۆلۆژی ئەدەبیات حساب دەکرێت. هەروەها لوسیەن گوڵدمەن لە بەرهەمێکیتردا لەمەر فەلسەفەی کانت ئاماژە بەوە دەکا کە گۆتە شاعیر و نووسەری بەناوبانگی ئاڵمانی لە ژیانی ئەدەبیدا چەندین قۆناغی تێپەراندووە، لە قۆناغیکدا کە لەگەڵ حکومەتی دەرباری وایمار دایە – وەك دەزانین دەرباری وایمار حکومەتێکی دواکەوتوو و کۆنەپەرەست بووە – و خزمەت بە کولتوری وایمار دەکات، لاوازترین بەرهەمی خۆی (یانی "زۆڵە کچ") دەنووسێت، بەلاَم هەر ئەم گۆتەیە کاتێ لەگەڵ خەون و خولیای رێبەران و لایەنگرانی شۆرشی مەزنی فەرەنسا (ناپلیۆن) دەکەوێ، – وەك دەزانین شۆرشی مەزنی فەرەنسا یەکەمین بزاڤی سیاسی، کلتووری و کۆمەڵایەتی ئەورووپا بوو کە لە فەرەنساوە دەستی پێکرد و دواتر سەرتاسەری ئەورووپای تەنیەوە – بەهێزترین و گەورەترین بەرهەمی خۆی (یانی "فاوست") دەنووسێ. بەپێی ئەم وتەیەی گوڵدمەن، نووسەر یان شاعیر ئەگەر لەگەڵ چینێکی کۆمەڵایەتی پێشەنگ و نوێخواز بێت، دیدگایەکی دەوڵەمەند، هەمەلایەنە و کراوەی هەیە و پوتانسیەلی رەوت و بزاڤە نادیارەکانی مێژوو هەست پێدەکا و دەتوانێ بەرهەمی بەرز و گەورە بخولقێنێت (وشیاری شیاو). بەلاَم ئەگەر لە خزمەت چینی کۆن و نەریتیدا بێت دیدگایەکی نزم و داخراوی هەیە و چاوی لەئاست راستییەکان کوێرە و پۆتانسیەلی هێزە مێژووییەکان هەست پێناکا و بەرهەمی نزم و گەندەڵ دەنووسێت (وشیاری درۆینە).

**شەماڵ: لە دواییدا دەست خۆشیت لێدەکەم، من پرسیارێکی وام نەماوە ئەگەر ئێوە قسەیەکتان هەیە فەرموون:**

هادی محەمەدی: زۆر سپاستان دەکەم بۆ ئەو دەرفەتەی بۆ منتان رەخساند. منیش هیوادارم هونەر و ئەدەبیاتەکەتان هونەر و ئەدەبیاتێکی پێشرەو و بەراستی کراوە بێت، لە هیچ جۆرە روانگەیەکی جیاواز و رەخنەگرانە نەترسێت و خزمەت بە کۆمەڵگا بکات، هیوادارم مەدیا و راگەیاندنتان ئازاد و کراوە بێت، بەتایبەت لە دنیای ئەمرۆدا مەدیا دەتوانن زۆر کاریگەر بێ و هونەری پێشەنگ، هونەری نوێخواز، هونەری تۆکمە و هەمەلایەنە بە هەموو دیدگا جیاواز و تەنانەت دژوازەکانەوە دەربخا و ئاراستە بکات. من جارێکیتر سپاستان دەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

1_ کتێبی هەرێمی شین لە لایەن بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژەوە لە چاپ دراوە.


2_ کتێبی فەلسەفەو مێتۆد لە لایەن چاپخانەی شڤانەوە لە چاپ دراوە.

3_ کتێبی مێژوو و وشیاری چینایەتی لە لایەن رێکخراوە دیموکراتیکەکانەوە لە چاپ دراوە.

***

# تاسە

**حسێن شێربەگی**



سەعات دەی ڕاست گەرمای هاوینانی گەرمێنی کاولبوو بزووت، ئەوە هیچ، ئەوەندە داغ بوو کە لەبەر گەرما لەخەو هەستام. زۆرم گەرما بوو، زۆرم برسی بوو. چوومە سەربان و ((دووربین))م هاویشت. لە شاخ و کێوەکانی دەوروبەری شارم گرت. زۆر بە وردی سەرنجی هەموو شیو و دۆڵ و بەندەنەکانم دا. دیار نەبوو... دیسانەکە چاوم گێڕا... چاوم گێڕا. ئاخری دۆزیمەوە، ڕاست خۆی بوو: کەڵە کێویەکی قەڵەو، لە نێوان دە پانزە تەختە بەرد و بڕێ گژوگیا و دەوەنی نێوان ڕەوەزێکدا. هەواکەی زۆر گەرم بوو، چما زۆر زوو، یانی هەر ئەو دەمە بەڕێ کەوتایەم، سەعاتێکی دیکە دەگەیشتمێ و تامن دەگەیشتمێ ئەو هەوا گەرم و داغە، کەڵە کێویەکەی دەبرژاند. دەیجا خۆ منیش بۆ ڕۆیشتن و ڕا کردن ئازام، بێتوو لە پێش مردار بوونەوەکەیدا بگەمێ، نیەتی چەقۆی لێ دێنم و سەری دەبڕم و دەست دەکەم بە خواردنی. بەخودای کەبابێکی پڕ بە دڵی خۆمە. وەك ئەو ڕۆژە.

لە دەقە و سەعاتی خۆیدا گەیشتوومەتێ. لە ئاخر هەناسەدا بوو، سەریم بڕی، ئاورم ساز کرد، با وەکوو خۆر برژاندوویەتی، دەست دەکەم بە خواردن. لەبەر ئەو سورە تاوە ئارەقەم لێ لێدەڕژێ و گۆشتی برژاو دەخۆم. جەرگ و دڵ و گورچیلە و نەرمە گۆشتی لاڕانێکیم خوارد، حاە چەندە خۆشە! ئەوەم لە بیر چوو، ئەوەی مابۆوە شاردمەوە بۆ ڕۆژێکی دیکە، یان بۆ ژەمێکی دیکە... حەە چەندە خۆشە! حاە هەوا چەندە گەرمە. لەسەربان چوومە خوارێ. ئارەقەم کردووە. بە کۆڵاندا دەڕۆم، زۆرم برسییە. توونیشم. کراسەکەم دادەکەنم و خۆمی پێ باوەشێن دەکەم. بە کۆڵاندا دەڕۆم و بەشکم لە جێگایەك خوڵکی نان و ئاوێك بکرێم. منداڵ بە فیتوو لێدان و هۆیت هۆیت وەشوێنم دەکەون. منیش جنێویان دەدەمێ. بەردم تێهەڵدەکەن، بەردیشیان تێهەڵدەکەم. پێم دەڵێن: هۆیت هۆیت شێتە، شێتە... پێیان دەڵێم: دایکتان... بابتان... خوشکتان... کێ شیتە؟ من هەموو ڕۆژێ کەباب و جەرگ و دڵ و گورچیلە دەخۆم! ئێوە چی دەخۆن؟ نانە وشکە... من شێتم یان ئێوە؟

***

چیرۆك

# ((بەردەوام دایك))

ن: عەلی ئەشرەف دەروێشیان
وەرگێران لە فارسیەوە: س. م

لێپرسەری داد نامیلکەیەکی پێ نیشان دام: "ئەمە ئێوە تایپتان کردووە؟"

لێبراوانە وتم: "نەخێر"

وێنەی مێرمنداڵێکیان هێنا بەر چاوم: "دەیناسی؟"

" نە."

وێنەی شۆعاعیان نیشان دام: " ئەمەت لە کوێ بینیوە؟"

" لە هیچ کوێ، نایناسم."

وێنەگەلێکی دیکەیان پیشاندام من وتم کە نایان ناسم.

بردمیانە ژورێکی دیکە کە دیوارەکانی بە کاشی سپی داپۆشرابوو. هەر ئەو لێکۆڵەرە رەشتاڵەکەی دوێنێ شەو لەپشت مێزەکە دانیشتبوو گوڵە خوێنەکان بە سەر کاشیەکەوە دەبینرا. عەزۆدی هات و مەچەکمی گرت و پێچی دا و یەکێك لە مەئمورەکان گوتی:"زوو ئەو کەل و پەلە کارەباییانە بێنە."

چەند گیرەی ئاسنی دەستگاکەیان پەیوەند دا بەلەشمەوە، بە ژێر گەرومەوە، بە پەرەی گوێمەوە، بە سەر برژانگەکانم و شوێنە هەستیارەکانی لەشم، کارەبایان لێم دا منیش راچەنیم. تەواوی لەشم گڕی گرت. وەکوو ئەوەی کە کەوتەبێتمە ناو ئاگرەوە. وەکوو کارەبا گرتووەکان تەزوو بە لەشدا دەهات، دەسوتام. دوبارە شۆکیان لێ دامەوە مەئمورەکان دەسورانەوە بە دەورمدا. قامچیان هێنا و لە کاتێکدا کە گیرەکانی کارەبا م بە لەشەوە بوو قامچیان لێ دەدام. دوایی بە میلەی دەلاقەکەوە هەڵیان واسیم. دەستمیان قفل دابوو بە میلەکانەوە. دوبارە ئاگر بە سەر و پێما هەڵچوو. بە خێرایی دەلەرزیم. هیچ شتێك لەو کاتەدا نەیدەتوانی لە قسە کردن رامگرێ مەگەر تەنها خۆشەویستی منداڵەکانم و عەشق بە هاورێکانم. عەشقی ئەوانەی کە خوێنیان پرژابوە سەر کاشیەکان. من کەوتوومەتە دەست دوژمن و بچووکترین وشەیەك دەتوانێت ئەوانە بکێشێتە ئەم ئەشکەنجەگایە.

"جەهانبەخش دناسی؟"

"نە"

خۆشحاڵ بووم کە جەهانبەخش هێشتا زیندوە.

"شوعاع دەناسی؟"

"نە"

لەدڵی خۆمدا شادبووم کە شوعاعیش هێشتا زیندووە.

لێکۆڵەر دەستە کلیدێکی لە بەرچاوم راگرت و گوتی:"ئەم کلیدانە کلیدی کوێن؟"

ئەمەم دەزانی کە دووشەو رۆژ لە دەستگیری من رابوردوە هاوریانم دەبوو ماڵەکانی خۆیان چۆڵ کردبێت. کلیدەکان بە پێش چاوی منەوە جوڵانێیان دەکرد. من کاتژمێر دووی دوانیوەرۆی دووڕۆژی لەوە پێش لە گەڵ کەبیر بریاری چاوپێکەوتنمان بوو و کەبیریش کاتژمێرحەوتی ئەو رۆژە لەگەڵ شوعاع کاتیان دانابوو. بۆی چووم کەبە دڵنیاییەوە کەبیروشوعاع یەکتریان بینیوەو ئاگاداری رەوتەکە بوون وماڵەکەیان چۆڵ کردووەو مەعمورەکان ئەم دەستەکلیدەیان لەو ماڵەدا بەدەست هێناوە.

قیژاندم:" جەلادەکان، کورەکەمتان کوشت، خۆشم بکوژن."

"پەلە مەکە تۆش دەکوژین، بەڵام دوای گوتنی تەواوی زانیاریەکان."

دواتر پرسی:" هەرچی زووتر شوێنی ماڵە تیمیەکەتان بڵێ؟"

"نالێم"

تەزو و شەیلاق دووبارە دەست پێکرایەوە. لە دەلاقەکە هێنامیانە خوار:" خەریتەی ماڵەکە لەسەر ئەم کاغەزە بکێشەوە. "

چۆن لە چۆڵکردنی ماڵەکە دڵنیا بووم، ناونیشانەکەم دانێ. لێکۆڵەر هەر زوو بەتلەفۆن ناونیشانی ماڵەکەی دایە مەعموورەکانی و گوتی کە بڕۆنە ئەو ناونیشانەو تەواوی کەل و پەلی ماڵەکە بپشکنن، بۆ دەرکەوتنی ئاسەواری دەست. دوایی هەڵگەڕایەوەو مشتێکی کوتایە نێو چاوانم:"تۆ تەواوی کارەکانت خراپ کردوە. ئێمە هەموو شوێنێکمان گەمارۆدابوو دەمانەویست ئەو کەسەی کە تۆی بردوتە ئەو ماڵە دەستگیر بکەین، بەڵام تۆ هەموو شتێکت تێکدا."

من خۆشحاڵ بووم کە کەبیر دەرباز بووە. دووبارە وێنەی شوعاعیان هێنایەوە. وێنەیەکی نوێی بوو.

"ئەمە دەناسی؟"

"بەڵێ دەیناسم."

" بۆچی پێشتر گوتت نایناسم؟"

"ئەو وێنەیە لاوێتی بوو نەمناسی."

" باشە ئەم شوعاعە، باڵای چەندە دەبێت؟"

"لەبیرم نیە."

"چ جۆرە جل و بەرگێك لە بەر دەکات؟"

" جلی سورمەیی."


دەمزانی کە شوعاع ئەو جلە سورمەییە کە ساڵیانێك لەبەری دەکرد، ئیدی لەبەری ناکات. ئێدی شیتاڵەوە بووبوو.

"قژی درێژە یان کولْ؟"

"درێژە"

لە دڵی خۆمدا گوتم لەوانەیە قژی کوڵەوە بکات.

مەئموورەکان لەو ماڵەی کە ناونیشامدا دابوو پیان، دەست بەتاڵ گەڕانەوە. زۆر زۆر تووڕە بوون. دووبارە بردمیانە ژووری ئەشکەنجە کردن. تەزو و شەیلاق دەستی پێکردەوە. دوای ماوەیەك ئەشکەنجە، دووبارە بردمیانە ژوورێکی دیکە. پیاوێك هاتەو ژوورەکەو قسەی لە گەڵ کردم: "خانم، من لەمانە نیم. ئەمانە جەللادن، لەوانەیە هەرساتێکی تر خوێنت بڕێژن. وەرەو قسەکانت ساف بە من بڵێ تاوەکوو دەرباز بی. زەردەیەکم گرت و گوتم:" بەڵی ئێوە بە ڕاستی لەوانە نین. لە ڕوخسارتاندا دیارە." بردمیانە ژوورێکی دیکە و بینیم ئیسماعیلیان هێناوە، لە بان تەختی ئەشکەنجە بەستبوویانەوە، بردمیانە بان سەری و گوتیان کە: "ئەمە دەناسی؟"



"نە"

سمایلیان لە تەختەکە هێنا خوارو کێشیان کرد و بردیان.

دوانیوەڕۆ لێکۆڵەرێکی نوێ لەگەڵ عەزودی دا هات، ناهیدی بوو. ئەشکەنجەگەری ناسراوی مەشهەد. لێم نزیکەوە بوو وتی:" ناوی هاوڕێکانت بڵێ!"

من ناوی چەند کەسێکم گوت کە پێشتر دەستگیر کرابوون. شەپڵاخەیەکی توندی کێشا بناگوێم و گوڕاندی: " ئەم سەڵیتە ناوی ئەوانە دەڵێت کە دەستگیر کراون، بیبەنە سەر."

بردمیانە ژووری سەروو، بۆ ئەشکەنجەخانەو دەستیان پێ کردەوە. دووبارە هێنامیانە خوار. چەند جار ئەم کارەیان دووبارە کردەوە تا هەوا تاریك بوو.

شەو، پیاوێك هات بەجامێکەوە کە فلچەیەکی پانی تێدا بوو، فلچەکەی کێشا نێو جامەکەدا و نایەسەر برینەکانم. ئاووخوێ بوو. لە ئێش و ئازاردا تاوم لێ بڕابوو، دەسووتام. لە کاتێکدا کە فلچەکەی دەکێشایە سەر برینەکەمدا، زۆر هێمن و بە خوێن ساردی دەیگوت: " قسەکانت بکە خانم، ئەگەر قسەکانت بکەیت سوێند بە ویژدانم هەر زوو دەتنێرمە نەخۆشخانە."

چاوێکم لە چاوە ڕیپۆقاویەکانی کرد و بێدەنگی خۆم ڕاگرت. عەزودی دەرگاکەی کردەوەو هاتە ژوورەکە.

شەپلاخەیەکی دایە لاملداو گوتی: " ئەم بێ شەرەفە لە بیر منداڵەکانیدا نیە. ئەم عیفریتەی بێغیرەتە کەس نازانێ ئێستا منداڵەکانی لە کوێن. وەکوو سێوێک بێ ریشەیە."

پیاوێکی قژ گەنم و جۆیی هاتە ژوورو گوتی: "خانم بڵێ منداڵەکانت لە کوێن. بە خودا دەیاننێرمە باشترین خوێندنگاکان."

بە دەنگێکی پڕلە رقەوە گوتم:"ئەو خوێندنگایانە بۆ خۆتان باشە."

پیاوەکە گوتی: "ئەگەر قسەکەی دووبارە ئەتبەینەوە سەر."

ئەمە هەرەشە بوو، دەمزانی. چۆن ئێدی شوێنێکی ساغ لە لەشما نەمابوو. کە دووبارە ئەشکەنجەم بدەن. ساتێك پێشترسرۆمەم لێ کرابۆوە. رۆژی پێشووتریش لە ژێرسرۆمدا بوورابوومەوە. بردمیانە سلوولێك. تەختێکی ئاسنی لێ بوو، کە بەستمیان بەو تەختەوە نیگابانەکان رۆیشتن.

تەنیا مامەوە. چاوم بڕیبووە بنمیچەکە.... خەریك بووم لە بیابانێکی بێ ئەمسەروئەوسەردا هەڵدەهاتم. کەڵەبابێك لە ژێر باڵم دا بوو، کەڵەبابێکی رەش. دەمبرد بۆ دۆعانووس، دۆعانووسێك کە چەند فەرسەنگ لە گوندەکەمانەوە دوور بوو. یازدە ساڵە بووم. براکەم، برابچووکەکەم نەخۆش کەوتبوو و گوتبووی کە دەبێت ئاوی دۆعای دەرخوارد بدەین. کەڵەباب لە دەستم دەرچوو، زۆرێکی بەدوادا هەڵهاتم تاکوو گرتمەوە. دۆعانووسەکە کەڵەبابەکەی لێ وەرگرتم و کاغەزێکی دامێ تا بیژەنینە ئاواو ئاوەکەی بدەینە براکەم..... دامیانە شوو بە پاسەبانێکی پیر. ئارەق خۆربوو، لە دەرگاوە کە دەهاتەوە لە مەستیدا دەکەوتە نێو حەوزەکەوە، دەمهێنا دەرەوە، دەمبردە ژوورەکە و جلەکانیم دەگۆری..... تەڵاقم لێی وەرگرت...شووم بە فەرمان کرد، هەمووشەوێ لێی دەدام. دەستەکانمی لە پشتەوە دەبەست. دەیویست بە چەقۆ سەرم ببڕیت..... منداڵەکانم..... منداڵە ئازیزەکانم، مەزدەك و مانی و ئێسفەندیار ئێستە لە کوێ بوون. لە ماڵەتیمیەکاندا چیان دەکرد....

رقێك گەروومی دەگوشی، نەمهێشت فرمێسکم بێتە خوار. لەوانە بوو، ئەشکەنجەچیەکان، بێنە نێو سلوولەکەوەو فرمێسکەکانم ببینن.

کاتژمێر دوازدەی شەوبوو کە کەسێك چاویلکە لەچاو هاتە نێو. بە تێپەڕبوونی کات هەستم دەکرد کات چەند بێت.

پیاوەکە چاویلکەیەکی تۆخی لە چاودا بوو. دانیشت و پرسیاری کرد: "ئێوە ئەندامی کام گرۆپن؟"

خۆڕاگرانە گوتم: "چریکەفیداییەکانی خەلق."

چاویلکە لە چاو پرسیاری کرد: "ئایدۆلۆژیاتان چیە؟"

"مارکسیسم_لنینیسم!"

"چەکاریکت دەکرد؟"

"ماڵداری"

"ئەوکەسانەی کە دەیانناسی ناویان بەرە؟"

کەسانێك کە دەمزانی گیراون یان شەهید بوون، ناویانم هێنا.

پرسیاری کرد: "کاتی گیرانت کێت لەگەڵ بوو؟"

"کەسم لەگەڵ نەبوو، تەنها بووم،" و ناوی کەبیرم نەگوت.

"کێ بردتانیە ئەوماڵە تیمیە؟"

"یەکێك لەو هاوڕیانەی تائەوکات نەمدیبوو."

"باڵای چەندبوو؟"

"مامناوەندی."

"تائێستا چ کتێب گەلێت خوێندوەتەوە؟"

"دەرفەتی خوێندنی کتێبم نەبووە، زۆرکەمم کتێب خوێندوەتەوە."

"یەك لەو کتێبانەی خوێندووتن ناوی بەرە؟"

"کتێبی دایکی ماکسیم گورکیم خوێندوە."

نەمدەزانی کە خوێندنی کتێبی دایك سێ ساڵ بەندی هەیە.

"منداڵەکانت لای کێ داناوە؟"

"ئەوان رۆژێك لە ماڵ چوونە دەر و ئاگاداریان نیم."

"کام ماڵ؟"

"هەر ئەو ماڵەی کە لە تاران بووم."

"منداڵەکانت لە گەڵ چ کەسانێك هاوڕێ بوون؟"

رووم وەرگێرا بە لای دیوارەکەدا و بە نارەزایەتیەوە گوتم: "ئاغا ئێدی ماندووبووم. دەزانی کە شوێنێکی

ساغیان لە لەشمدا نەهێشتوەتەوە. ناتوانم وڵام بدەمەوە."

لپپرسینەوەی ئەو شەوە لە لایەن ئەو پیاوەوە، تا بەیانی درێژەی کێشا، چاوانم نەدەکرانەوە. لێکۆڵەر دەسەکانمی کردەوەو چوو.

لە ناو سالۆنەکەدا خشەحشی زەنجیر دەهات، کەسێك پاکانی بە زەوی دا دەکێشرا و زنجیرەکانی دەنگی دەهات. لە ناو تاکەکەسیەکەوە دەنگی قیژەوهاوار دەهات. "هاوریانت بڵێ.... بڵێ لە کوێنەدای؟"

"نازانم.... بە هەڵە منتان گرتووە."

دەمزانی کە تا کاتێکی تر، ئەشکەنجە و لێپرسینەوەی من دەست پێدەکات. هەستام و دانیشتمە سەر تەختەکە. لەچکەکەم کردەوە و خستمە ملم، دوو سەری لەچکەکەم کێشاو وتم لەوانەیە بتوانم خۆم بخنکێنم. بەڵام نەکراو نەمتوانی. لە ڕاستیدا دەستەکانم ئەو هێزەیان نەبوو کە لەچکەکە بە توندی بکێشم. ویستم هەستمە سەر پێ لەسەر تەختەکەوە بەسەردا خۆم بە زەوی دا بدەم، بەڵام هێزی هەستانەوەم نەبوو. ماوەیەك بێ هێز داکەوتم. سەرم دابە دیوارەکەدا. سوودی نەبوو. لەچکەکەم گلمۆتە کردە ناو دەمم. بێ سود بوو. هێشتا زیندوو بووم.

لە هەوڵی لە بەین بردنی خۆمدا بووم کە درگاکە کراوەو پێنج شەش کەس ساواکی هاتنە نێو و دەستیان کردە زیلە و شەق ومشت وەشاندن لێم. دووبارە ئەو پیاوە ڕەنگ جۆگەنمییەکە هاتەوە و لەژێردەستی مەعموورەکان کێشامیە دەرەوە و گوتی: "خانم شوێنی منداڵەکانت بڵێ، چوونەتە کوێ؟ بە خودا دەیاننێرمە باشترین خوێندنگاکان. من دڵم بۆیان دەسووتێ."

گوتم: "ئاغە ئەگەر منداڵەکانم بڕوێشتنایەتە شوێنێك کە دەبا من بمزانیایە، باشە هەر لەوێ لای خۆم دەمانەوە. من سەد جاری دیکەش دەیڵێمەوە کە نازانم ئەوان چوونەتە کوێ"

عەزودی لە درگاوە هاتە ژوور و بە پێی ڕەواڵ زیلەیەکی پێمدا کێشاو پرسی: "ئەوبیرەی کە لە ژێر زەوێنیەکەدا کەندراوە بۆ چ کارێك بوو؟"

بە سەرسوڕمانەوە پرسیم: "کام بیر؟ ئیمە بیرێکمان لە ژێر زەوینیدا نەبوە!"

چەند شەپڵاخەی تری پێدا کێشام و گوتی: "بەڵی بیر! خۆت گێل مەکە سەڵیتە."

بە فەرمانی عەزودی کەل وپەلی کارەباییان هینا و هەرلەوێ لە ناو تاکەکەسیەکەدا هەڵیانواسی بە لەشمەوە. ئەم جارەیان کورێکی لاو شکەنجەی دەدام. گیرە ئاسنیەکانیان پێوەنددابوو بە برژانگمەوە و هاوکات لەگەڵ پەڕینی برژانگمدا، گیرەکانیش دەپەڕین و دەکرانەوە. لاوەکە بۆ ئەوەی گیرەکان نەکرێنەوە، پالتۆکەمی کێشا بە ملێ سەرمدا. نیوکاتژمێر گیرەکان بە برژانگ و لەشمەوە بوون.

بەرزیان کردمەوە و لە چوارچێوەی پەنجەرەکەوە شۆڕیان کردمەوە و بە قامچی دەیاندا لێم. گیرەکان بە لەشمەوە بوون. تەزوو دەدرام. بە شێلاقیش لێیان دەدام. سەرم بە هۆی وزەی کارەباوە تەکانی دەخوارد و دەنگێکی سەیرو سەمەرە لە مێشکمدا دەزرنگایەوە: "شوعاع لە کویە؟"

"نازانم."

عەزودی بە رقەوە گوتی: "ئەم شوعاعە لە پوویانیش مەترسی دارترە، دەمێکە بە دوویدا دەدەڕێین. لە هەڤدە ساڵیەوە چالاکی کردوە و تەنانەت جارێکێش دەستگیر نەکراوە. وێنەو فایلیمان هەیە."

سخورمەیەکی کوتا ژێر چناگەم: "قژی درێژە یان کورت؟"

"درێژ."

"کەی لە ماڵ دەچێتە دەر؟"

"بەیانیان زوو."

بۆ چەندین جار پرسیارەکانیان دووبارە کردەوە، بەڵام من سەرەڕای ئەو هەمووە دەنگە دەنگ و تێکوتان و لەتمەلێدانانەی کە لێمیان ئەدا، هۆشم لای خۆم بوو. ڕێم لێیان ون ئەکرد.

"جێگای منداڵەکانت بڵێ بەر لەوەی بەر ئاگری گوللەیان دەین."

"گوتم نازانم منداڵەکانم لە کوێن."

***

چیرۆك

# "حەدیقە کرێکاری ڕستنی گۆنی"

ن: پەروانە قاسمی
و: محەمەد حەمامیان

کە یەکەم فیکەی کارخانەکەمان دەبیست، دەمانزانی تاچەند خولەکێکی دیکە دێت. بە دووهەم فیکەی کارخانە، شەقام پڕدەبوو لە کرێکارانێك کەبە دووچەرخە، یان بە پیاسەکردن دەهاتن. فیکەی سێهەم دەگەیشتەوە ماڵ.

بۆ یەکەم جار بوو کە منی لەگەڵ خۆی دەبرد بۆ سەرکارەکەی. هەمیشە دەمهەویست کە کارەکەی ببینم. چووینە ناو کارخانە، دەیویست بە هەموان بڵێ کە: من بـرازای ئـەوم. زۆری هـەوڵ دا بـەڵام کـەس دەنگـی نەبیست. بەوردی تماشای هەموو جێگایەکەم دەکرد. دەزگا گـەلێکی ڕەش و گـەورە لـە جـم و جۆڵدا بـوون. لەسـەر هـەر دەزگایـەك کەسـێك وەسـتا بووکـە ئـەو دەزگایەی کۆنترۆڵ دەکرد. بە تەنیشت هەر کەسێکدا تێدەپەڕین دەیکوت، یان بە واتایەکی تر هاواری دەکرد کـە مـن کـێم! ئـەوانیش بـە دەنگێکـی بـەرز دەیـانکوت چی..؟

ئەوەنـدە دەنگـی ئامێرەکـان بـەرز بـوو کـە تەنانـەت لەلای یەکتریشەوە بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد. بەڵام دەنگـی یـەکتریان نەدەبیسـت. مـن بـە سەرسـامیەوە سەیری ئـەوانم دەکرد... یـان، بەرەبەیان دەڕۆیشـت و شـەو دەهاتـەوە و یـان شـەو دەڕۆیـی و ڕۆژی دواتـر دەهاتـەوە. نـازانم چـەند کاتـژمێر کـاری دەکـرد. هـەر ئەوەندە دەزانم کە تەنیا بۆ خەوتن دەهاتـەوە. هیچ کـات لەسەر خۆ و ئارام قسەی نەدەکرد.

هەمیشە بە هەرا و بە دەنگی بەرزەوە قسەی دەکرد و هاواری دەکرد و دایمە ماندوو بوو لـە هـەموو شتێك. ئەو ڕۆژە زانیم کە بۆ بەو جۆرە بوو...

هەندێك شـەو کـە خـەوم نـەدەهات دەنگـی گریـانیم دەهاتـە گـوێ. دڵـە ڕاوکێـی هـەبوو، دەیکـووت دەزگـا گەلێکی تازە هاتوون. دەڵێن زۆر کـەس دەردەکـەن. دایـم نیگەران بوو.

ئەگەر براکەی نەبوایە ژیانیان زۆر تاڵتر و ناخۆشتر لەوە دەبوو کە لە ئارادابوو. بەڵام براکەشی هێندێك جار شەوانە دەهاتەوە، شەوانە دەڕۆیی. لەمێژ بوو چووبووە تاران و بە شێوەی نهێنـی ژیـانی ڕادەبوارد... تادەهات ژیانیئەویش وەکوو کرێکارانی دیکە دژوارتر دەبوو.

جارێـك ویسـتیان خانـە نشـینی کـەن، بـەڵام تـوانی خاوەن کارخانەکە ڕازی بکا و لەسەر کارەکەی بەردەوام بێت، چون ئەگەر کاری نەکردبا ژیانی خراپتر لـە جـاران دەبوو...

کاتێك براکـەیان کوشـت، بێکـەس مایـەوە، هێنـدەی گریـان و شـیوەن کـرد و خـۆی ڕنـی تـا تـەواوی دەم و چـاوی خوێنـاوی بـوو. زۆری قسـەی نـاخۆش و جـوێن پێدام کاتێك کە دەستەکانیم گرتبوو هەتا بەلایەك بەسەر خۆی نەهێنێ. دەیکوت تۆ براکـەمت کوشـتوە و زۆرجـار لـەهۆش خۆ دەچوو... چیدی نەیدەویست من ببینـێ. کاتێك کە چاوی پێم دەکەوت تێك دەچوو.

بە باشـم زانـی کاتێـك کـە دێ هـەتاکوو کەسـەکانی دیکـەی ببینـێ، بۆ چـەند ڕۆژێك بچم بۆ شـوێنگەلێکی دیکـە. کـاتی خانەنشـین کردنـی، بەرپرسـی کاخانەکـە

وتبووی لە کاتێکەوە کە لە دایك بووی و هاتوویەتە دنیاوە کارتکردووە؟ چون لە یەکێك لە ماڵەکانی کارخانەکە ژیانی بەسەردەبرد. ئەو، هەروەها، ئەو کرێکارانەی کە خانەنشین کرابوون بە شێوەیەکی دڵتەزێن وەدەرنا...

چون کەسێکی نەبوو، چون شوێنێکی بۆ ڕۆیشتن نەبوو. پاسدارەکانی ج_1 تەواوی کەرەسەی ماڵەکەیان خستە سەر شەقام و نێو قوڕ و چڵپاوەوە و هەروەها بۆخۆیشیان وەدەرنا، دەیسانکوت وەکوو شێتەکان لەسەر شەقام داد و هاواری دانابوو...



بیست ساڵێك بەسەر مەرگی براکەیدا تێپەر ببوو. کاتێك بۆ پیرۆزبایی جێژن زەنگم بۆ ماڵێ لێدا، ئەویش لەوێ بوو و بۆ یەکەمجار دوای بیست ساڵ قسەی لەگەڵ کردم.

لێم بوورابوو. دیسان پرسە و ماتەمی بۆ براکەی گرتبوو، زۆرمان لەگەڵ یەکتر قسە نەکرد، زۆرتر پێکەوە گریاین، بەڵام ئەو جارەیان لە من بوورابوو.

زانیبووی کە جەللادانی شا براکەیان کوشتبوو و قبووڵی کردبوو کە منیش وەکوو براکەی لە پێناو ئامانجەکانماندا خەباتمان دەکرد و ئێستاش هەر بەدەوامین. زانیبووی کە لە ڕێگای شەڕ لەگەڵ ڕژێمگەلێکی وەك ڕژێمی دیکتاتۆری شا و ڕژێمی ج_1 دا، خۆشەویستانێکی زۆرمان لە دەست داوە و لە دەستی دەدەین و خەباتیش هەروا بەردەوام دەبێت و ناوەستیتەوە...

لەو کاتەی کە تەمەنی 7و8 ساڵان بوو، دەستی بە کارکردن لە کارخانە کرد. بەیانی تا شەوێ و شەو تا بەیانی. کەمتر پێدەکەنی، هەمیشە بە دەنگی بەرز قسەی دەکرد. هێندێك جار شەوانە لە تەنیاییدا دەگریا. کەمتر کەسێك لە بنەماڵەکەی زیندوو مابوون. کاتێ مرد شتێکی نەبوو، تەنیا سندوقێکی چکۆلە و هێندێك کەل و پەل کە بە یادگار هەڵێگرتبوون. شتگەلێکی کە لە کاتی ڕۆیشتنیان بۆ تاران مابوونەوە.

بە کەشتی لە دەریای خەزەر تێپەڕ بوون و هاتن بۆ ئێران، باوکیان خەڵکی باکۆ بوو و لەگەڵ ئەوان نەهاتبوو. دایکی بە چوار منداڵەکەیەوە لەگەڵ خوشك و براکانی بەرەو ئێران کۆچیان کرد...

دەورانێکی دژوار بوو. ژیان لە هەژاری و نەهامەتیدا تێپەڕ دەبوو. ئەو و براکەی هەر زۆر زۆر لە تەمەنی منداڵییەوە دەستیان بە کار لە کارخانە دا کرد.

حەدیقە کرێکارێکی کارخانەی ڕستنی گۆنی بوو و وەکوو کرێکارانی دیکە تەنیا ئاواتی گەیشتن بە دنیایەکی باشتر بوو.

سەرچاوە: ئینتێرنێت

***

شیعر

# بەرد....و....دوعا

قوبادی جەلی زادە

میر گوتی:
جوانترین بەرد ئەو گاشە بەردانەن،
کە لە فیچقەی خوێنی (دوعا)کاندا سوور دەبن!
میر گوتی:
پیرۆزترین بەرد ئەو بەردە ڕەشانەن،
کە لە کەللەسەری (دوعا)کاندا وورد و خاش دەبن!
میر گوتی:
سەنگینترین بەرد ئەو تاشەبەردانەن،
کە بۆ گۆڕی (دوعا)کان دەیانکەن بە کێڵ!

دوعا گوتی:
ئێوە بەرد لە تەیرەن ئەبابیلە دەخوازنەوە،
تا ڕەوە پۆڕی جوانیی پێ ڕەجم کەن!
بەرد لە مەرقەدی چاك و پیران قەرز دەکەن،
تا گلۆپی کۆلانەکانی عیشقی پێ بشکێنن!
ئێوە بەرد دەخەنە هەموو کانیلەیەك، کاتێ تیایدا مانگ ڕووت دەبێتەوە.
بەرد دەگرنە لق و پۆپی هەر دار توویەك، کاتێ دوگیان دەبێ بە شیرینی!
بەرد داوێنە نێڵە نێڵی هەر چرایەك، کاتێ شەلاڵ دەبێ لە بینین!

دار لاستیکەکانتان، هەمیشە پڕن لە بەرد
هەڵفڕین دەکوژن!
قۆچەقانیەکانتان، هەمیشە پڕن لە بەرد
هۆشیاری دەکوژن!
چنگتان، هەمیشە پڕن لە بەرد
پەپولە دەکوژن!

قەلاتی ئازادی دەرووخێنن و ... بەرد دەدزن!
باڵەخانەی یەکسانی کاول دەکەن و ... بەرد دەدزن!
تەلاری ماڤ مرۆڤ وێران دەکەن و ... بەرد دەدزن!

بە بەرد هێلانەی فیمینیستەکان، تێك و مەکان دەدەن!
بە بەرد باوەش و بووکە شووشە دەتۆقێنن!
بە بەرد شووشەی شەرەڤی دوعاکان دەشکێنن!

ئێوە...
بەرد دەکەن بە دەستتاپروو ... مەمکی دوعاکانی پێدەهاڕن!
بەرد دەکەن بە ئاون و ... دڵی دوعاکانی پێ دەکوتن!
بەرد دەکەن بە باگوردێن و ... چاوی دوعاکانی پێ دەگێڕن!


دوعا دەڵێ:
ئەو دەمە بەردتان خۆش دەوێ:
کە شارە ژەنگەسوورەیەکی پێ هار دەکەن
کە باڵی چۆلەکەیەکی پێ هەلاج دەکەن!
کە چاوی چرایەکی پێ دەرێژن.
کە گەردنی گوڵێکی پێ لار دەکەنەوە!

ئێوە پڕن لە کەڵەکە بەرد...
ئاتەشگەکان، پڕن لە بەرد...
کلێساکان، پڕن لە بەرد.
مزگەوتەکان، پڕن لە بەرد.
دیوەخانەکان، پڕن لە بەرد.
گیرفانەکانی میر، پڕن لە بەرد!
***

# 12ی بوومەلەرزە!

**پەخشانە شێعری شێرکۆ بێکەس**

ئەمڕۆ هەموو ژنە هەور و
هەموو کچە کۆتر و
هەموو کوڕە قولنگ و
هەموو شینە شاهۆ پیاوەکان و
هەموو پاساریە منداڵەکان
لە قەتارەیەکی درێژ درێژی ڕەنگاڵدا
باڵ لە باڵی یەکتر گرێئەدەن و
چون فرمێسکەکانی خودا ڕیز ئەبەستن و
ڕووئەکەنە ئاسمانی ژاڵیی خابوور و
لە وێشەوە: پۆل پۆل
نەغمە نەغمە
نۆتە نۆتە
ڕستە ڕستە
ڕووئەکەنە گەڕەك بە گەڕەك و
ئازار بە ئازار و
شەقام بە شەقام و
هاوار بە هاوار و
ماڵ بە ماڵی هەموو
کوردستانە گچکەکەی خۆمان!
ژنە هەورەکان سابلاخین و کۆڵوانەی
بارانیان گرتۆتەوە.
کچە کۆترەکان ئامەدەیین و گمەگمی شینی خۆیان
کردووە بە چرای ستران.
کوڕە قولنگەکان کەرکوکین و شێعرەکانی
"جگەر خوین"یان کردووە بە ئاگری نەورۆزی خۆیان.
پیاوە شینە شاهۆکان هەر یەکەو دوا وێنەی



بــە تروســکە تروســکی" خەزنــەوی"یــان داوە لــە سنگیان.
منداڵە پاسارییەکانیش هەریەکەو زامێکی بچکۆلەی
بە ورشە ورشی هەڵەبجەیان داوە لە قژی خۆیان.

ئەمڕۆ هەڵپەرکێی برینە
لە شایی ئازادیدا.
ئەمڕۆ یادی ئاگرە
لە کوانووەکانی جەستەدا.
ئەمڕۆ ڕۆژی هاتنەوەی
گوڵە بەڕۆژە قوربانیەکانە لە کێڵگەکانی مەرگەوە.
هەمویان دێنەوە
لە شێوەی حیلەی سپی ڕەوە قەسیدەدا.
دێنەوە، لە شێوەی
دارهەناری دەم بە پێکەنیندا، دێنەوە.
ئەچنەوە سەر شەقامەکان و
لە قەراغدا ئەبنە درەخت!
لەگەڵ گزنگدا دێنەوە
ئەگەنەوە حەوشەی ماڵەکانیان
دەست ئەکەنەوە ملی پەنجەرەکان
هەندێکیان بە قۆچی بەران و

شیعر

هەندێکیان ئەبن بە کەڵەشێر و کەروێشك و
هەندێکی تریان بە نەورەس و
ئەچنەوە ناو دەفتەری وێنەکێشانی مندالآن.

ئەمرۆ ژمارە"1"ی "12"
بازێك بەسەر"2"دا ئەدات و
ئەچێتە ئەو دیوە و رائەوێستێ و
ئەبێ بە "21" و
"9" رۆژ زووتر
لەم ئەیکا بە نەورۆز و
بە کرنەڤاڵی ئاگر.


دوانزەی مارس؟!
یان دوانزەی بوومەلەلرزە؟!
دوانزەی مارس؟!
یان دوانزەی برینەکانی ئێمە؟!
دوانزەی ژان، ئەو وەختەی ئەتەقێتەوە و
دوانزەکانی تازە لە بناری خەمەکاندا
لە دایك ئەبن!
دوانزە هاوار ئەو وەختەی ئەبن
بە رەشەبای شەقام و گۆرەپان و
کۆنە مێژوو، تازە مێژووی ئەمەویەکان،
سەرایەکان، قەمەکان و، خودەی
مەرگ و قوللەی کۆشکەکانی سوڵتان
ئەلەرزێنێ و ئەتۆقێنێ!

دوانزەی خوێن؟! یان دوانزەی "ئازار"؟!
دوانزە مەم
دوانزە "زین"
دزانزە "ئەحمەدی خانی"
دوانزە "قەدری جان"
سەرلە بەیانی ئەبنە میوانی "عفرین"ی شۆخ و شەنگ.
بەر لە نیوەرۆ سەر لە پێدەشتە برسیەکانی
قامشلوو ئەدەن و، دەمەو عەسر
بەسەر دیرەکدا ئەفرن و، بۆ ئێوارەیش

لە کەناری فوراتدا ئەبنە ڕیزە
پەیڤ و ڕیزە وشەی هەڵگیرساو

دوانزە شێعر
دوانزە چیرۆك
دوانزە شانۆ
دەستیان لە دەستی "لاوك" داو
قۆڵیان لە قۆڵی "حەیران" داو
ئەگەنە "سەرکانی" و لەسەر "عامودا"ش
خەڵکی لە جیاتی "مانگ"ێك
دوانزە مانگ ئەبینن!
ئەمرۆ بەرەو کوردستانە خنجیلانەکەم
لەبەر پەپوولە ڕێ بەر ڕێدار ناکەوێ.
لەبەر گوڵی پرتەقاڵ، سێو ڕێی نیە دەرچێ.
لەبەر سێو گێلاس ڕێی نیە دەرچێ
لەبەر گێلاس گوڵاڵە ڕێی نیە دەرچێ
لەبەر بارژنی کارژۆلە
کەس گوێی لە دەنگی پەلکە گیاکان نیە.
لەبەر جۆگەلەی بێوەژن.
لەبەر بووکە شووشە مندالّ.
لەبەر ئەگریجەی کیژان
لەبەر هەناسەی کوران
ڕێ بەر ڕێدار ناکەوێ!

ئەمرۆ لە قوتبی سەرەوە
لە زستانی هەمیشەییەوە
بستێك لە خوار خواوە
لە شڤارپای بەردەوام هەڵلەرزیوەوە
"جوندوبە حەدیدیەکانی" سەلیم بەرەکات
ئەگەڕێنەوە بۆ ماڵ
"جوندوبەکان" بە بەردەمی بازگەی
حەربەکانی مردن دا تێئەپەڕن.
بەڵام "فوقەهای ظەلام" نایانبینێ
ئەمجارەیان "بێکەس"
لە ڕۆمانەکە دێتە دەرەوە و
سوپاسێکی سەلیم ئەکات و لێی جیا ئەبێتەوە



لە گەڵا وەریوەکان دەمامکێ دروست ئەکات و
ئەڕوا جادە بە جادە ئەگەڕێ
یەکە بە یەکە هەموو برووسکە کوژراوەکان
ئەبینێ. ماچیان ئەکات. خۆی بە شان و
ملیاندا هەڵدەواسێ. لە ڕووناکیاندا
ئەتوێتەوە. لە دواییدا بە شێعرێکی
ئاوارەی "قوبروس"ی ئەڵێ:
بە سەلیم بڵێ
ئیتر "بێکەس" ناگەڕێتەوە بۆ لای
خۆی ڕۆمان ئەنووسێ!

دوانزەی ئازار
دوانزەی خۆر
دوانزەی پڵنگ
دوانزەی ڕووبار.
ئەمڕۆ رۆژی وەرچەرخانێکی گەورەی ئەشکەنجەیە
کاتێ ئەشکەنجە ئەبێ بە باران.
ڕۆژێکە لە قیژەی ژن
وەختێ قیژە ئەبێ بە دارستان.
مێژوویەك لە هەورە برووسکە
وەختێ هەورەبرووسکە ئەبێبە ڕاپەڕین و
ڕاپەڕین بە گوڵە باخ وگوڵە باخ بە خوێن و
خوێنیش بە داستان
لەو دوانزەیەوە تا ئەمڕۆ
گۆمەکان هەموو ڕۆژێ دوانزە جار
بە دەوری سەری شەهیدەکاندا ئەخولێنەوە.
لەو دوانزەیەوە هەتا ئەم ساتە وەختە
دایکانی ئێمە هەموو ڕۆژێ

شیعر

ئەبن بە سنەوبەری داگیرساو و
رێگا بۆ زارۆکی تازە پێگرتوو
رۆشن ئەکەنەوە.

لە ئێستادا ئەگەر خابوور
سوێندێکی گەورەبخوا ئەڵێت:
بە سەری دوانزەی مانگ.
ئەگەر شەقام بەڵێنێ بە شار بدات
ئەڵێت: بە خوێنەکانی دوانزەی مانگ درۆ ناکەم.
ئەگەر کچێکی عاشق بیەوێ
یارەکەی دڵنیا بکاتەوە بۆ جێ ژوان
ئەڵێت: بە چاوی دوانزەی مانگ دێم!
ئەگەر ئازادی بیەوێ
شانازی بە خۆیەوە بکات
بە دەنگی بەرز بە دنیا ئەڵێت:
من نەوەی وەکوو
دوانزەی مارسم هەیە!
هەر لەو دوانزەیەدا بوو
ناوە کرمانجیە زیندانیەکان
هەستانە سەرپیان و جلوبەرگی
ئەو ناوانەیان لە خۆ داماڵی
کە بە زۆر کرابووە بەریان.
"دیرەك" کراسەکەی "المالکیە"ی
داکەند و دایەوە دەست
"معجم العربی" و پێی وت
خۆت جەستەیەکی شیاوی تری بۆ بدۆزەرەوە.
"چل ئاغا" عەگاڵەکەی "جەودایە"ی
لە سەری کردەوەو
دایە دەست خێڵێکی لم و
پێـی وت: ئەمــە بکــەرە ســەری دار خورمایــەکت و
سوپاس.
"تربە سپی" پێڵاوەکانی "قەحتانیە"ی
داکەندو دایە دەست "قەحتان" و
پێی وت: ئەمە پێڵاوی من نیە و
قاچم ئەگرێ و
بیکەرەوە پێی خۆت و سوپاس.

"سەرکانی" کلاوەکەی "راس العین"ی
داگرت و دایەوە دەست  فورات و
پێی وت: ئەم کلاوەیان بە زۆر
کردۆتە سەرم و تکایە لەگەڵ
خۆتدا بیبەو لەو خوارەوە
بیکەرە سەری کانیەکی بێ کلاو!

لەو دوانزەیەوە
هەموو بەیانیی دوانزەی "مانگ"ێك
لە رەنگدانی شەبەقدا
"ماڵقا" رەنگەکەی خۆی ئەگرێتەوەو
بە فڵچەی پەلەهەورێکی قژ بژ
تابلۆیەکی تازە ئەکێشێ و
کە تەواویشیکرد یەکەم کەسێ
کە دێ بۆ سەیر کردنی
یەکەم قوربانی شەقامێکی
ئەو دوانزەیەیە.
منیش بۆ خۆم لەو دوانزەیەوە
ئێوارەی هەموو دەوانزەی مانگێك
کچە "مانگ"ێکی کوردستانە گچکەکەم
لە گۆیژەوە دائەبەزێ و
لە بناردا ئەبێ بە قەسیدەیەکی کەڵەگەت و
دوانزە پرچی نارنجیی بەرئەداتەوە
بە هەر پرچێکەوە
دوانزە چاوی شەهید ئەجریوێنێ و
لە دواییدا دەست ئەدەمە پەلی شێعرو
لەناو رۆحما دایئەنێم و
ئینجا ئەچمەوەبۆ ماڵێ!.

سلێمانی
2007/3


***

زۆر زۆر لە دوور، حەوام ئەدەی، فرم ئەدەی، جێم ئەهێڵی

# سەمفۆنیای سەما

حسین شێربەگی

خاسەکەوی کەژ و کۆسار، هەر لە چەشنی مەلی گوڵزار
خول ئەخۆی و خۆ بائەدەی، بەهات و چۆ، بە لەنجەو لار
دێی و ئەرۆی، سەمائەکەی، سەما ئەکەی، سەما ئەکەی...
تۆغا ئەتۆ، وێنەیەکی مینیاتۆڕی،
یاخو کەژاڵەکەی دوێنیٚ و ئەمرۆ و هەمیشەیی؟
کە هەروەکوو، ئاسکە سڵی چڕو چیا، دۆڵ و دەرە
بە چاوگێران، بەراکردن، بە ڕاوێستان
دل ئەفرێنی، قەرار ئەبەی، سەما ئەکەی، سەما ئەکەی...
لەبەر چام، هەوری لە کۆڵ، بازنە لە قۆڵ ڕائەبووری
شەدە بەسەر، پشتوێن کەمەر، ڕائەوێستی، چاو ئەگێری، چاو ئەگێری.
شێتو شەیدا، رۆژێك و دوان، یا خو سەدان و هەزاران
دێی و ئەرۆی، ئەڕوانمە سەمای........، سەمای پرچان،
سەما ئەکەی، سەما ئەکەی، سەما ئەکەی
ئەرۆمە ناو خەون و خولیا، تاسە و ئەوین، خەو خەیاڵ
دێی و ئەرۆی شەڕ ئەفرۆشی، ئێخەم ئەگری، ئەمبەی ئەرۆی



کەچی بۆ خۆت، نەرم و نیان، لار و لەنجە، پیٚ بە پەنجە،
سەما ئەکەی، سەما ئەکەی، سەما ئەکەی...
سەر خۆش و مەست، مەست و ئاشق، سەرنج ئەدەم، لێت ئەڕوانم
لێت ئەپرسم، ئاخۆ جامیٚ شەرابی تاڵ، ئاوا ئەکا، ئاوا ئەبیٚ؟
ناگیانە تۆ، کەژاڵەکەی، دوێنیٚ و ئەمرۆ و هەمیشەیی،
تۆ کیژەکەی کا فرۆشی، تابلۆیەکی مینیاتۆڕی

هەر بۆیە وا، بێ مانوو بوون، لار و لەنجە، لەسەر پەنجە
سەما ئەکەی، سەما ئەکەی، سەما ئەکەی
بەم رۆینەیە، بەم رەوتەوە، بەم سەمایە، قەرار ئەبەی
قیامەت ئەکەی، شەڕ ساز ئەکەی
ئێخەم ئەگری و ئەمبەیە ناو ئەو شەڕەوە،
تاکوو توشی شەرم ئەکەی
کەچی بۆخۆت، لێو بەخەندە سەما ئەکەی
سەما ئەکەی، سەما ئەکەی...
تاکوو منی، لە دەست دەرچووی، لە پێ کەووتووی، با بردەڵە
بە بێ تاوان، بێ دەسەڵات، زاماری کەی،
ئەویندار و دەردەدار و بێمارم کەی
بەڵام بۆ خۆت، دەم بە قاقا، بێ مانوو بوون،
سەما ئەکەی، سەما ئەکەی...
ڕاپێچت دام، تا کونێ دوور، هەتاکوو سەر، دوندی قەندیل
ئەمجار لەوێ، ئەمر ئەکەی، دەنگ هەڵبرم، بانگەواز کەم:
"ئاهۆ گەلۆ، (ئاسکە کچان، کەڵە کوڕان)*
لە خەو هەسن، خەون و خەیاڵ، ئیدی بەسن
چاو هەڵبڕن، تێرا مێنن، جوان ببینن،
باخی وڵات چەنێ ئێشکە، چەند تینووە"!
بەڵام بۆخۆت، خۆ بائەدەی، دێی و ئەرۆی،
سەما ئەکەی، سەما ئەکەی، سەما ئەکەی...
ئاخ........ شەقە هەستا، پیاڵە شکا، شەراب ڕژا
پیاوێ پیرو، پێڵاو دڕاو، لە بن دارێ، گەڵا وەرا و
لە ناو خولیای، خوا و خورما، خەو نووچکە بوو،
کردبوویەوە بە شەنگە سوار، بە شۆڕە لاو
هەر لێرەدا، لەم وەنەوز و خەو نۆچکەیە رائەپەرێ
ئەبێ بلێی، ئەمجارەکە، چی ئەبینی؟:
"تەنها گوڵی شادی و شینم، کەژاڵەکەی دونیاو دینم
سوێسنەو هەلاڵە و بەیبوونم، تاوێ وەرە لام بتبینم"

ئەوا بینیم، بەدەم بادی شەماڵەوە، بووژایەوە، گەشایەووە
ئەوا وەکوو مەلی گوڵزار، خاسە کەوی کەژ و کۆسار
دێت و ئەڕوا بە لەنجەو لار، ئەقاسپێنێ، هەزار هەزار، وەکوو هەزار
خول ئەخوات و خۆ با ئەدا، پێ بە پەنجە، لەسەر پەنجە
سەما ئەکا، سەما ئەکا، سەما ئەکا...
پیاوە پیر و پێڵاو دڕاو، لەبن داری گەڵا وەراو، دیسان بۆتەوە شۆڕە لاو
ئەوا بە دەنگی بەرزەوە، هۆرە و هۆنراوەی بۆ ئەچڕێ:
"ئاهۆ گەلۆ، ئاهۆ کەسان، شۆڕە لاوان، کیژ و کوڕان،
(ئاسکە کچان، کەلە کوڕان)*
لە ئەم خەوە ئیدی هەسن، لە ئەم خەوە ئیدی هەسن
بۆچ نابینن باخەکەمان، باخی وڵات، چەن تینووە
چاوەنواڕی مەهەمووە، گەڵای هەموو ئێشك بووە
ئاهۆ گەلۆ، باخی هیوا، باخی وڵات
ئێشك بوە، دڵ مردووە، ڕەنگ زەرد بووە
بەڵام ماوە نەمردووە، ئاواتە خوازی: بووژانەوە، شین بوونەوە، گەشانەوە
ئاواتە خوازی گەشانەوە، شەکانەوە
بە هاو دڵی و پێکەوە بوون، بە ئاو داشتن: پەروەردە بوون
ئاهۆ گەلۆ،ئاهۆ کەسان، دەخەو بەسن،
لە ئەم خەوە ئیدی هەسن، ئیددی هەسن."

1و2* (ئاسکە کچان و کەڵە کوڕان) ناوی چیرۆکێکی بەڕێز مامۆستا" شێرزاد حەسەن"ی چیرۆك نووسە
پێشکەشە بە: سەید کەریم هونەر پەژوو، عومەر مەجیدی، ڕەسووڵ عەبدوڵڵانژاد

***

لە مەزرا سەر سەوزەکانی چیا

# ژین

نیشتمان ئەسەدی

هەر جرینگەی پرسیارە و دێ لە مێشکمەوە
ورتە ورتە نامۆکان
وەك شارە مێروولە لە بیری ماندووی داوم
لە کوێ ون بووی؟
بۆ نازانم...
بۆ بچوکترین دەرفەت دەگەڕێم
بت بینمەوە
هەر زەنگی پشودانی کارخانەیەك
هەر ساعەتی چای کارگەیەك
هەر بێدەنگیەکی کورتی ماتۆڕەکانی کار
تەنانەت لە چرا سووری ترافیك دا
لە هەموو شوێنیت و هی من نیت
لە وچانی قەڵەمێك دا لەسەر کاغەز
سەد نیشانەی پرسیارم بۆ دەنەخشێ
رۆحی ماندم
لەگـەڵ وەنـەوزە درێـژەکانی وەرزی
هاوین
تێکەڵ دەبێ و
بەرە و وڵاتەنامۆکانم دەبا

لەبەر داوێنی ژنانی چای چنی
هەموو رۆژێ هەڵت دەرژێنە باوەشی
خاوەن پارە
لەسەر کوڵمە سووتاوەکانی منداڵێکی بۆیاخچی
کە بە دەستی بچوکی ماندووی
بریقە دەخاتە پێڵاوی خاوەن پارە
لە کانە تاریکەکانی بەرد دای
لە کورەخانە دایت و بەردی بناغەی
کۆشکی خاوەن پارەی

لەبەر تەونانەی ژنانی
ژێر زەمینە لەبیر کراوەکان
لە هەموو شوێنیت و هی من نیت
لە دەستە خوڵقێنەرەکانی من دایت و
هی من نیت
چونکا ئەمن هەموو ڕۆژێ
لە بازاری سەرمایەدا
دەتفرۆشم بۆ نانی سبەی.
***

چ ڕۆژگارێکە کە خۆشەویستی نووستووە و

# کە خۆشەویستی فێری فرین دەبێت

شیعر

هەژیر نیزا

چ ڕۆژگارێکە
لەگەڵ دڵۆپ، دڵۆپ
فرمێسکی چاوەکانم
پەوەست ئەبم.

بۆم دژوارە، بۆم دژوارە
گەر بە وێنەی تراژیدیای ئەم شێعرەوە
بچمە ناخی خەمێکی ترەوە

دەرگای شێعرم تەنیوە بە دار و بەردەوە
بۆم دژوارە
گەر باسی چیرۆکی ئەم عەشقە بکەم
چون شاری خەمەکانمی پێ تاساوە.

کاتێك هەواڵی کوت و پڕی
ڕۆژنامەیەك دەگاتە لێوی حەرفەکانم
خۆم سەرەخۆشی لە خۆم دەکەم.

لێرە جەستەی شاری خۆسەویستیان ڕووت کردەووە
لێرە لەسەر کورسی یاساوە
لەتە "بلۆك" و "ناموس" و شەڕەفیان داناوە

مەرگیش لە بێداری دەگەڕێ
چ ڕۆژگاریکە کە خۆشەویستی فێری فڕین ئەبێت

لە ئاسمان چەقۆ دەبارێ و
شەقامی بێقیژە سەر ئەبڕێ
تۆ لێرە نیت
هەتا چاو لە وێنەی ژیان کەی
کە چۆن لە ئاوێنەی حەوزی بەهار
سەوز، سەوز
پڕ لە نیگا بەجێماوەکانی تۆ
پڕ لە یادەوەریەکانی منداڵیت
تۆ لێرە نیت
هەتا چاو لە فرمێسکە قەتیس ماوەکانی
کچانی شارەکەی
ئەو کچانەی سات بە ساتی ژیانیان
خاڵیە لە ئەوێن
خاڵیـــــە لـــــە بـــــەهاری چـــــاوەکانی تـــــۆ

***

ولات بە ولات

# وەرزی گەڕان

ناسر حەقپەرەست
2007/2/10

ساڵەهای ساڵە
بە شوێنتا ئەگەڕێم
هەر لە کازیوەی
یەکەم بەرە بەیانی پێگرتنەوە،
بەرەو تۆ کەوتمە رێ.
هەر لە یەکەمین پانتۆمیمی ئاشنایەتیمانەوە
هەر لە ئەشکەوتە سارد و سڕەکانی
چاخی بەردینە
کە گوڵ و ئامێز
لە سەر تەوێڵی بەرد
پشکووت و شکڵی گرت
بە شوێنتا گەڕام و خۆشم ویستی
تۆ، بۆم بووی بە ئارەزوو
بۆم بووی بە ئامانج
بۆم بووی بە مەبەستی ژیان
*****
بە شوێنتا گەڕام
لە سەر بێشکەوە چاوم بۆ گێڕای
لە شیری مەمکەکانی
ژنێکی مێهرەباندا تامم کردی
من لە دەرگا داخراوەکان،
کۆڵانە بۆمبەستەکان و
شەقامی چرا سوورەکان
ناهومێد نەبووم
****
شار بە شار و



شوێنت کەوتم
بێ ئۆقرەیی لە ناخمدا سەوز ببوو
وە ئێستاکەش هەر سەوزە
هەمیشە ژیان
بەلامەوە پڕ بووە لە گومان
بەڵام قەت هێندەی
بێ تۆ من چیم ،
وە تۆ کێی و لە کوێ جێم هێشتووی ؟؟
نەبۆتە پرسیارێکی ئاوا گەورە و پڕ بە گەروو
تا ئاوا پەرتەوازەی بەرەهووتی تەنیایی

بەرەو یەکگرتنەوەم بکا .
شەوانە دەستم بە هەودای
شۆڕەوە بووی
ئەستێرەیەکی تاقی منداڵیم دەگرت و
رۆژانەش خۆم بە دەم
با چاو سەوزەکانی
هەرێمی هیوادا دەدا

شیعر

بە شوێن تۆدا
رووم کردە چۆڵەوانییەکان
مەزرا و کێوەکانت بۆ گەڕام
هەواڵی تۆم
لە مێلاقێکی چاوڕەش پرسی
زۆر بە ئارامی سەری دانەواند و
تکە ئاونگێکی رۆ کردە سەر لەپی دەستم،
تۆوێکی وردیش.
هەواڵی تۆم
لە مەلێکی گەڕیدەی کۆچەر پرسی
دەنوکی بە جانتاکەیدا کرد و
ئاوێنەیەکی دەرهێنا
لە درەختێکی شاعیرم پرسی
کە خەریك بوو یاسای وەرزەکانی دەنوسییەوە
خۆی کۆ کردەوە و
سێبەری خۆمم لە سەر خۆڵەکە دی
لە کانیاوێکم پرسی
وتی: لە سەرەخۆ بینم پێوەنیٚ و
تینویەتیت بشکێنە .
لە ناو لەرینەوەی ئاوەکەدا
خۆم دیت.
****
هەر لەو کاتەوە
کە پەنجەکانم خاکیان ناسی
تا هەنووکە وێڵی بیٚ تۆییم و
تا دواهەمین لەحزەی سەرگەردانیم
بە شوێنتا ئەگەڕێم
لە گاگۆڵکە، پیڕۆکە و پێگرتنەوە
تا کۆلان، شەقام، شار
دەشت، کێو و دەریا ...
هێندە گەڕاوم
هەموو دەنگێکم بیست
هەموو رەنگێکم بینی و
هەموو تامێکم چێشت
لەدەنگی تۆ گەڕام
لە رەنگی تۆ گەڕام
وە تامەزرۆی تۆ بووم
****
لە رێچکە پڕ بادەوەکانی
کێوە هەڵە مووتەکانی
سەر سنوورەکانەوە بگرە
تا ئوتوبانی بەرینی
ئۆتۆمبیلە تیژڕەوەکان
لە گوندێکی چەند ماڵییەوە بگرە
تا ئەو شارە زەبەلاحانەی
لایەکی هەرگیز خۆرەتاو نایگریٚ
لە کانییە بەردینەی بەر ماڵی خۆمانەوە
تا ئوقیانوسە مەند و قوڵ و
تینوێتی نەشکێنەکان
لە خەونە شیرینەکانی
کاتی مناڵیمەوە
تا ئەو خەونانەی
شەوی دواتریش
لە ترسانی خەوم حەرامە،
بە شوێنتا گەڕاوم.
****
وا هەست دەکەم
هەموو تەمەنی گەڕانم
سات بە ساتی
چیرۆکی نووسەرێك بوون
بەر لەوەی لە چاپیان دا
مردبوو...
ئەو رەنگانەم بینی
کە ناویانم نەدەزانی
ئەو پیتانەم خوێندەوە
ماموستا هیچکات لە سەر تەختە ڕەشەکە نەینوسین
ئەو پردانەم بینی
بۆ پەڕینەوەی ئاوەکان
بە سەر هەورەکاندا ڕایەڵ کرابوون،
نەکا خەڵك بیدزیٚ و
برژێتە کۆشکی دایناسۆرەکانەوە
****

لە یادمە ئێوارەیەکی
دڵتەنگی بەهاری
لە کەنار دەریایەکی تووڕە
ئەژنۆم لە باوەش گرتبوو
چاوم بڕیبوە خۆر...
لەوپەڕی ئاوەکان
لە ناو بازنەی زەردەپەڕی خۆرەتاو
دوو دۆلفین
دەمیان نابۆ دەم یەکترەوە
بە چەند پڕیشکە ئاوێك
لە پڕدا داچڵەکیم
وتم بۆوا دەکەی؟
ـ بزانم لەو دیوی کەنارەکانەوە نییە
وتم: لە کێ دەگەڕێی
ـ لە خۆم .
ئاسەواری گەڕانی دەریا
بە بەریندایی مێژوو
بە سەر جەستەی
بەردە بنکۆڵ کراوەکانەوە دیار بوو
چەند ساتێکی تر
ماسییەکی لاوم بینی
بە سواری شەپۆلێك هات و
بە هەڵبەز هەڵبەز
لە لمەکە گلا
پرسیم بۆ؟
ـ لە کازێوەی
بەرەبەیانی باڵ دەرکردنەوە
لە خۆم دەگەڕێم.
منیش ویستم
بە شوێن تۆدا
بەرەو ناخی دەریا
سواری شەپۆلەکان بم
کەچی ماسییەکە لەو پەڕی غەریبیدا
بێکەس بێکەس
جوانەمەرگ بوو
****


هەر لەو کاتەوە کە خزیم
تا ئەو کاتەی باڵم دەرکرد و
کۆترەکان فێری فڕینیان کردم
بە شوێنتا گەڕام
وەهەر دەشگەڕێم
هەر دەڵێی:
ڕەوەز و ڕەهەند و بۆشاییەکانی زەمان
تۆیان بۆ هەمیشە شاردۆتەوە
تۆیان بۆ هەمیشە کوشتوە
زایەڵەی دەنگتیان بۆ هەمیشە قوت داوە
دەڵێی بە کەنار دەریاکاندا
سەفەرت کردوە و
شەپۆلەکانی شەو
جێ پێیەکانتیان شۆردۆتەوە
بەڵام چۆنی دەسڕنەوە
جێ پەنجەکانت
بە سەر بەردەکانەوە
بە شوێنتا
بە وەرزەکانی ژیاندا گوزەرم کردوە
جێ پەنجەکانت لە بەهارا
هەورە تریشقە لێی دابوو
لە هاوینا هەتاو سووتاندبوونی
لە پاییزا با بردبوونی
لە زستانیشا
بە سووتوی بەفر پڕ ببوونەوە
بەڵام بەردەکان... بەردەکان....
چی لێدەکەن؟
****
دەست بەردار نیم
وە دیسانەوەش
بە شوێنتا ئەگەڕێم
ژانی بە تۆ گەیشتن
لە هەرێمی ماتەمباری جەستەما
چەکەرەی کردوە
دەبێ بتدۆزمەوە.
سەر بە چکۆلەترین پەنجەرەکاندا دەکەم

شیعر

بە بەرینایی گۆی زەوی
لە ژێر رووناکی خۆرەتاو و
لە ناو جەنگەڵە سەر سەوزەکانی
پڕ لە هەوای پاك و بێگەرد و
زایەڵەی دەنگی مەلە ئەویندارەکان،
لە ناو شێوەردەکانی
دووگیان بە تۆوی گەنم
بە شوێنتا ئەگەڕێم.
چونکە دڵنیام تۆ هەی
تۆ زیندووی
وە دەبێ بتدۆزمەوە
****
من رێگەی شەو بەڵەدم
لە تاریکترین چرکەی کاتژمێرەکانا
بە ناو دڵی شەودا پیاسە دەکەم
لە هەر کوێیەك بی
هەستت دەکەم
ئەتبینم
بۆنت ئەکەم
وە دەستت دەگرم
****
پەنجەکانم،
لە گەڵ دیوارەکانی زیندان ئاشنان
دەتوانم پێیاندا سەر کەوم
لەو بەرزاییەوە چاوت لێ بگێڕم
وە شەو هەرچی تاریکتر بێ
زریوەی تۆ
جوانتر لە چاو دەدا.
من نە لە شەو
نە لە تاریکی
نە لە دیوار، ناترسم.
... دەیانناسم.
لە تەنیایی دەترسم
چونکە دەبێ
بێدەنگ بژیم
بێدەنگ بمرم و
بێدەنگیش لە یاد بچمەوە
****
بەلام،.... نا
خەیاڵی خۆش و
خەونی جوانی بەیەك گەیشتنەوە
لە سەرم دا بۆتە بەری درەختی ئارەزووم
رۆژ بە رۆژ زیاتر لق و پۆپ دەر ئەکا و
سێبەری بەرینتر...
وە ریشەکانی قایم قایم
لە خاکی جەستەم رۆ ئەچن.
وەك وێنەی ناو ئاوێنە
وەك گومانێکی چاو کراوە
وەك دڵۆپە شەونمێکی ناو گوڵپەرەکان.
****
دڵنیا بە ئەوەندە بە شوێنتا ئەگەڕێم
تا ئەتدۆزمەوە
رەنگە ماندوو بم،
بەلام خۆ زیندووم
وە بۆنی هەناسەکانت ئەکەم.
کاتێك کە تۆم دۆزیەوە
چاوەکانمت پێ ئەبەخشم
پەنجەکانمت پێ ئەبەخشم
دەمارەکانمت پێ ئەبەخشم
هەناسەکانم لە گەرووی تووە هەڵ ئەمژم
دڵم کوون ئەکەم و
ئەیبەستمە پێڵاوەکانتەوە
تا ئیتر جێ پێیەکانت نەسڕدرێنەوە
... دەبمە هەڵم و دەرژێمە ئاسمانی جەستەتەوە.
****
هۆ یارە نادیارەکەم !
تا دێ بیری تۆ
زیاتر لە زاکیرەما سەوز ئەبێ
وە تا زیاتر بە شوێنتا ئەگەڕێم
زیاتر لە خۆمدا هەستت پێدەکەم .
بەلام ، ئایا ئەزانی
لە ناو ئەم تەمتومانەشدا

تۆ چەندە جوانی!؟

***



## نامەی هاورێ

لە دەروازەی سەرنجێکا
ئازارەکان زەماوەندیان کردبوو
لە ژوانگەی شاخی ئەشقا
بیرەوەری چەن ساڵێکیان
هەڵواسیبوو.....
بۆ خنکاندن.
پەژارەی کپی شەرماوی و،

ئازارێکی بێ ڕەحمانە
گەماروێ جەستەیان دابوو
بەڵکوو نەهەنگ.
نەهەنگە خۆشەویستەکە
لە قەفەزەی دەریای سنگی بهێنەدەر.

سلێمانی
مەحمود باوەڕێز

